https://doi.org/10.54809/jkss.vi6.271

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# پێشەنگەکانی بازرگانیی ناوخۆیی لە وڵاتی سۆمەر لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز و ئەرشیفە مێخییەکانیان

کاڵێ محمد حمد

Kale.hamad526@gmail.com

پ . ی.م ئاری کامل خلیل

Ari.Kamil@su.edu.krd

بەشی شوێنەوار/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەڵاحەددین/ هەولێر/ کوردستانی عێراق

## پوختە

وڵاتی سۆمەر لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز دا لە رووی سیاسییەوە ناسراوە بە سەردەمیی بنەماڵەی سێیەمی ئوور ( ٢١١٣-٢٠٠٤ پ.ز) ، کە بە یەکێك لە دیارتریین بنەماڵە فەرمانڕەواکانی شارستانیەتی سۆمەریی دائەنرێن، پادشاکانی ئەم بنەماڵەیە گرنگییەکی زۆریان بە بواری بازرگانیی ئەدا و بەردەوام کاریان ئەکرد بۆ زیاتر فراوانکردنی کار و پیشەی بازرگانیی بە هەردوو جۆرەکەیەوە( دەرەکیی و ناوخۆیی)، یەکێکی تر لە سیما سەرەکییەکانی ئابووریی ئەم سەردەمە دەرکەوتنی خاوەنکارە سەربەخۆکان بوو ئەوانەی کاری تایبەتیان بۆخۆیان ئەکرد و نازناوی بازرگانییان هەبوو، کە بەشێوەی پشتاوپشت لە باوانیانەوە بۆیان ماوەوە، کە بەشێك لە تۆمار و بەڵگەنامە مێخییەکانیان لەسەر شێوەی ئەرشیف لە دوای خۆیان بەجێهێشتووە و، کەوتنە بەردەستی توێژەران، لەم توێژینەوەیە دا باس لە کار و چالاکییە بازرگانییەکانی سێ لە دیارتریین بازرگانەکانی ئەو سەردەمە ئەکرێت کە پێشەنگیی ناو کۆمەڵەکەی خۆیان بوون و کار و چالاکییە بازرگانییەکانیان لە ئەرشیفە مێخییە تایبەتەکانیان تۆمارکردووە. بنەمای توێژینەوەکە بەندە بە ئەو ئەرشیفانەی کە لەلایەن چەند توێژەرێکی بواری زمانەکۆنەکان خوێندنەوە و شیکردنەوەیان بۆکراوە لە چەند ساڵیی رابردوو، ئەوەی گومانی تێدا نییە تۆمارە مێخییەکانی ئەو سەردەمە بە باشترین سەرچاوە دائەنرێن بۆ تێگەیشتن و شارەزابوون لە بوارە جیاوازەکانی شارستانییەت بە تایبەتییش لایەنی ئابووریی وڵات چونکە ٩٠٪ ئەو روونووسە مێخیانەی کە تا ئێستا دۆزراونەتەوە پەیوەستن بە لایەنی ئابووریی بە گشتیی و بازرگانیی بە تایبەتیی.

**کلییلە وشەکان: بازرگانیی، بازرگان، ئەرشیف،  قەرز، روونووسی مێخیی.**

Recieved: 24/4/2023
Accepted: 1/6/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

ئـەم توێژینەوەیـە بـاس لـە یەکێـك لـە لایەنـە گرنگەکانـی شارسـتانییەتی وڵاتـی دوو رووبـار ئـەکات کـە سـەرچاوەیەکی تۆکمـە و بەهێـزە بـۆ شـارەزابوون لـە بـواری ئابووریـی و کارگێـڕی ئابووریـی لـە کۆتاییەکانـی هــەزارەی سـێیەمی پ. ز دا ئەویـش بریتییـە لـە ئەرشـیفە مێخییەکانـی تایبـەت بـە پێشـەنگەکانی کار لـەو سـەردەمە دا کـە توێـژەران ناویـان لێنـاوە « ئەرشـیفە تایبەتـەکان»، چونکـە ئـەم ئەرشـیفانە تایبەتـن بـە کار و چالاکییـە بازرگانییەکانـی خاوەنـکارە سـەربەخۆکان ئەوانـەی خەریکـی کاری تایبـەت بـە خۆیـان بـوون و بـۆ هەژمـاری تاکـە کەسـی خۆیـان کاریـان ئەکـرد.

وڵاتـی سـۆمەر لـە ڕووی جوگرافیـەوە بەشـی باشـووری عێـراق ئەگرێتـەوە، نـاوی وڵاتـی سـۆمەر لـە نووسـینە مێخییەکانـی سـەرەتاکانی هـەزارەی سـێیەمی پ.ز بـە شـێوەی کی-ئێن-گـی Ki-en-gi هاتـووە، وە ئەکەدییـەکان بـە شـێوەی شـومێروم šumerum ئاماژەیـان بـە دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـە کـردووە، هەروەهـا وشـەی شـومێر šumer ئاماژەیـەك بـوو بـۆ ناوچـەی جوگرافیـی سۆمەرییەکان بـە زمانیـی ئەکەدیـی کـە لـە نووسـینە مێخییەکانـی سـەردەمیی سـەرجۆنیی دا بـە شـێوەی imki-šu-me-ri٢ تۆمـار کـراوە، دواتـر لـە کۆتاییەکانـی هـەزارەی سـێیەمی پ.ز دا دووبـارە نـاوی وڵاتـی سـۆمەر لـە نووسـینە مێخییەکانـدا دەرکـەوت کاتێـك پادشـا ئوتوحیـگال زاڵبـوو بەسـەر گوتییـەکان و وڵاتـی یەکخسـت لـە ژێـر سـایەی یـەك دەسـەڵاتدا و، نازنـاوی پادشـای وڵاتـی سـۆمەر و ئەکەدیـی لـە خـۆی نـا «Lugal ki- en-gi ki- uri»، هەروەهـا چەنـد دەسـتەواژەیەکی تریـش لای توێـژەران بـۆ ئاماژەکـردن بـە وڵاتـی عێـراق بەکاردێـت لەوانـەش میسـۆپۆتامیا، زەویـی نێـوان دوو رووبـار، وڵاتـی دوو رووبـار.

لـە رووی سیاسـییەوە وڵاتـی سـۆمەر لـە کۆتاییەکانـی هـەزارەی سـێیەمی پ.ز دا نـاسراوە بـە سـەردەمیی بنەماڵـەی سـێیەمی ئـوور ( ٢١١٣-٢٠٠٤ پ.ز) کـە لـەو ماوەیـەدا پێنـج پادشـا یـەك لـە دوای یـەك فەرمانڕەوایـی وڵاتـی سـۆمەرییان کـرد ئەوانیـش ( ئـوور- نەمـا، شـولگی، ئەمار-سـین، شـو- سـین، کۆتـا پادشـا ئەبـی- سـین ) بـوون، بـە لـە ناوچوونـی دەسـەڵاتی ئـەم بنەماڵەیـە کیانـی سیاسـیی سـۆمەرییەکان لـە مێـژووی وڵاتـی دوورووبـار دا بـە یەکجـاری کۆتایـی پـێ هـات. سـەردەمیی بنەماڵـەی سـێیەمی ئـوور بـە سـەردەمی گەشەسـەندن و بەرەوپێشـچوونی لایەنـە جیاوازەکانـی ژیـان دائەنرێـت لـە رووی سیاسـیی و کارگێڕیـی و کۆمەڵایەتیـی و بیناسـازیی و ئابوورییـەوە بـە جۆرێـك توێـژەران بـە سـەردەمیی «گەشەسـەندنی شارسـتانیەتیی سـۆمەریی» نـاوی دەبـەن لـە مێـژووی وڵاتـی دوورووبـار دا. پادشـاکانی ئـەم سـەردەمە گرنگییەکـی زۆریـان بـە کەرتـی ئابووریـی بـە گشـتیی و کەرتـی بازرگانیـی بـە هـەردوو جۆرەکەیـەوە ( ناوخۆیـی و دەرەکیـی) ئـەدا و بـەردەوام لـە هەوڵـی باشـترکردن و فراوانترکردنـی لایەنـی ئابووریـی وڵاتەکەیـان دا بـوون، وە شـێوازی کارگێـڕی سیاسـیی پادشـاکان کاریگەریـی هەبـوو لەسـەر چالاکییـە ئابوورییـە جیـاوازەکان لەوانـەش، کەرتـی کشـتوکاڵ و سـەرمایەی ئاژەڵیـی و بازرگانیـی دەرەکیـی و بازرگانیـی ناوخۆیـی، کـە هەندێکجـار هەڵمەتـی سـەربازییان بەرپـا ئەکـرد بۆسـەر هەرێـم و شـارەکانی دەوروبـەری خۆیـان بـە مەبەسـتی دەسـت بەسـەر دا گرتنـی سـەرچاوەی کەرسـتە خامـەکان و پاراسـتنی ئاسایشـی ڕێگاوبانـە بازرگانییـە دەرەکییـەکان، جگـە لـەوەش چەندیـن چاکسـازیی کارگێڕییـان هێنایـە نـاو سیسـتمی بەڕێوەبردنـی وڵات لەوانـەش دانانـی سیسـتمی بـاج و سـەرانەی نـوێ و یەکخسـتنی سیسـتمی کێشـانە و پێوانـەکان.

یەکێك لە سیما شارستانیەتە دیار و بە بەهاکانی ئەم سەردەمە بریتییە لە «روونوسە مێخییەکان» کە رێژەیەکی یەکجار زۆری لە شارە جیاوازەکانی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوور دا لێدۆزراوەتەوە، وەکوو شارەکانی گەرشانە و ئۆما و پوزرش - داگان (درێهم)، کە پشکی سەرەکی ئەم روونوسە مێخیانە بەر کەرتی ئابووریی و کارگێریی ئابووریی ئەکەوێت بە رێژەی ٪٩٠، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ دەست رۆیشتوویی و رادەی پێشکەوتنی ئابووریی ئەم سەردەمە، ئەم روونوسە مێخیانە لەسەر شێوەی ئەرشیفن و چەندیین ساڵە بوونەتە جێگای سەرنجی توێژەرانی بواری زمانە کۆنەکان و لەسەر شێوەی چەند کۆمەڵەیەك لە پێگە و مۆزەخانە جیاوازەکاندا لە نزیکەی ٤٠ وڵاتی جیاواز لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوکراونەتەوە و بەشێکیان خوێندنەوە و شیکردنەوەیان بۆ کراوە، بەڵام لەم کۆتاییانەدا جۆرێکی تری ئەرشیفەکان کەوتنە بەردەستی توێژەران کە ناسراوە بە «ئەرشیفە تایبەتەکان» کە رێژەیەکی کەمی ئەو دەقە ئابوورییە زۆرانەی سەردەمیی سێیەمی ئوور دەگرێتەوە، ئەرشیفە تایبەتەکان باس لە کار و چالاکییە ئابووریی و بازرگانییەکانی بازرگانە سەربەخۆکانی ئەو سەردەمە ئەکات ئەوانەی خاوەن کاری تایبەت بە خۆیان بوون و پێشەنگی کۆمەڵەکەی خۆیان بوون، گرنگیی ئەم ئەرشیفانە لەوەدایە تیشك ئەخاتە سەر لایەنێکی گرنگیی ئابووریی کە کەرتی تایبەتە و لەوەوپێش زانیاری دەربارەیان نەبوو بەڵام لە دوای خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقەکانی ئەم ئەرشیفانە زانیاری نەبیستراو کەوتە بەردەستی توێژەران دەربارەی شێوازەکانی بەڕێوەبردنی پیشەی بازرگانیی و بنەماڵە بازرگانەکان لە نێوان خۆیان دا. هەر لە رێگای ئەم ئەرشیفە تایبەتانەوە چەند کەسایەتیەکی دیاری بازرگانیی دەرکەوتن کە بەشێوەی پشتاوپشت نازناوی بازرگانییان بۆ مابوویەوە کە رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان هەبوو لەناو کۆمەڵگاکەی خۆیاندا و دەست رۆیشتوو بوون، هەرچەندە سەربەخۆیانە کاریان ئەکرد بەڵام پەیوەندیەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی دا هەبووە و لەلایەن دەسەڵاتەوە پلە و پۆستی ئابوورییان پێدرابوو، وە زۆرجار وەکوو نوێنەر و بریکاری حکومەت کاریان ئەکرد و ئەڵقەیەکی پەیوەندی بوون لە نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵات. لەم توێژینەوەیە دا باس لە کار و چالاکییە بازرگانییەکانی سێ کەسایەتیی دیاری کەرتی تایبەت ئەکەین کە ئەرشیفەکانیان لە لایەن چەند توێژەرێکی بواری زمانە کۆنەکانەوە لە ماوەی چەند ساڵێك دا خوێندنەوە و شیکردنەوەیان بۆ کراوە و بڵاو کراونەتەوە، توێژینەوەکە دابەش کراوە بەسەر دوو تەوەر دا لە تەوەری یەکەم باس لە بازرگان و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بازرگانیی ناوخۆیی ئەکەین لە وڵاتی سۆمەر، وە تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ ناساندنی ئەرشیف و پێشەنگەکانی کاری بازرگانیی ناوخۆیی لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز و ئەرشیفە مێخییەکانیان .

جێگای داخە ئەم ئەرشیفانە لەرێگای هەڵکۆڵینی شوێنەوارییەوە بە شێوەی زانستیی دەرنەهێنراون بەڵکوو لە لایەن دز و جەردەی شوێنەوارییەوە لە شوێنی رەسەنی خۆیان دەرهێنراون و بەش بەش کراون و لە بازاڕی رەشدا کڕین و فرۆشتنیان پێوە کراوە کە ئەمەش بووەتە هۆکاری شێواندنی سیما شوێنەوارییەکانی ئەم ئەرشیفانە و ئەسڵ و بنەڕەتی جوگرافییان نەزانراوە و تاکوو ئێستاش توێژەران بە شێوەی گریمانە باسی لێوە ئەکەن، بە هیوای ئەوەی لە داهاتوو دا روونوسیی تر بدۆزرێنەوە و زانیاریی زیاترمان دەست بکەوێت لەم بارەیەوە، وە چییتر شوێنەوارەکان رووبەڕووی شێواندن و دەستکاری کردن نەبنەوە لەلایەن کەسانی

ناشارەزا ئەوانەی لە هەوڵی پڕکردنی گیرفانی خۆیانن لەسەر حسابی شێواندنی شوێنەوارەکان.

## تەوەری یەکەم: بازرگان و مێژووی سەرهەڵدانی بازرگانیی ناوخۆیی لە وڵاتی سۆمەر:

بازرگان:

وشەی بازرگان لە زمانیی کوردیی دا بە واتای سەوداگەر یان ماڵفرۆش دێت(هەژار، ١٣٦٩، ل٤٢؛ موکریانی، ١٩٩٩، ل٥٥)، وە لە زمانیی سۆمەریی دا پێی ئەووترێت دام- گار dam-ga-ar یان dam-gar٣ بە مانای فرۆشیار یان هاوبەشێکی راسپێردراو دێت (Neumann, ١٩٩٩, ٤٤.p) کە هاوواتاکەی لە زمانیی ئەکەدیی دا بریتییە لە tamkarrum یان tamkaru (CAD,T ,٢٠٠٦,p.١٢٥)، بازرگان ئەو کەسەیە کە کار و چالاکییە ئابوورییەکانی پێك دێت لە ئاڵوگۆڕی کاڵایەك لەگەڵ کاڵایەکی تر، یان گۆڕینەوەی کاڵایەك بەرامبەر بڕێك لە پارە، نەك بۆ پێویستیەکانی ژیان بەڵکوو بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی قازانج کە ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕە تایبەتە بە بازرگانەکان (Fish, ١٩٣٨, ١٦٢.p)، کە ئەمەش لە بنەڕەتدا پیشەیەکی سۆمەریی بووە و دواتر ئەکەدییەکانیش پێیی ئاشنابوون هەربۆیە لە دوای شیکردنەوەی ووشەی تامکاروم لە رووی زمانەوانییەوە دەرکەوتووە کە وشەیەکی سۆمەرییە و چووەتە ناو زمانیی ئەکەدیی (اوسي، ٢٠١٨، ص٤٠٦). پیشەی سەرەکی دامگار لە سەردەمی سۆمەریی کۆن دا( ٢٩٠٠- ٢٣٥٠پ.ز) بریتیی بوو لە بازرگانیی کردن و کڕین و فرۆشتنی کاڵا و شتوومەك هەروەك لە دەقە مێخیەکانی ئەو سەردەمە دا وەکوو بازرگانیی گەڕۆك دەرکەوتووە، بۆ نموونە لە دەقە مێخیەکانی تایبەت بە پەرستگای باو(١) لە شاری لەگەش وە دەقەکانی شاری شروپاك(٢)، وە بەهیچ شێوەیەك وەکو قەرزدەر ناوی نەهاتووە (نوالة، ٢٠٠٧، ص٢٤٤)، لە دەقە سۆمەرییەکۆنەکان دا دەستەواژەی دامگار یاخود دامگارا بەردەوام دووبارە بووەتەوە بە تایبەت لەناو ژمارەیەك بەڵگەنامەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی سەردەمی هەردوو فەرمانڕەوا ( لوگالاندا و ئینیمکینا ( اوروکاجینا))(٣) لە شاری لەگەش، لەم ناوچەیەدا فەرمانڕەوا (ئێنسی) نوێنەرایەتی دەوڵەتیی ئەکرد و خەڵك بە گشتیی شوێنکەوتەی فەرمانەکانی ئێنسی( ensi٢ ) و خێزانەکەی بوون لە سەرجەم کارە پیشەسازییەکان و بازرگانییەکان هەربۆیە دامگارەکانیش لەژێر چاودێری فەرمانڕەواکان کاری بازرگانییان بەڕێوەئەبرد، هەرچەندە بە شێوەیەکی روون ئاماژە بە پارە و سەرمایەی تایبەتیی دامگارەکانی ئەو سەردەمە نەدراوە بەڵام بەردەوام باسی ڕۆڵ و پێگەی دامگارەکان کراوە لە بواری بازرگانیی دەرەکیی سەرەڕای پیشەی دامگارا لە بواری بازرگانیی ناوخۆیی بە هەمان شێوە کاری خۆیان بوو بە تایبەتیش لە بواری فرۆشتنی ماسیی کە لە لایەن ماسیگرەکانەوە دەهێنرا بۆ ئێنسی و ئەوانیش ئەیانفرۆشتنەوە بە دامگارەکان تاکوو ساغی بکەنەوە لە بازاڕ دا و بەشێوەی تاك ئەیانفرۆشتەوە بە بەکاربەرەکان (Leemans, ١٩٥٠, ٤٠.p-٤١).

لە بڕگەکانی دوای ئەم بەشە هەوڵ ئەدەین وێنەیەکی روون دروست بکەین لەسەر سەرمایەی کۆمەڵی بازرگان کە خەریکی کاری تایبەت بەخۆیان بوون لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز دا.

١
٢

٣

بەڵام دوا بەدوای دەرکەوتنی بازرگانیی تاکەکەسی ( لە چوارچێوەیەکی تەسك) دا لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز وە بە تایبەتیش لە سەردەمی سێیەمی ئوور دا وشەی دامگار ئاماژەیەك بوو بۆ ئەو کەسەی کە کار و چالاکییەکانی بۆ خزمەتی هاونیشتمانییەکانی خۆی بوو لە ناو زەویی خۆی دا ( لە شاری خۆی دا)، کاری سەرەکیان بریتیی بوو لە کڕینەوەی کاڵا هاوردەکراوەکان و گەیاندن و دابەشکردنیان بەسەر کاربەدەست و بریکارە جیاوازەکانی حکومەت و پەرستگا لە ڕێگای فەرمانبەرانی گواستنەوە کە ئەوانیش یان سەربەخۆیانە کاریان ئەکرد یان بازرگان بوون، هەربۆیە دەستەواژەی دامگار لەم سەردەمەدا جیاوازە لە رووی ماناوە لەگەڵ سەردەمەکانی پێشووتر چونکە دامگارەکان گەشتیاری بەردەوام بوون بەڵام لەناو سنووری وڵاتەکەی خۆیاندا وە لە مامەڵەکانیاندا زیاتر وا دەرئەکەون کە ڕۆڵی ناوەندگیریان بینیوە لە ئابووریی دەوڵەتی سێیەمی ئوور دا زیاتر لەوەی بازرگانیی گەڕۆك بن بۆ ناوچەکانی دەرەوەی وڵاتەکەیان(Forde, ١٩٦٤, ١٤٨.p). لە پاڵ کاری بازرگانیی و کڕین و فرۆشتن یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی دامگار بریتی بووە لە قەرزدان وە لە دەقەکان دا وەکوو قەرزدەر ناوی هاتووە، لەمەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە دەستەواژەی دامگار ئاماژەئەدات بە چەند چەمکێکی جیاواز، لەوانەش بازرگانیی گەڕۆك، قەرزدەر یاخود بانکەوانی پیشەگەر یان ئەو کەسەی کە پارە یان دانەوێڵە بە قەرز ئەدات (Leemans, ١٩٥٠, pp ١٩-٢٠)، جگە لەمانەش بازرگان هەندێك ئەرکی تریشی جێبەجێ ئەکرد بۆ نموونە بریکاری دەوڵەت بووە یاخود فەرمانبەرێکی کۆشك بوو لە کەرتی بازرگانیی کاریکردووە بە تایبەتییش لە بواری بازرگانیی دەرەکیی(Leemans, ١٩٥٠, p٦)، لە دەقەکانی شاری نیپور)٤(و شاری ئوور(٥) ئاماژە بە هەندێك بازرگان دراوە کە لەهەمان کات دا قەرزدەریش بوون لەوانەش ئادا-کالا (Adda- Ka lla) و ئوور-سین (Ur -dsin) کە لە بواری قەرزی زیو کاریان کردووە و لە هەمان کات دا بازرگانییش بوون بەڵام مەرج نەبوو قەرزدەر هەموو کات بازرگان بێت بۆ نموونە کەسێك بە ناوی لوگالازیدا (lugalazida) لە دەقێکی شاری نوفەر(نیپور) ناوی هاتووە وەکو قەرزدەری زیو بەڵام بازرگان نەبوو(Leemans, ١٩٥٠, ٤٦.p). لە سەردەمیی سێیەمی ئوور دا چالاکییە ئابوورییەکانی بازرگانەکان بە دوو ئاست بوو، یەکیان لە پێناو دەوڵەت و پەرستگا بوو کە لێرە دا ڕۆڵی بازرگانەکان وەکوو بەرپرسێك دەرئەکەوێت کە بەشێك بوون لە کۆمەڵەیەك وەکوو ڕێکخراوێك کاریان ئەکرد و، دووەمیان لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتیی و تاکەکەسیی خۆی بوو(Forde, ١٩٦٤, ١٤٨.p) ، جگە لەو پێگە ئابوورییە گرنگەی کە بازرگان هەیبوو لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە لە چینە بەرزەکانی کۆمەڵگە بوون وە هەندێك تایبەتمەندییان پێ درابوو کە کەسانی کەرتی سەربازی ناو کۆشکیش نەیانبوو لەوانەش، پێدانی پارچە زەویی لەو زەویانەی کە تایبەت بوون بە پاشاو چینی دەسەڵاتدارەکان وە مافی خاوەندارێتیی و کڕین و فرۆشتنی ئەو زەوییانەیان هەبوو، لە کاتێك دا ئەندامانی ناو سوپا بۆیان نەبوو ببن بە خاوەن زەویی پاشایی یاخود کڕین و فرۆشتنی پێوە بکەن(سلیمان، ١٩٩٣، ص ٢٤٧) . بازرگانەکان کەسانی دەوڵەمەند بوون کە چەند جۆرێکی جیاواز باجیان بە دەوڵەت و پەرستگا ئەدا، هەمیشە لە هەوڵی بەرەوپێش بردنی ڕێکخراوە تایبەتەکان بوون و دەستیان گرتبوو بەسەر بازاڕی تاك فرۆشەکان هەرچەندە بەکەمی ئاماژە بەم کار و چالاکییانەی بازرگانەکان دراوە لە ئەرشیفە مێخییە تایبەتەکان دا کە ژمارەیان زۆر کەمترە بە بەراورد بە ئەرشیفە گشتییەکان یاخود فەرمیەکان یان ئەرشیفە دامەزراوەییەکان کە تایبەتن بە دەوڵەت و پەرستگا(Forde, ١٩٦٤, ١٤٨.p). کاروبارە

بازرگانییەکان لەژێر دەسەڵاتی کۆشك و پەرستگا دا مانەوە تاکوو سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوور بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا چەند دانەیەك لە چالاکییە بازرگانییە تاکەکەسیەکان یاخود تایبەتەکان دەرکەوتوون لە سەدەی بیست و چواری پ.ز بە تایبەتیش لە بواری بازرگانیی ناوخۆییدا، بەڵگەش بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم ڕاستیە دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو گرێبەستانە یە کە سەرجەم مامەڵەکانی کڕین و فرۆشتن و بەکرێدان و قەرزیان تێدا تۆمارکراوە کە لە نێوان تاکەکان روویداوە لە ژێر چاودێری دامگار کە نوێنەری سەرەکی کۆشك بووە هەروەها بریکاری بازرگانیی بوو لەو سەردەمە دا(الهاشمي،١٩٨٥ ، ص٢٢٧-٢٢٨.؛ Neumann, ١٩٩٩ , p.٤٤). ئەم کارە تایبەتانەی بازرگانەکان کە بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان ئەیانکرد بەسەرچاوەی هێنانی داهات و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان دائەنرا بۆیان، وە لە رێگای ئەم کارانەوە توانییان ببنە خاوەنی زەویی و زار و توانای قەرز پێدانیان هەبێت و کڕین و فرۆشتن بە کۆیلەوە بکەن(Forde, ١٩٦٤, pp.١٤٨-١٤٩). یەکێکی تر لە پۆستەکانی بازرگان بریتی بوو لە سەرپەرشتیاری بازرگانەکان (ugula dam-gar٣ ) کە لە لایەن دەسەڵاتەوە پێی ئەدرا(Mieroop, ١٩٨٦, p.١٣)، کاری سەرپەرشتیار بریتی بوو لە چاودێری کردنی بازرگانەکان و رێکخستنی کاروباری ژمێریاری بازرگانەکان و راپەڕاندنی سەرجەم کارە بازرگانییەکانی تایبەت بە دەسەڵات، ئەمەش پۆستێکی گرنگ بووە و تەنها ئەدرا بەو بازرگانانەی کە خاوەن ئەزموونی کار بوون و لێهاتوو بوون لەم بوارە دا(Garfinkle, ٢٠٠٢, p.٣٠)، لەگەڵ ئەوەی دەستەبەرکردنی سەرجەم رێکارەکانی بازرگانیی هەر لە دابین کردنی سەرمایە و پاراستنی ڕێگاوبانە بازرگانییەکان و کاڵا و شتومەکەکان ئەرکی دەسەڵات بوو، وە پیشەی بازرگانیی پێویستی بە لێهاتوویی و ئەزموونی کار هەبوو هەربۆیە هەبوونی ئەم پۆستە و دانانی چەند بازرگانێکی خاوەن ئەزموون وەکوو نوێنەری حکوومەت( بریکاری حکوومەت) وای کرد کە ئەو بازرگانەی ئەم ئەرکەی پێئەسپێردرێ پێگەیەکی گرنگیی هەبێ لەناو کۆمەڵگا و لەناو بازرگانەکانی تر دا(الهاشمي، ١٩٨٥، ص ٢٣٠)، وە لەم ساڵانەی دواییدا دوا بە دوای دۆزینەوەی چەندین دەقی ئابووریی گرنگ و خوێندنەوە و شیکرنەوەیان ناوی هەندێك بازرگان دەرکەوتن کە وەکوو سەرپەرشتیاری بازرگان یاخود چاودێری بازرگان کاریان کردووە و کۆمەڵێك ئەرشیفیان لە دوای خۆیان بەجێ هێشتووە لەوانەش، تورام_ ئیلی turam- ili بازرگان بوو کە بۆ یەکەمین جار دەقەکانی ئەرشیفەکەی لە لایەن توێژەر ڤان دی میرووپ لە توێژینەوەیەك دا بڵاوکرایەوە(Mieroop, ١٩٨٦,pp.١-٨٠ ؛ الجنابي، ٢٠١٤، ص١١٧).

جێی سەرنجە کەوا ئاماژە بەوە بدەین پیشەی بازرگان تەنها پەیوەست نەبووە بە پیاوان بەڵکوو ئافرەتانیش رۆڵیان هەبووە لەم بوارە دا، لەرێگای ئەو زانیاریانەی لە دەقە مێخییەکانەوە دەست کەوتوون زۆر بە روونیی ئاماژە بە رۆڵ و کاریگەری ئافرەتان کراوە لە بواری ئابووریی بە گشتیی بە درێژایی مێژووی وڵاتی دوو رووبار.

بەم دواییانە لە دوای دۆزینەوەی ئەرشیفەکانی گەرشانەGaršana و ئیری ساگریگ Iri – sagrig چەند زانیاریەکی نوێ کەوتنە بەردەست دەربارەی هەندێك لەو پیشانەی کە تاکوو ئەو کاتە تایبەت کرابوو بە پیاوان وە لەو دەقانە دا باس لە رۆڵ و کاریگەریی ئافرەتان کراوە لە رووی ئابوورییەوە لە ناو کۆمەڵگای بنەماڵەی سێیەمی ئوور، بۆ نموونە: کاهینی پاککردنەوە(munus- gudu٤) ، نووسەر(munus-dub-sar)، چێشتلێنەر(munus-mu□aldim)، پاسەوان(i-du٨-geme٢) وە چەندین پیشەی تر، وە لە ئەرشیفە مێخییەکانی سەردەمیی سێیەمی ئوور دا هەزارەها دەقی نووسراو هەن کە باس لەو پیشە و کارو چالاکییە

ئابوورییانە ئەکەن کە ئافرەتان لەو سەردەمە دا پێوەی خەریك بوون شان بە شانی پیاوان وە لە هەندێك لەو دەقانە باس لەوە ئەکەن کە ئافرەتان مافی خاوەندارێتییان هەبووە جا چ لە باوانیانەوە بێت یاخود لە هاوسەرەکانیانەوە وەکوو دیاری هاوسەرگیری بۆیان مابێتەوە) (Lafont,٢٠١٢, p.١-٦. هەروەها هەندێك دەقی تر هەن کە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن لە خۆ ئەگرێت و کەسی فرۆشیار ئافرەتە کە لەو دەقانە دا ئافرەتەکان یان بە تەنها یان لەگەڵ هاوسەرەکانیان وە یان کوڕەکانیان مامەڵەی فرۆشتنەکە جێ بەجێ ئەکەن(Steinkeller, ١٩٨٩, p.١٢١) جگە لە و دەقانەی هەر لەو سەردەمە دا باس لە بەشداری کردنی ئافرەتان ئەکەن لە قەرزپێدان و قەرز وەرگرتن و کڕین و فرۆشتنی مەڕومالات و کۆیلە و کێڵگە و خانوو و زیو بە هەمان شێوەی پیاوان (Lafont, ٢٠١٢, pp.٨-٩.)

ئەوەی گومانی تێدا نییە کە ئابووریی سۆمەرییی لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەم دا بە شێوەیەکی سەرەکی لە چوارچێوەی کۆشك و پەرستگا دا چڕبووبووەوە، وە بە ئابوورییەکی دامەزراوەیی ( فەرمی) ناسراوە هەربۆیە پشکی گەورەی قازانج و دەست کەوتەکانی بازرگانیی و زەویی زارە کشتوکاڵیەکان بەر چیینی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکان و بنەماڵە پادشاییەکان ئەکەوت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا هەمیشە چالاکییە بازرگانییە تاکەکەسیەکان و تایبەتەکان بوونیان هەبوو و، دەسەڵات خۆی ڕێگەی بەم بازرگانە تایبەتانە دابوو تاکو کار بۆخۆیان بکەن و سەروەت و سامان بۆخۆیان کۆبکەنەوە و، کارگێڕیی ناوەندیی دەوڵەتی سێیەمی ئوور پشتی بەستبوو بە پێشەنگەکانی کار لەو سەردەمە دا ئەوانەی کاری تایبەت بە خۆیان هەبوو وە خاوەن زەویی و زار و دەست مایەی خۆیان بوون(Neumann,١٩٩٩, p.٤٥; Garfinkle, ٢٠١٢, pp.١٣٧-١٣٨.).

## ٢ مێژووی سەرهەڵدانی بازرگانیی ناوخۆیی لە وڵاتی سۆمەر تاکوو کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز :

سەرەتای سەرهەڵدانی بازرگانیی ناوخۆیی لە سەردەمەکانی پێش مێژوو:

سەرەتای سەرهەڵدانی بازرگانیی ناوخۆیی لەو جموجۆڵ و چالاکیانەوە دەستی پێکرد کە لە نێوان تاکەکانی هەمان گوند یان گوندێك لەگەڵ گوندێکی نزیك خۆی یان دەوروبەری خۆی لەناو چوارچێوەی هەمان ناوچە کە پێویستی بە بڕینی ماوەی دوور نەبوو، ئەمەش بە مەبەستی دابین کردنی پێویستیەکانی گوندەکەیان بە تایبەتییش ئەو بابەتانەی لە بواری کشتوکاڵ کردن بەکاریان ئەهێنا(النجم، ٢٠٠٦، ص١٠٤). لە سەرەتا دا بۆ دەستەبەرکردنی پێویستیەکانی بەکاربەرەکان بوو لەسەر ئاستی ناوخۆیی، ئەم کەرستانە زۆر پێویست بوون لە هەمان کات دا بەکاربەرەکان نەیانئەتوانی بەرهەمی بێنن یاخود لە لایەن دەسەڵات و پەرستگا وە بۆیان دابین نەئەکرا(Al-Mutawallil, ٢٠١٧,pp.٩١-٩٢)). بازرگانیی ناوخۆیی بە یەکەمین چالاکیی بازرگانیی دائەنرێت کە سۆمەرییەکان پێی ئاشنا بوون، ئەمەش لە دوای زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان و زۆربوونی ژمارەی گوند و نشینگەکانەوە ڕوویدا، لە سەرەتا دا بە شێوەیەکی سادە دەستی پێکرد کە بنەماکەی گۆڕینەوەی بەرووبوومە کشتوکاڵیە زیادەکان لە خۆیان بوو بەرامبەر بەو کاڵایانەی کە پێویستیان بوو لە بواری کشتوکاڵ کردن یان کەلووپەل و پێویستەکانی ناوماڵ، هەربۆیە ئابوورییەکی نوێ سەری هەڵدا کە بنەماکەی بریتیی

بوو لە پسپۆڕی کار و ئاڵوگۆڕی ناوخۆیی کاڵاکان، بۆ نموونە کاتێك کە جووتیار پێویستی بە گاسن ئەبوو بەروبوومە زیادەکەی خۆی ئەبرد تا بیگۆڕێتەوە لەگەڵ خاوەن پیشەکە یان کاتێك پێویستی بە کەل و پەلی گڵێنەیی ئەبوو ئەچوو بۆ لای گڵێنەساز(السعداوي، ٢٠١٣ص١٣٤؛ Hay, ٢٠١٤ , ١٥.p.)، هەروەها پسپۆڕی لەکار یەکێك بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەشەسەندن و چالاك بوونی بازرگانیی ناوخۆیی لە وڵاتی دوو رووبار بە جۆرێك ئەم پسپۆڕییە سنووری تاکەکانی تێپەڕاند وای لێ هات هەر گوندێك و هەر شارێك بەناوبانگ بێت بە بەرهەمهێنان و دروست کردنی کاڵایەکی دیاریکراو ئەمەش وایکرد ئاڵوگۆڕی کاڵاکان لەنێوان شارە ناوخۆییەکان زیاتر گەشە بسێنێت و بازرگانیی ناوخۆیی فراوانتر بێت(الهاشمي، ١٩٨٥، ص٢١٥).

لە وڵاتی دوو رووبار دا کاریگەریەکانی ژینگە رۆڵی تەواویان گێرا لەدیاریکردنی شێوازی ژیانی خەڵکی ناوچەکە هەربۆیە کۆمەڵگایەکی شوانکارەیی و جووتیاری خاوەن زەوی لێ دروست بوو، دروست بوونی ئەم کۆمەڵگایەش دوا بە دوای ئەو گۆڕانکاریە گەورەیە دێت کە لە سەردەمی بەردینی نوێ(١٠٠٠٠-٥٠٠٠پ.ز) (٦) دا روویدا لەوکاتەی کە مرۆڤ لە قۆناغی کۆکردنەوەی بەرووبوومەوە هەنگاوی نا بەرەو قۆناغی بەرهەم هێنانی بەرووبووم، بە شێوەیەکی تر ئەتوانین بڵێین لە کۆمەڵگایەکی بەکاربەرەوە بوو بە کۆمەڵگایەکی وەبەرهێنەر(اوسي ، ٢٠١٨، ص٤٠١). ئەوەی گومانی تێدانییە ئەوەیە کەوا سەرهەڵدانی چالاکییە بازرگانییەکان لەهەر کۆمەڵگایەکدا پێویستی بە چەند پاڵنەر و هۆکارێك هەیە، سەرەکیترینیان هەبوونی ژینگەیەکی سروشتی لەبار و زێدەگی لە بەرهەمهێنان، بە تایبەتیش بەروبوومە کشتوکاڵیەکان، هەربۆیە دەبینین لە وڵاتی دوو رووبار دا دوا بە دوای فراوانبوونی زەویی و زارە کشتوکاڵیەکان وبەرەو پێشچوونی شێوازەکانی کشتوکاڵکردن و دەرکەوتنی جۆری جیاوازی بەروبوومەکان بوونە هۆی زێدەگی لە بەرهەمهێنان، هەرئەمەش وایکرد ئاڵوگۆڕی بەرووبوومەکان رووبدات لە نێوان تاکەکاندا ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە سەرەتای دەرکەوتنی پیشەی بازرگانیی دائەنرێت(الزيدي، ٢٠١٣، ص ٣٢٠)، سەرەڕای هەبوونی ژینگەی سروشتی لەبار و بەپیتیی زەوییەکەی لەڕووی کشتوکاڵ وهەبوونی سەرچاوەی ئاوی زۆر، بەڵام کەمیی کەرستە خامە سەرەتاییەکانی وەکو دار و بەرد و کانزاکان بە جۆرە جیاوازەکانیەوە ببوونە ئاستەنگێك بۆ خەڵکی ناوچەکە ئەمەش وایکرد بۆ پەیداکردنی ئەم کەرستە پێویستانە روو لە ناوچەکانی دەوروبەری خۆیان بکەن لە ڕێگای ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە هەر لە سەردەمێکی زووەوە(عبيدة و امال، ٢٠١٦ ،ص٦٤؛ الصالحي، ٢٠١١، ص٢٤؛ Hay, ٢٠١٤, ٢١.p.). کە هەریەکە لەم کەرستانە گرنگ و پێویستن بۆ کۆمەڵگەیەك کە ژیانی رۆژانەی بەندە لەسەر راوکردن و کشتوکاڵکردن(حمادي، ٢٠١٦، ص١٨٧) چونکە بەبێ ئەم کەرستانە نەئەتوانرا کەل و پەلەکانی بەرهەم هێنان و ئەوانەی لە کاری کشتوکاڵ و راوکردن بەکارئەهاتن درووست بکرێن(الهاشمي، ١٩٨٥، ص١٩٦). جێی سەرنجە شارەزایی و لێهاتوویی تاکەکان لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی بوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی پیشەی بازرگانیی کە بوو بە یەکێکی تر لە پایەکانی ئابووریی ناوچەکە وە هیچی کەمتر نەبوو لەو دوو بوارەی تر، لە لایەکی ترەوە گرنگیی دانی تاکەکان بە تەرخان کردنی ڕێگا دەرەکییەکان و رێکخستنی کاروبارە بازرگانییەکان کاریگەریان هەبوو لەسەر زیاتر بەرەو پێشچوونی پیشەی بازرگانیی(باقر و اخرون،١٩٨٧ ، ج ٢، ص١٣٢).

لە ئەنجامی کاری هەڵکۆڵین و کنەی شوێنەوارییەوە چەندیین بەڵگە دەستکەوتوون کە ئاماژە ئەکەن بە

هەبوونی پەیوەندی بازرگانیی لە وڵاتی سۆمەر لەسەر ئاستی ناوخۆیی لە نێوان گوندە کشتوکاڵیەکان لە چوارچێوەی زەویی وڵاتی دوو رووبار دا، لەوانەش دۆزینەوەی پاشماوەی تۆوی کەتان لە گوندی ئوم ئەل دەباغیە ( أم الدباغية)(٧)لە باشووری وڵاتی دوو رووبار دا کە بەڵگەیەکی روونە بۆ دەستکەوتنی ئەم بەرهەمە لە رێگای ئاڵوگۆڕی بازرگانیی لەگەڵ گوندی تەل ئەل سوان (تل الصوان)(٨)، چوونکە تۆوی کەتان پێویستی بە ژینگەیەکی تەڕ و شێدار و ئاودار هەیە کە ئەمەش لە کاتێکدا زەویی گوندی ئوم ئەل دەباغیە وشکە و نزیك نییە لە هیچ سەرچاوەیەکی ئاوی، جگە لە ئاڵوگۆڕی بەروبوومە رووەکیەکان زۆرجار ئاڵوگۆڕی کەل و پەلی گڵێنەیی لە نێوان گوندەکان هەبووە بۆ نموونە دۆزینەوەی گڵێنەی سەردەمی حەلەف(٩) لە گوندی ئەرپەچیە(اربچية) وە لە وێشەوە بۆ گوندی سامەڕا(١٠) سەرەڕای هەبوونی ئاڵوگۆڕی چەندیین کەرستەی جیاواز لە نێوان گوندەکانی بەشی باشوور لەگەڵ باکوور لەوانەش ئاڵوگۆڕی گڵینە و توێکڵی دەریایی (صەدەف) و مورووە چەند کەرستەیەکی تری جوانکاری(النجم، ٢٠٠٦، ص١٠٥). بۆیە دەتوانین بڵێین دەرکەوتنی بازرگانیی ناوخۆیی لەوڵاتی دوو رووبار دا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە رێژەی بەرهەمهێنان لە بەرووبوومە کشتوکاڵیەکان زیاتر بوو لە پێویستی دانیشتوانەکەی، لە سەرەتا دا بەشێوازی ئاڵوگۆڕ دەستی پێکرد وردە وردە پێشکەوت تاکوو بووە بناغەی کار و پیشەی بازرگانیی لە سەردەمەکانی دواتر دا(سليمان، ١٩٨٣، ص١٩٧).

هەربۆیە زۆرینەی توێژەران و شوێنەوارناسان لەسەر ئەوە کۆکن کەوا مێژووی سەرهەڵدانی بازرگانیی ناوخۆیی ئەگەڕێتەوە بۆ چاخە بەردینەکان (٥٠٠٠٠٠-٥٠٠٠پ.ز) وە بە تایبەتییش چاخی بەردینی نوێ(١٠٠٠٠-٥٠٠٠پ.ز) (١١)، بەڵگەش بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەم زانیارییە هەروەك لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا دۆزینەوەی پاشماوە شوێنەوارییەکانە، کە دروست کرابوون لە چەند جۆرێکی جیاوازی بەردەکان لەوانە بەردی مەڕمەڕی ڕەش (بازلت) و بەردی ئۆبسیدی(بەردێکی شوشەیی رەنگ رەشە)(١٢)لە هەندێك لە ناوچەکانی سەردەمی بەردینی نوێ، لە کاتێکدا ئەم جۆرە بەردانە لە زەویی وڵاتی دوو رووبار دا بوونیان نەبووە هەربۆیە توێژەران بڕوایان وایە بەهۆی دروست بوونی پەیوەندیەکی بازرگانیی لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی کەرستەکان لەگەڵ بەروبوومە کشتوکاڵییەکان گەیشتبنە ئەو ناوچانە(الصالحي ، ٢٠١١،ص٤٤).

سەرەڕای دۆزینەوەی پاشماوەی شوێنەواری درووستکراو لە چەند جۆرە بەردێکی تر لە ناوچە جیاوازەکانی سەردەمی بەردینی نوێ وەکوو بەردی لازوەرد(بەردێکی گرانبەهای رەنگی شینی ئاسمانیە) و بەردی فەیروزەیی(فیروز) و بەردی زیوەری(عەقیق)، ئەمە جگە لە چەند کەرستەیەکی تر وەکوو گوێچکە ماسی (محار) و توێکڵی دەریایی (صدف ) و کانزای مس کە هەموو ئەمانە لە رێگەی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە لە نێوان ئەم ناوچانە و ناوچەکانی دەوروبەریانەوە گەیشتوونەتە ئەوێ(المتولي، ٢٠٠٧ ، ص٢٢١) لەوانەش پاشماوە شوێنەوارییەکانی گوندی چەرمۆ(١٣) لە نزیك کەرکوك هەروەها ناوچەی حەسوونە(١٤) لە نزیك موسڵ(باقر و اخرون، ١٩٨٧،ج٢، ص١٣٣).

شایەنی باسە دۆزینەوەی کەل و پەلی دروست کراو لە بەردی ئۆبسیدی لە گوندی چەرمۆ ئاماژەیەکی روونە بۆ هەبوونی جۆرێك لە پەیوەندی بازرگانیی لەنێوان هەرێمەکان لە دەوروبەری ٥٠٠٠ پ.ز ئەمەش پێمان رادەگەیەنێت کەوا ئەم ناوچانە لە رووی ئابوورییەوە داخراو نەبوون و، وردە وردە بەرەو فراوانبوون

ڕۆیشت هەروەك لە پاشماوە شوێنەوارییەکانی ناوچەی حەسوونە، جگە لە بەردی ئۆبسیدی چەند جۆرێکی تری بەردی بەنرخ بە کارهاتوون؛ لەوانە بەردی ( فەیروز و ملکیث)( ساكز، ١٩٧٩، ص٣٠٨). لە گریمانەیەکی تر دا هەندێك لە توێژەران بڕوایان وایە کەوا سەرەتاکانی بازرگانیی لای ئەو کۆمەڵە خەڵکە سەری هەڵدا کە خەریکی کاری ڕاوچیەتیی بوون کاتێك کە تێبینی ئەوەیان کرد بازرگانیی کردن سوود و قازانجی زۆر زیاترە لە ڕاوکردن هەربۆیە وردە وردە ڕوویان لەو کارە کرد، یاخود خەڵکی کۆچبەر کە بەردەوام لە ناوچەیەکەوە بەرەو ناوچەیەکی تر ئەڕۆشتن لە نێوان دۆڵەکان و دەشتەکان و چیاکان هاتووچۆیان دەکرد بەمەش زانیاریەکی باشیان هەبوو لەسەر ڕێگاکانی هاتوچۆکردن و ئاستەنگ و قورسایی ئەو ڕێگایانە وە بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی ڕێگر و چەتەکاندا بوون چونکە لەگەڵ خۆیاندا گشت پێداویستەکانی ژیانی ڕۆژانەیان هەڵگرتبوو بۆیە زۆرجار ڕووبەڕووی چەتە و ڕێگرەکان ئەبوونەوە(اوسي، ٢٠١٨، ص ٤٠٧).

## بازرگانیی ناوخۆیی لە سەردەمە مێژووییەکان:

جێی سەرنجە لە دوای کۆتایی هاتنی چاخە بەردینەکان کە ناسراوە بە سەردەمەکانی پێش مێژوو، شارستانیەتی وڵاتی سۆمەر چووە ناو قۆناغێکی نوێ کە ئەویش سەردەمە مێژووییەکان بوو لە دەوروبەری هەزارەی سێیەمی پ.ز، لەم سەردەمانەدا چالاکییە بازرگانییەکان بەرەو پێشتر چوون و فراوانتربوون بە شێوەیەك لە چالاکییەکی تاکە کەسییەوە گۆڕا بۆ چالاکییەکی بە کۆمەڵ کە لەلایەن دەوڵەتەوە سەرپەرشتی ئەکرا، بەجۆرێك هەندێك لە پادشا و سەرکردە فەرمانڕەواکانی ئەم سەردەمە بە پێویستیان زانیووە هێرشی سەربازی بەرپا بکەن تەنها بۆ پاراستن و مسۆگەر کردنی ئارامی ڕێگاوبانەکانی بازرگانیی کردن(الهاشمي، ١٩٨٥، ص١٩٦)، وە یەکێکی تر لەو گۆڕانکاریانەی کە بوون بە هۆکاری زیاتر بەرەو پێشچوونی کار و چالاکییە بازرگانییەکان گۆڕانی دۆخی سیاسیی بوو لە وڵاتی سۆمەر، دیارترینیان یەکگرتنی دەوڵەتۆکەی شارەکان بوو لەژێر سایەی دەوڵەتێکی ناوەندیی، دەست پێئەکات لە ئیمپراتۆریەتی ئەکەدیی(٢٣٥٠-٢٢٣٠پ.ز) و بنەماڵەی لەگەشی دووەم(٢٢٠٠-٢١٢٠ پ.ز)و دەوڵەتی سێیەمی ئوور (٢١١٣-٢٠٠٤پ.ز) تا ئەگاتە سەردەمی بنەماڵە بابلیەکان (٢٠٠٤-١٥٩٥پ.ز) و سەردەمیی ئاشوریەکان(٢٠٠٠-٦١٢پ.ز)( عبدالواحد، ٢٠١٩، ص ١٢١). هەر لە هەزارەی سێیەمی پ.ز دا سەرەڕای گۆڕانکاری سیاسیی، لە مەیدانی شارستانیەتدا داهێنانی نووسین بوو بە گرنگترین دەستکەوتی مرۆڤ و خاڵی وەرچەرخان لە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیی نەك تەنها بۆ ئەو سەردەمە بەڵکوو بۆ سەردەمەکانی دوای خۆشیان، هەر ئەمەش بوو بە یارمەتیدەرێکی زۆر باش بۆ توێژەران تاکوو بتوانن زیاتر شارەزا بن لەسەر کار و چالاکییە بازرگانییەکانی ئەو سەردەمە چونکە پاشماوەیەکی یەکجار زۆری دەقە نووسراوەکان کەوتنە بەردەست کە بەشی هەرە زۆریان پەیوەستن بە لایەنی ئابووریی و بەڵگەنامەی تۆمارکراون لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازیی و بازرگانیی و جموجۆڵی گواستنەوەی دەرەکیی لەگەڵ جموجۆڵی ناوخۆی کاڵاو شتومەکەکان لە نێوان شارەکانی وڵاتی دوو ڕووبار دا(المتولي، ٢٠٠٧،ص ٢٢٢).

لە دوای داهێنانی نووسین لە ٣٠٠٠ پ.ز لە باشووری وڵاتی دوو ڕووبار دا، بەڵگەنامە بازرگانییەکان سەرەکیترین بەشی ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتی کۆن بوو، چوونکە بەڵگەنامە بازرگانییەکان بە گشتیی زۆرترین ڕێژەی دەقە مێخیە تۆمارکراوەکانی پێك ئەهێنا، لە ڕێی ئەم بەڵگەنامانەوە زۆرتریین زانیاریمان پێ گەیشتووە لە سەر

لایەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە (Volk , ٢٠٠٠, p.١٧٩.)، بەشێکیان بەڵگەنامەی بازرگانیی تاکە کەسیین وەکوو گرێبەستی کڕین و فرۆشتن وە هەندێکی تریان ئەو نامانەن کە بازرگانەکان بۆ یەکتریان ناردووە یاخود لە نێوان بازرگان و بریکارەکانیان ئاڵوگۆڕکراوە کە تێیدا وردەکاری کار و چالاکییەکانیانی تێدا تۆمارکراوە هەر لە قەبارە و جۆر و شێوازی گواستنەوە و ئەو کەسانەی کراونەتە بریکار بۆ وەرگرتنی کاڵاکە یاخود شتومەکەکە(المتولي، ٢٠٠٧، ص٢٤٠).

هەربۆیە لە هەزارەی سێیەمی پ.ز دا دانیشتوانی وڵاتی دوو رووبار زیاتر گرنگیی بازرگانییان بۆ دەرکەوت لە رووی بنیاتنان و پێشخستنی شارستانیەتەکەیان ئەمەش دوا بە دوای جێگیربوونیان لە پێ دەشتەکانی ناوەڕاست و باشوور دا، وە لە دوای بەرزبوونەوەی رێژەی بەرهەمهێنان و پێویستی ساغ کردنەوەی ئەم بەرهەمانە کار و پیشەی بازرگانیی پێشکەوتنێکی زیاتری بەخۆیەوە بینیی بە بەراوورد لەگەڵ سەردەمەکانی پێش خۆی(معضد،٢٠١٩،ص ٨٩٤).

لە رووی سیاسییەوە بنەماڵەی سێیەمی ئوور(٢١١٣-٢٠٠٤پ.ز) یەکێك بوو لە دیارترین بنەماڵە فەرمانڕەواکانی وڵاتی سۆمەر لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز، پادشاکانی ئەم بنەماڵەیە گرنگییەکی تەواویان بە کار و پیشەی بازرگانیی ئەدا هاوشێوەی پادشاکانی سەردەمەکانی پێش خۆیان، وە بەردەوام کاریان کردووە بۆ فراوانترکردنی کار و پیشەی بازرگانیی بەهەردوو جۆرەکەیەوە(دەرەکیی و ناوخۆیی)، ئەمەش لە رێگای دابینکردن و پاراستنی رێڕەوە بازرگانییەکان و دەست گرتن بەسەر سەرچاوەکانی دەستخستنی کەرستە خامەکان و کردنیان بە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتەکەی خۆیان یان لە رێگای هەڵمەتە سەربازییەکانەوە یاخود بە رێگای سەپاندنی باج و سەرانە وە هەندێك جاریش لە رێگای رێکخستنی پەیوەندیە بازرگانییەکان بە شێوازێکی ئاشتیانە وەکوو مۆرکردنی رێکەوتننامە و بەڵێننامەکان(المتولي، ٢٠٠٧، ص٢٢٥). سەرەڕای دەرکردنی چاکسازی کارگێڕیی بۆ سەرتاسەری وڵات لە لایەن پادشاکانی بنەماڵەی سێیەمی ئوور، لەوانەش دانانی سیستمی نوێی باج و یەکخستنی رۆژمێری وڵات و دانانی یەك رۆژمێری پێوانەیی لە سەرجەم بەشەکانی دەوڵەتی سێیەمی ئوور(Steinkeller, ١٩٩١,pp. ١٦-١٧) و لێپێچینەوە لە سیستمە ژمێریاریەکان و تۆماریەکان و دەرکەوتنی جۆری نوێی تۆمارە ئەرشیفیەکان و بنیاتنانی زنجیرەیەك لە بنکەکانی دووبارە دابەش کردنەوە هەروەك گەورترین بنکەیان لە ناوچەی پوزرش- داگان(١٥) دامەزراند کە تایبەت بوو بە کۆکردنەوە و دابەشکردنەوەی دەستکەوتەکانی دەوڵەت (Steinkeller, ١٩٩١, p.١٧; Stepien , ٢٠٠٩,pp.٧٥-٧٦. ).

لە لایەکی ترەوە فراوانبوونی چالاکییە بازرگانییەکان کاریگەریەکی راستەوخۆی هەبوو لەسەر زیادبوون و باشترکردنی بەرهەمە پیشەیی و پیشەسازیە خۆماڵیەکان لەو سەردەمانەدا هەروەك بەشێك لە شارە سۆمەریەکان پێوەی ناسراوبوون وە بۆ مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانیی بەکاریان ئەهێنا(موسی ، ٢٠١٧، ص٣٩). بۆ نموونە شاری لەگەش(١٦) بە سەنتەری بازرگانیی کردن بە ماسی ناسراو بوو بە جۆرە جیاوەزەکانیەوە لەوانەش ماسی تازە و وشکراو و سوێرکراو، وە شاری سیپار(١٧) ناسرا بوو بە بەرهەمهێنانی رستن و چنینی نمرە یەك، وە شاری ئۆما(١٨) ناسرا بوو بە بەرهەمهێنانی رۆنە بۆندارەکان چوونکە لە بەخێوکردنی مەڕوماڵات دا ناوبانگیان هەبوو وە بە رێژەیەکی زۆر کڕین و فرۆشتن بە مەڕوماڵاتەوە ئەکرا، هەرچی شارەکانی بەشی باکووره زۆربەیان بە بازرگانیی دار و تەختەوە ناسرابوون(السعداوي، ٢٠١٣، ص ١٣٤).

لە لایەكی ترەوە رۆڵ و كاریگەری بازرگانیی لەو كاتەدا دەركەوت دوا بە دوای ئەوەی بازرگانەكان جۆرە سەربەخۆییەكان وەرگرت و تاڕاددەیەك لە ژێردەستەیی پەرستگا و كۆشك رزگاریان بوو كە ئەم دوو دامەزراوەیە دەستیان گرتبوو بەسەر بەشی هەرە زۆری چالاكییە بازرگانییەكان، هەر ئەم سەربەخۆییە بووبە هۆكاری زیادبوونی قازانج و سەرمایەی تاكە كەسی كە لە رێگای پیشەی بازرگانییەوە بە دەستیان ئەهێنا ئەمەش خۆی لە خۆیدا بوو بە سەرچاوەیەك بۆ كۆكردنەوەی سەروەت و سامان و دەوڵەمەند بوون چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی بێ یاخود دەرەكیی، وە لە ئەنجامدا دروست بوونی چینە جیاوازەكانی كۆمەڵگای لێكەوتەوە، سەرەڕای دەركەوتنی چەندیین خێزان كە بە پیشەی بازرگانییەوە خەریك بوون(اوسي، ٢٠١٨، ص ٤٠٨)، هەر ئەمەش بووە هۆی بەرزكردنەوەی ئاستی بژێوی تاكەكانی كۆمەڵگای وڵاتی سۆمەر، بەشێوەیەكی راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ وە هەروەها یارمەتیدەرێكی زۆر باش بوو بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەی شارستانیەتی وڵاتی دوو رووبار(Hay, ٢٠١٤, ٢٣.p) . بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بارودۆخی ئابووریی كۆمەڵگای سۆمەریی لە كۆتاییەكانی هەزارەی سێیەمی پ.ز و سەردەمیی بنەماڵەی سێیەمی ئوور پێویستە باس لە رێكخستنی دەوڵەتی سێیەمی ئوور بكەین لە رووی كارگێڕیەوە، دەوڵەتی سێیەمی ئوور دابەش ببوو بەسەر چەند هەرێمێك دا هەر یەك لەو هەرێمانە لە دوو كیانی كارگێڕی و ئابووریی سەربەخۆ پێكهاتبوو ئەو دوو كیانەش بریتی بوون لە ١. هەرێمی تایبەت كە هەمان شێوەی دەوڵەتە - شار ی سەردەمەكانی پێشووتر بوو وە لەلایەن فەرمانڕەوای هەرێمەكەوە بەڕێوە ئەبرا كە نازناوی ئێنسی هەبوو ٢. كەرتی تاج( پاشایی) كە پێك هاتبوو لە ئەندامانی بواری سەربازی ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی ناوەندیی كاریان ئەكرد و جەنەراڵی ناوخۆیی بەڕێوەی ئەبردن، كە بەشی هەرە زۆری زەویی وزارە كشتوكاڵیەكان بۆ ئەم كەرتە بوو(Steinkeller,٢٠٠٢, ١٥.p).بە پێی ئەو دابەش بوونە كارگێڕیەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا دەتوانرێت ئابووریی سۆمەریی لەو سەردەمە دا دابەش بكرێت بەسەر دوو كەرتی سەرەكی بەم شێوەیە:

كەرتی گشتیی یان دامەزراوەیی: ئەندامانی ئەم كەرتە بەشێك بوون لە دامەزراوەكانی كۆشك و پەرستگا كە دەستیان گرتبوو بەسەر ڕەگەزە سەرەكیەكانی ئابووریی، بەشی هەرە زۆری تۆمار و بەڵگەنامە ئابوورییەكان كە بەر دەستن تایبەتن بەم كەرتە.

كەرتی تایبەت: ئەو تاكانە لە خۆ ئەگرێت كە لە رووی ئابوورییەوە چالاك بوون و كاری تایبەت بە خۆیان هەبوو وە بۆ هەژماری تایبەت بە خۆیان كاریان ئەكرد وەكوو كڕین و فرۆشتن و قەرزپێدان، بارودۆخی ئەم كەرتە تاكو ئەم كۆتاییانەش بە تەواوی نەزانراو بوو وە زانیاری كەم لە بارەیانەوە بەردەست بوو ( Hudson, ٢٠٠٢, ١٥.p). جێگای باسە تاكوو ئێستا هەزارەها روونووسی مێخی تایبەت بە ئەرشیفی دامەزراوە ناوەندییەكان یاخود كەرتی گشتیی دۆزراونەتەوە لەوانەیە ژمارەیان زیاتر بێت لە ١٠٠٠٠٠ روونووسی مێخی كە باس لە كار و چالاكیە ئابووریی و بازرگانییەكانی كەرتی گشتیی ( كۆشك و پەرستگا) ئەكەن (Mieroop, ٢٠٠٢, ٦٦.p)، لە بەرامبەردا ئەو ئەرشیفانەی تایبەت بوون بە كەرتی تایبەت ( بازرگان و پیشەنگەكانی كار) ژمارەیان زۆر كەمترە، هەربۆیە بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ ئەم باسە بووە جێگای مشت و مڕی توێژەرانی ئەم بوارە و لە دوای هەوڵ و ماندووبوونی توێژەران بۆ لێكۆڵینەوە لەو ئەرشیفانەی تایبەت بوون بە بازرگان و پیشەنگەكانی كار لەو سەردەمەدا زانیاری زۆر و ورد دەركەوتن لەم بارەوە. هەربۆیە

کۆمەڵگای سێیەمی ئوور لە رووی ئابوورییەوە لەسەر بنەمای شوێنکەوتنی تاکەکان بۆ کۆشك بنیات نرابوو وە تاکەکان بەپێی پلە و ئاستی نزیکیان لە کۆشك و پلە و ئاستیان لە کۆمەڵگادا پشتگیری ئابوورییان لە لایەن کۆشکەوە پێئەدرا، بۆ نموونە ئەوانەی لە کەرتی سەربازیی کاریان ئەکرد و ئەوانەی کە لە کۆشك نزیك بوون بە تایبەتی بنەماڵەی پادشا و ئەو ئەندامانەی پلەی باڵایان هەبوو پارچە زەویی و پشکی تایبەتییان لە کەرستە سەرەکیەکانی کشتوکاڵکردن پێ ئەدرا ، هەرچیی چینە نزمەکانی کۆمەڵگا بوو ئەو پشتگیریە ئابوورییانەی پێیان ئەدرا لە لایەن دەسەڵاتەوە لە رێگای دابینکردنی بڕە خۆراکی سەرەکیی رۆژانە بووە(Steinkeller, ٢٠٠٢, pp. ١١٤-١١٥).

## ٢.تەوەری دووەم: پێشەنگەکانی کار لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز و ئەرشیفە مێخییەکانیان

١.٢ پێناسەی ئەرشیف:

دەستەواژەی ئەرشیف لە رووی زمانەوانییەوەarchives : دەستەواژەی ئەرشیف (Archeion) ئارشیون یان ئارخیون لە بنەڕەتدا لە زمانیی یۆنانییەوە وەرگیراوە بە مانای دام و دەستگای گشتیی یان تۆمارەکانی حکومەت دێت(الالوسي و مالك، ١٩٧٩، ص٥) ، لە دواتردا ئەم وشەیە چووە ناو زمانیی لاتینیی و بوو بە Archivum ئەرکیڤییۆم وە لە وێشەوە بەرە و زمانەکانی ئەوروپای نوێ هەروەك لە زمانیی ئینگلیزیی دا بوو بە وشەی Arvhivesئەرکایڤس، وە هەندێك جاریش دەستەواژەی پەبلیك ریکۆردزpublic records بەکار ئەهێنن کە هەمان مانا ئەبەخشێت. لە دوای ئەوەش لە زمانیی فەرەنسایی دا هەمان دەستەواژە بەکارهات و لەلای ئەڵمانەکانییش دەستەواژەی Archivئارشیڤ لە لای ئیتالیەکان Archivoئەرکیڤۆ بەکارهات تا وای لێهات ئەم دەستەواژەیە لە سەرانسەری زمانەکانیی جیهاندا بڵاوبووەوە لەناویشیاندا لە زمانیی عەرەبیی دا الارشیف بەکاردێت(السید، ١٩٨٧، ص١٢)، وە لە زمانیی کوردیی دا لە بەرامبەر وشەی (Archives) ی ئینگلیزیی دا دەستەواژەی (ئەرشیف) یاخود تۆمارگەی هەڵگیراوەکان بەکاردێت(EL- Ezabi, ٢٠٠٣, p.٤٦ ) وە لە زمانیی سۆمەریی دا وشەی پیسان-دوب-با(pisan-dub-ba) بە واتای ئەرشیف بەکارهاتووە Foxvog, ٢٠١٦, p.٤٤)).

بەپێی ئەو ناساندنانەی کە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ دەستەواژەی ئەرشیفی کردووە : ئەرشیف شوێنی هەڵگرتن و پاراستنی ئەو دۆکیومێنتانەیە کە گرنگیی و بەهایەکی هەمیشەییان هەیە وەکوو دۆکیومێنتە گشتییەکان و مێژووییەکان و گرنگەکان(السید، ١٩٧٨، ص١٢). هەروەها دەستەواژەی ئەرشیف بەکاردێت بۆ خودی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەم شوێنەدا پارێزراون(سلیمان ، ٢٠٠٠، ص١١٢).

پێناسەی ئەرشیف لە رووی شوێنەوارییەوە: بریتییە لە کۆمەڵێك دەقی مێخی تۆمارکراو کە لە ناو یەك ژوور یان یەك بینا کۆکراونەتەوە ، هەریەك لەم دەقە نووسراوانە پەیامێك یاخود زانیاریەکی تێدا تۆمارکراوە، وەکو نامەکان و بەڵگەنامە یاسایی و ئابووریی و کارگێڕییەکان. زۆربەی جار لەناو ئەرشیفدا تەنها یەك کۆپی هەیە جاری واش هەیە زیاتر لە کۆپیەك بەدی ئەکرێت(Pedersen, ١٩٤٦, pp.٢-٣)، هەروەها دەستەواژەی ئەرشیف بەکاردێت بۆ کۆکراوەی ئەو بەڵگەنامانەی کە بۆ تۆمارکردنی کارێکی دیاریکراو بەکارهاتوون لە لایەن دامەزراوەیەك یان کەسێك وە بە تێپەڕبوونی کات بەسەریەکدا کەوتوون و گرنگیی و بەهایەکی

مێژوویـیـان هەیـە(Veenhof,١٩٨٣, ٧.p)، ئەرشـیـفەکان کۆمەڵێـك بەڵگەنامـەی کۆکـراوەن کـە ئامـاژە بـە چالاکییـە ئابووریـی و کارگێـڕی و یاسـاییەکانی کۆشـك یـان پەرسـتگا یـان دادگا یـان بـازرگان یاخـود کۆمەڵێـك بـازرگان یـان کاهینـەکان ئـەدات بەپێـی شـێوازی چالاکییەکانـی خـاوەن ئەرشـیفەکە، لـە زمانیـی سـۆمەریی دا شـوێنی هەڵگرتنـی ئەرشـیفەکان پێـی ئەوتـرا ئـێ - دوبـا (- dub- ba é)  کـە لـە زمانیـی ئەکەدیـی دا ناوئەبـرا بێـت. توپپـی(.bit ٧.tuppi)(epsd,p )، ئەمـەش هەمـان ئـەو دەسـتەواژەیە بـوو کـە بـۆ ئامـاژە کـردن بـە قوتابخانـە بەکاریـان ئەهێنـا، وە هەندێـك جاریـش پێـی ئەوتـرا ئێ-کیشـیب-با (é- kišib- ba) کـە لـە زمانیـی ئەکەدیـی دا پێـی ئەوتـرا(bit kunnukkim) بێـت کوننوککیـم کـە بـە مانـای ماڵـی بەڵگەنامـە مۆرکـراوەکان دێـت، یاخـود شـوێنی پاراسـتنی کۆمەڵێـك روونووسـی قوریینین(الجبـوري، ٢٠١٦، ص ص٢٣٠.؛ سـليمان، ٢٠٠٠، ص١٢٢; epsd,p.٩).

لـە پێناسـەیەکی تـر دا : ئەرشـیف کۆمەڵێـك روونووسـی قوریینینـە کـە بابەتـی ئابووریـی و کارگێڕیـان تێـدا تۆمارکـراوە کـەوا هەڵگیـراون و پارێـزراون بـە شـێوەیەکی رێـك و پێـك لەنـاو سـندوقی گڵێنەیـی دا بـە زمانیـی سـۆمەریی پێـی ئەوتـرا پیسـان- دوبـا(pisan-dub-ba)، بـە مانـای سـەبەتەی روونووسـەکان، هەریەکێـك لـەم سـندوقانە تایبـەت کرابـوو بـە جۆرێکـی دیاریکـراوی دۆکیومێنتـەکان و بەڵگەنامـەکان و بـە پێـی ریزبەندییەکـی مێژوویـی لەنـاو سـەبەتە گڵێنەییەکانـدا ریزدەکـران، زۆرجـار روونووسـێکی قوریینـین بچـووك هەڵـدەواسرا بـەم سـەبەتانە کـە ئامـاژەی بـە جـۆر و بـەرواری بەڵگەنامەکانـی نـاو سـەبەتەکە ئـەدا (Posner, ٢٠٠٣, ١٤.p. )، ئـەم ئەرشـیفانە لەلایـەن کەسێکەوە چاودێری ئەکرا کـە ناسرابـوو بـە پارێـزەری تۆمـارەکان یـان پیـاوی ئەرشـیف لـو- پیسـان- دوبـا(pisan-dub-ba Lu٢)( اسـماعيل، ١٩٨٥،ص٢٦٦؛ سـليمان، ١٩٩١، ص ٣٦١-٣٦٢). لـە وڵاتـی دوو رووبـار دا تاکـوو ئێسـتا هەزارەهـا روونووسـی قوریـن دۆزراونەتـەوە کـە مێژووەکەیـان ئەگەڕێتـەوە بـۆ کۆتاییەکانـی هـەزارەی سـێیەمی پ.ز بـە تایبـەت ئەوانـەی کـە دەگەڕێنـەوە بۆسـەردەمیی بنەماڵـەی سـێیەمی ئـوور کـە بەشـی هەرەزۆریـان پەیوەندیـان بـە لایەنـی ئابوورییـەوە هەیـە و، تایبەتـن بـە کەرتـی گشـتیی یاخـود دامەزراوەیـی، لـە بەرامبـەردا رێژەیەکـی کەمـی ئـەو ئەرشـیفانەی کـە دۆزراونەتـەوە ئەگەڕێنـەوە بـۆ کەرتـی تایبـەت یاخـود بازرگانـە سـەربەخۆکان لـەو سـەردەمەدا، ناوەرۆکـی ئـەم دەقـە مێخییانـە ئاشـنامان ئەکـەن بـە شـێوازی کارگێـڕی ئابووریـی لـەو سـەردەمەدا بـە شـێوەیەك کـە ورد و درشـتی ئـەو مامەڵـە و چالاکییـە ئابوورییانەیـان تۆمارکـردووە کـە لـە ژیانـی رۆژانـەدا پێـوەی خەریـك بـوون وە ئەرشـیفیان کـردوون ، ئـەم ئەرشـیفانە لـە ژمارەیـەك لـە شـارەکانی ئـەو سـەردەمە دەرکەوتـن بـە تایبەتیـش شـاری ئۆمـا کـە بەشـی هـەرە زۆری دەقـەکان لـەو شـارەدا دۆزرانـەوە لـەو بەشـە بچووکـەی کـە نـاسراوە بـە (پـوزرش داگان ) شـاری دریهـم لـە ئێسـتادا(Kamil, ٢٠١٥, ٦-٧.pp).

## جۆرەکانی ئەرشیف:

شوێنەوارناسەکان ئەرشیفە مێخییەکان دابەش ئەکەن بەسەر دوو جۆری سەرەکی:

ئەرشـیفە فەرمیـەکان ( ئەرشـیفی چیینـی بـاڵا دەسـت و فەرمانبەرەکانـی حکوومـەت ئەگرێتـەوە بـە تایبەتیـی ئەرشـیفی پادشـا و بنەماڵەکـەی و دارودەسـتەکەی)

ئەرشـیفە تایبەتـەکان ( ئەرشـیفی چیینـە ناوەندەکانـی کۆمەڵـگا ئەگرێتـەوە وەکـوو پیشـەگەرەکان و جووتیـارەکان و سـەرمایەدارەکان و بازرگانـەکان)(Molina, ٢٠١٦, ١.p)

جگـە لـەوەش هـەر شـارێك ئەرشـیفی تایبـەت بـە خـۆی هەبـوو سـەرەڕای ئەرشـیفی تایبـەت بـە كـۆگاكان و ئەرشـیفی كارگـەكان و ئەرشـیفی خاوەندارێتـی و دابەشـكردنی كێڵگـە و زەوییـە كشـتوكاڵیەكان وە ئەرشـیفی تایبـەت بـە كرێـكار و سەرپەرشـتیاری شـوێنی بەخێوكردنـی مەڕومـاڵات، كـە هەمـوو ئـەم ئەرشـیفانە لـە ئەنجامـی هەڵكۆڵینـە شـوێنەوارییەكاندا دۆزراونەتـەوە لـە شـارەكانی وەركا و كیـش و سـیپار و بابـل و عەقەرقـوف وتـەل ئـەل ئەبیەز(تـل الابیـض) و شـاری ئاشـوور(الزیدي،٢٠٢٢،ص٩٥) وە بەشـێكی زۆری ئـەو ئەرشـیفانە بـە ڕێگایەكـی نایاسـایی دەرهێـنراون و لـە بـازاڕی ڕەشـدا كڕیـن و فرۆشـتنیان پێوەكـراوە، ئەمـەش بووەتـە هـۆكاری ونبوونـی زانیارییـە شـوێنەوارییە گرنگـەكان دەربـارەی شـوێنی بنەڕەتـی ئەرشـیفەكان بـۆ هەتاهەتایـە، وە لـە ئێسـتادا بەشـی زۆری ئـەو ئەرشـیفانە لەسـەر شـێوەی چەنـد كۆمەڵەیـەك لـە چەنـد وڵاتێكـی جیـاواز پارێـزراون(Molina, ٢٠١٦, pp.١-٢.) ، وە ئەكرێـت لـە داهاتـوودا ئەرشـیفی زیاتـر بدۆزرێتـەوە لـە ئەنجامـی كاری هەڵكۆڵینـی شـوێنەواریی لـە ناوچـە شـوێنەوارییە جیاوازەكانـدا.

## مێژووی سەرهەڵدانی ئەرشیف:

توێـژەران بەگشـتیی مێـژووی سـەرهەڵدانی كرداری كۆكردنـەوە و ڕێكخسـتنی دۆكیومێنـت و بەڵگەنامـە و تۆمارەكان بـۆ یەكـەم جـار لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـی دا بەشـێوازی ئەرشـیف ئەگەڕێننـەوە بـۆ شارسـتانیەتی وڵاتـی دوو ڕووبـار، وە لەوێـوە گوازرایـەوە بـۆ شارسـتانیەتەكانی تـری دەوروبـەری(Brosius, ٢٠٠٣, p.١). سـەرەتای دەركەوتنـی ئەرشـیفە مێخییـەكان ئەگەڕێتـەوە بـۆ هـەزارەی سـێیەمی پ.ز وە بـەردەوام دەركەوتـووە تاكـوو كۆتایـی هاتنـی سـەردەمە كۆنـەكان لـە وڵاتـی دوو ڕووبـار(Jacquet, ٢٠١٣, pp.٦٩)، یەكێـك لـە توێـژەران نووسـیویەتی:» داهێنانـی نووسـینی مێخـی بـۆ مەبەسـتی هەڵگرتـن و پاراسـتنی تۆمـارەكان بـوو لەلایـەن دامـەزراوە گشـتییەكان وە بـە درێژایـی مێـژوو ئەمـە بـووە بـە سـەرەكیترین ئامانجەكانـی « (Mieroop, , ١٩٩٩, London, p.١٣).

لـە سـاڵیی ١٩٤٠ ز. بۆیەكەمیـن جـار توێژینەوەیـەك بـە ناونیشـانی “archival systematics of Sumer and Akkad under the Third Dynasty of Ur (ca. ٢٢٠٠ B.c.)” لـە لایـەن نیكـۆلاس شـنایدەر Nikolaus Schneider بڵاوكرایـەوە و ناسـاندنێكی زۆر بـاش بـوو بـۆ ئـەم بابەتـە بـە تایبەتیـی بـۆ ئـەو كەسـانەی لـە بـواری ئەرشـیفدا كاریـان ئەكـرد لـە سـەردەمیی ئێسـتادا(Posner,٢٠٠٣, p.١٤)

هـۆكاری سـەرهەڵدانی ئەرشـیف: ئەگـەر بێتـوو باسـی هـۆكاری سـەرهەڵدانی ئەرشـیف بكەیـن پێویسـتە ئـەوە بزانیـن كـەوا ڕێكخسـتن و بەڕێوەبردنـی كاروبـارە بازرگانییـەكان و دابیـن كردنـی قووتـی خەڵـك و كاروبـاری زەویـی و زارە كشـتوكاڵیەكان پێویسـتی بـە ڕێكخسـتنێكی ورد و بەڕێوەبەرایەتیەكـی بەهێـز هەبـوو لـەو سـەردەمەدا، هەربۆیـە پێویسـت بـوو لەسـەریان گشـت وردەكاریـەكان تۆمـار بكـەن وە هەوڵـی پاراسـتنی ئـەم تۆمارانـە بـدەن تاكـوو مافـی خاوەندارێتـی تاكـەكان پارێزراوبێت(مالـوان،٢٠٠١، ص١٢). دوا بـە دوای هاتنـە سـەر تەختـی پادشـا ئـوور- نەمـا لـە كۆتاییەكانـی سـەدەی ٢٢ پ.ز وە دامەزراندنـی دەوڵەتێكـی پتـەو و ڕێـك لـە ڕووی سیاسـییەوە لـە بەشـی باشـووری وڵاتـی دوو ڕووبـار سـەردەمێكی نـوێ دەسـتی پێكـرد كـە ناسـراوە بـە سـەردەمیی بنەماڵـەی سـێیەمی ئـوور (٢١١٣- ٢٠٠٤) پ.ز، شـولگی یەكێـك لـە پادشـا دیارەكانـی ئـەم بنەماڵەیـە بـوو كـە بـۆ مـاوەی ٤٨ سـاڵ فەرمانڕەوایـی كـرد وە لەسـاڵیی بیسـتەمی حوكمڕانیەكەیـدا دەسـتی كـرد بـە ڕێكخسـتنەوەی پێكهاتـەی

کارگێڕی و زیاتر فراوانکردنی سنووری دەوڵەتەکەیان لە رووی سیاسییەوە و پێکهێنانی سوپایەکی هەمیشەیی و چەندین هێرشی سەربازی بۆ ناوچە دوور و نزیکەکان دەست پێکرد، هەروەها لە رووی ئابوورییەوە چەند گۆڕانکاریەکی ریشەیی لەو سەردەمەدا روویدا وەکوو دانانی سیستمی نوێی کێشانە و پێوانەکان و دامەزراندنی بنکەیەکی گەورەی کۆکردنەوە و بەخێوکردن و دابەش کردنی مەڕوماڵات لە پوزرش داگان و کەرتی ئابووریی بە گشتیی گەشەسەندنی زیاتری بەخۆیەوە دی(Yoffe, ١٩٩٥, pp.٧٥-٧٦.)، وە لە ئەنجامدا رێژەیەکی زۆری بەڵگەنامە تۆمارکراوەکان یاخود نووسراوەکان کەڵەکەبوو کە زۆربەی زۆری ئەم بەڵگەنامانە لە ئەرشیفە تایبەتەکان و فەرمیەکاندا پارێزراوبوون وە لە شارە سۆمەرییەکاندا دۆزرانەوە، ئەم رێژە زۆرەی ئەرشیفەکان وای لە توێژەران کرد بڵێن ئەم سەردەمە باشترین سەردەمە لە مێژووی کۆنی وڵاتی دوو رووبار لە رووی تۆمارکردن و پاراستنی بەڵگەنامەکان(Molina, ٢٠١٦, p.١).

هەر بۆیە چەند هۆکارێکی سەرەکی بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەرشیف لەو سەردەمەدا لەوانەش:

هێشتنەوەی پەڕاوی بابەتە ئابوورییەکان ( دەفتەرگری یان راگرتنی ژمێریاری ئابووریی )( مسك الدفاتر- bookkeeping).

کەڵەکەبوونی پارێزراوە(محفوظات) کەسی و کارگێڕیەکان کە تایبەت نەبوون بە دەوڵەت.

هۆکاری سەرەکی لە بوونی بەڵگەنامە ئەرشیفکراوەکان ئەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی کاڵا گرانبەهاکان کەوا ئەکرا خاوەندارێتی بکرێن یان لە ئەستۆ بگیرێن یان بفرۆشرێن یان هاوبەشی پێ بکرێن یاخود داوا بکرێن لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریەوە. پێداچوونەوە و وردەکاریی ئەم بەڵگەنامانە لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕ یان پشتڕاستکردنەوەی دەسەڵاتە بۆ کاڵاکە یان کەسەکە.

هۆکارێکی تری نووسینەوە و پاراستنی دۆکیومێنتە ئەرشیف کراوەکان ئەگەڕێتەوە بۆ پاراستنی خاوەن ماڵ بەرامبەر هەر داواکاریەکی یاسایی لەسەر موڵکەکان، تاکو خۆیان و مافەکانیان و موڵکەکانیان بپارێزن وە بەرگری لە خۆیان بکەن لە ئەگەری خستنە پاڵی هەر تاوانێك یان بەرزکردنەوەی هەر سکاڵایەك لە داهاتوودا (Mieroop, ١٩٩٩, p.١٩;  Jacquet,٢٠١٣, pp.٦٩-٧٣.).

جێگای سەرنجە ئەرشیف کردن بۆ هەردوو ڕەگەز بووە و بەشێك لەو دەقانەی کە ئەرشیف کراون تایبەتن بەو ئافرەتانەی کە کاری تایبەتیی خۆیان بەڕێوەئەبرد بەبێ پشتگیری پیاو ئیشیان ئەکرد جا چ خێزاندار بێت یان بێوەژن بن یان سەڵت بووبن، وە چەندەها دەقی تۆمارکراو هەن کە بریتین لە بەڵگەنامەی کڕین و فرۆشتن و گرێبەست و تۆماری یاسایی کە تێیدا ئافرەتان رۆڵی سەرەکیان گێڕاوە، لەوانەش ئافرەتێك بە ناوی سیمات – ئەشتاران simat- iŠtaran کە لە دوای مردنی پیاوەکەی درێژەی بە کارەکەی داوە و بەڕێوەی بردووە کە لە ئێستادا ئەرشیفێکی تێر و تەسەلی بەجێ هێشتووە کە ئەتوانرێت توێژینەوەیەکی تەواوی لەسەر بکرێت و نموونەیەك پیشان ئەدات لەسەر شێوازی رۆڵ گێڕانی ئافرەتان لەو سەردەمەدا لە بواری ئابووریی(Taher, ٢٠١٧,pp.٧٠-٩٣; Owen, ٢٠١٠, pp.١٠١-١٠٢ )

سەبارەت بە ئەرشیفەکانی پادشا بە تایبەتیش نامەکان (المراسلات) لەپاڵ تۆمارەکانی تری کۆشك هەڵئەگیرا کە بەشە جۆراوجۆرەکانی خزمەتگوزاریەکانی بەشی بەڕێوەبردنی کۆشك هەیبوو. پارێزراوەکانی پاشا ژمارەیان بەرەو زیادی رۆیشت لە سەردەمی بابلیی کۆن)٢٠٠٤-١٥٩٥پ.ز) هەرچەندە لە هەزارەی سێیەمیی پ.ز

هەبوو. ئەم پارێزراوانە لە کۆمەڵەیەکی بچووکی دەقە مێخیەکانەوە بوون بە کۆمەڵەیەکی مەزنی تۆمارەکان( Jacquet, ٢٠١٣, p. ٦٩ ). بەشێوەیەکی گشتیی بەڵگەنامە ئەرشیفکراوەکان سێ جۆریان هەیە:

نامەکان( الخطابات).

## بەڵگەنامە یاساییەکان ( المستندات القانونية).

دۆکیومێنتە کارگێڕیەکان ( الوثائق الادارية)( Jacquet, ٢٠١٣, p٧٠)

سوودی لێکۆڵینەوە لەم دۆکیومێنتە ئەرشیف کراوانە چیین بۆ سەردەمی ئێستا؟

شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەرشیفەکان بابەتێکی سەرنج راکێشە و چەندیین ساڵە توێژەران پێوەی خەریکن و بەردەوام کاری لەسەر ئەکەن، وە ئەم ئەرشیفانە لە سەرتاسەری سەردەمە مێژوویەکانی وڵاتی دوو رووبار دا ئەبینرێت لە گشت ئەو ناوچانەی کە نووسینی مێخی تێدا بەکارهاتووە، وە لەبەر ئەوەی دامەزراوە گشتییەکان( کۆشك و پەرستگا) دیارترین یەکە ئابوورییەکانی ئەو سەردەمە بوون و دەستیان گرتبوو بەسەر شادەمارەکانی لایەنی ئابووریی وڵاتدا هەربۆیە زۆرترین زانیاری دەربارەی ئەم یەکەیەی ئابووریی لە رێگای ئەم ئەرشیفانەوە دەست کەوتوون چوونکە بە سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگ دائەنرێت بۆ دەست کەوتنی زانیارییە ورد و گرنگەکان تایبەت بە چالاکییە ئابوورییەکانی دەسەڵاتدار و دامەزراوە کارگێڕیەکانی وڵات و بنەماڵە فەرمانڕەواکان Meiroop, ١٩٩٩, p.١٦).).

سوودی ئەم ئەرشیفانە بە هەردوو جۆرەکەیەوە بە تایبەتتر ئەرشیفە تایبەتەکان و دۆکیومێنتەکانی دەفتەرگری (bookkeeping documents) بۆ توێژەرانی ئێستا یەکجار زۆرە چوونکە ئەم ئەرشیفانە چەندین جۆری دەستەواژە و زاراوە و وشە لە خۆ ئەگرن و رێژەیەکی زۆر لە ناوە کەسیەکانی تێدایە سەرەڕای هەبوونی ناوی مانگەکان و ناوی ساڵەکان و ناوی شارەکان و رۆژمێرەکانی ئەو سەردەمە، هەروەها شێوازی رێکخستنی رستەی سۆمەریی و ریزبەندیی وشەکان لەناو رستەدا و بەکارهێنانی هەندێك دەستەواژەی تایبەت کە بەڵگەنامە ئابوورییەکان جیائەکاتەوە لە بەڵگەنامە یاساییەکان، شارەزابوون لە سیستمی کێشانە و پێوانە و نرخ و بەهای کاڵاکان و زانینی ئەو پلە و پۆست و پیشانەی کەلەو سەردەمەدا باوبووە و هەبوونی چاپی مۆرەکان لەسەر بەڵگەنامە ئابوورییەکان و یاساییەکان و چەندین بابەتی تر کە بە گشتیی بەرچاوروونییەکی تەواوە بۆ توێژەران تا زیاتر شارەزابن لەسەر لایەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کارگێڕیی لەو سەردەمانەدا بە گشتیی(Molina, ٢٠١٦, pp.٤-٦).

بەڵگەنامە ئەرشیف کراوەکان لە لایەن توێژەرانەوە دابەش کراوە بەسەر دوو کۆمەڵەدا بەپێی حاڵەتی بەڵگەنامەکە :

ئەو بەڵگەنامە ئەرشیف کراوانەی کە ماوەی بەسەر چوونیان دیاری کراوە ئەم جۆرە ئەرشیفانە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کاریان پێدەکرا وە دەبوایە لەناو ببرێن لەکاتی دەست نیشانکراودا.

ئەو بەڵگەنامە ئەرشیف کراوانەی کە ماوەی بەسەرچوونیان دیاری نەکراوە ئەکرێت بۆ هەتا هەتا کاریان پێبکرێت ئەم جۆرەشیان ناسراوە بە ئەرشیفی بنەماڵەکان(Jacquet) (family arvhives, ٢٠١٣,p٧١.)

جێگای سەرنجە ئەرشیفی بنەماڵەکان یاخود ئەرشیفە نادامەزراوەییەکان یاخود ئەرشیفە تایبەتەکان کە بەشی هەرە زۆریان لە کۆمەڵەی یالی بابیلۆنیا Yale Babilonia بڵاوکراونەتەوە کە ئەگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز بە باشترین جۆری دۆکیومێنتە تۆمارکراوە ئابوورییەکان دائەنرێن بۆ شارەزابوون لە لایەنە جیاوازەکانی بازرگانیی ناوخۆیی لەو سەردەمەدا، چونکە ئەم ئەرشیفانە چالاکییە بازرگانییەکانی بازرگانەکان و بنەماڵەکانیان و سەرمایەدارەکانی تێدا تۆمارکراوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی، وەکوو کڕین و فرۆشتن و پێدانی قەرز و مامەڵەی زەویی و زار و کڕین و فرۆشتنی کۆیلە و ئاژەڵ و چەند بابەتێکی تر، جگە لەوەش ئەم ئەرشیفانە بەرچاورووونییەکی تەواومان پێ ئەدات دەربارەی شێوازی کارکردنی ئەم چالاکوانە ئابوورییانە لەناو کۆمەڵەکەی خۆیاندا کە رۆڵی نوێنەر و ئاسانکاریان ئەگێڕا و وەکوو ئەڵقەی پەیوەندیی بوون لە نێوان دەسەڵاتی کارگێڕیی دەوڵەت و تاکەکانی کۆمەڵگە(Notizia, ٢٠٢١, p.١٨١).

## ٢,٢ پێشەنگەکانی کار لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز و ئەرشیفە مێخیەکانیان

پێشەنگەکانی کاری بازرگانیی کێ بوون؟پەیوەندیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی چۆن بوو؟

پێشەنگەکانی کار لە کۆمەڵگای سۆمەریی دا ئەو تاکانە بوون کە لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە کەسانی سەرکەوتوو بوون، و ئەوانەی خاوەنی کاری تایبەت بە خۆیان بوون، ئەوانیش چەند چینێکی تایبەتی کۆمەڵگا بوون وەکوو بازرگانەکان و جووتیارەکان و کاهینەکان و پیشەگەرەکان و خزمەتکارەکانی کۆشك ، ئەم کۆمەڵە کەسانە خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆربوون هەر لە خانووبەرە و وە زەویی وزار و کۆیلە و زیو و دانەوێڵە و هەرشتێکی تری بە بەها، وە توانای قەرز پێدانیان هەبوو بە کەسانی تری کۆمەڵگا لە بەرامبەر وەرگرتنی ( قازانج) سوو(Jacquet, ٢٠١٣, p.٦٩ ).

سەبارەت بە پێشەنگەکانی کاری بازرگانیی لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوور دا بە گشتیی ئەو تاکانە بوون کە بەشێوەیەکی پشتاوپشت لە باوك و باپیرانیانەوە ئەم نازناوەیان بۆ مابوویەوە، وە ریزبەندییەکی ناوخۆیی لە نێوان کۆمەڵەی ئەو بازرگانانەدا هەبوو کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاریان ئەکرد وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی هەیانبوو یەکێکیان ئەکرا بە گەورە و چاودێر بەسەر هاوپیشەکانی خۆیدا و رۆڵی بەرپرس و دەسەڵاتداری ئەگێڕا بە سەریان دا و کارەکانیان لەژێر چاودێری ئەودا رایی ئەکرد کە ئەم نازناوەش بە زمانیی سۆمەریی پێی ئەوترا ئوگولا دامگار (ugula dam-gar٣) واتە سەرپەرشتیاری بازرگان، ئەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە کەڵەکەبوونی بەڵگەنامەکان و پاراستنیان لەشێوەی ئەرشیف کە ناسراوە بە ئەرشیفە تایبەتەکان بە شێوەیەکی گشتیی تایبەت بووە بەم ئەندامە پێشەنگانەی ناو کۆمەڵگا(Garfinkle, ٢٠١٢, p.٧٧). سەبارەت بە پەیوەندیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی، ئەم کۆمەڵە بازرگانە هەرچەندە سەربەخۆیانە کاریان ئەکرد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لە هەموو پیشەگەرەکانی تر پەیوەست بوون بە دەسەڵاتی کارگێڕی دەوڵەت و پەیوەندیەکی توندوتۆڵیان هەبوو لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی ئەو سەردەمەدا ئەمەش بۆ پاراستنی بەرژەوندیەکانی خۆیان بوو چوونکە لەژێر سایەی بنەماڵە پادشاییەکانەوە سەروەتێکی زۆریان بۆخۆیان کۆکردبوویەوە و بەرژەوەندی هاوبەشیان

هەبوو پێکەوە (Garfinkle, ٢٠١٢, p.٧٧)، لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتی کارگێڕی دەوڵەت بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە کارو چالاکیی بازرگانەکان بەستبوو بۆ دەستەبەرکردن و پڕکردنەوەی پێویستیەکانی وڵات و کۆشك و پەرستگا هەربۆیە چالاکیی بازرگانەکان گرنگییەگی زۆری هەبوو بۆ رێکخراوە ناوخۆییە ئابوورییەکانی دەوڵەتیی سێیەمی ئوور(Garfinkle, ٢٠٠٠, p.١٢١). لە دەقە مێخییەکانی ئەو سەردەمەدا چەند کەسایەتیەکی دیاری ناو کۆمەڵگای بازرگانەکان ناویان هاتووە و دەرکەوتوون، لەوانەش dEnlilla-lu٢)) لو_ ئینلیلا ی بازرگان کەلە سەردەمیی پادشا (ئەبی- سین) لە ئووری پایتەخت کاری ئەکرد(Leemans, op.cit.,, ١٩٥٠, p. ١٩- ٢٠)، هەروەها ur- dumu zida ) ئوور_ دموزیدا لە شاری ئۆما، وە (ur –dun) ئوور_ دون لە شاری نیپور( Neuminn , ١٩٩٩, p.٤٨- ٥٣)، بەڵام لەم کۆتایانەدا ناوی هەندێك لە بازرگانیی دیکە دەرکەوتن کە ئەرشیفێکی دەوڵەمەندیان لەدوای خۆیان بەجێهێشتووە وە لە لایەن چەند توێژەری شارەزای زمانەکۆنەکانەوە بەشێکی زۆری دەقەکانیان خوێندنەوە و شیکردنەوەیان بۆ کراوە و بڵاوکراونەتەوە، وە ئەرشیفەکانیان بووە مایەی قسەو باسێکی زۆر لە نێوان توێژەرانی بواری زمانەکۆنەکان چوونکە ئەو ئەرشیفانە تا رادەیەك دەگمەن بوون وە باس لە کار و چالاکییە تاکە کەسیەکانی بازرگانێك ئەکەن لەو سەردەمەدا پێشەنگی کۆمەڵەکەی خۆیان بوون ئەوانیش بازرگان تورام _ ئیلی (Mieroop )(Turam_ ili, ١٩٨٦,p١) و بازرگان سی_ئا_ئا (Si. A_a) و بازرگان ئوور- نوسکا (Garfinkle)(Ur- Nuska, ٢٠١٢, p.٣٤) وبازرگان ئیصیدوم (Kamil)( EṢidum, ٢٠١٥,pp.١٧-١٤٦) ، ئەگەر هەیە لە داهاتوودا ئەرشیفی بازرگانیی تریش بدۆزرێتەوە و ناوی چەند بازرگانیی تریش دەربکەون کە جێ پەنجەی خۆیان بەجێهێشتبێ لە بواری بازرگانیی و ئابووریی وڵاتی سۆمەر لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز دا. لەم بەشەی خوارەوە دا باس لە ئەرشیفی سێ لە دیارترین بازرگانەکانی وڵاتی سۆمەر ئەکەین کە لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەم دا رۆڵیان هەبووە لە بواری بازرگانیی ناوخۆیی و ئەرشیفێکی دەوڵەمەندیان بەجێهێشتووە:

ئەرشیفی بازرگان تورام – ئیلی Turam- ili

ناوی تورام – ئیلی لە دووبڕگە پێك هاتووە بڕگەی یەکەم تورام Turam بە واتای بگەڕێوە وە بڕگەی دووەم ئیلی ili بە مانای خواوەندم یان گەورەم دێت، مانای ناوەکەی بە گشتیی واتا (بگەڕێوە بۆلام خواوەندم)، ئەم ناوەش یەکێکە لەو ناوانەی کە لە سەردەمیی بنەماڵەی سێیەمی ئوور دا باو بوو وە لە بنەڕەتێکی ئەکەدییەوە سەرچاوەی گرتووە و لە دەقەکانی ئەو سەردەمەدا بە شێوەیەکی بەرچاو دووبارە بووەتەوە) الجنابي،٢٠١٤، ص١١٦). تورام – ئیلی کوڕی یەکێك لە بازرگانەکانی ئەو سەردەمە بووە بە ناوی بازا- ئا ba-za-al هەروەك لە چاپی مۆرەکانی سەر دەقەکانی ناو ئەرشیفی تورام – ئیلی دەرئەکەوێت (Mayr, ٢٠٠٢,p٦١) هەروەك لە دەقێکی ئەرشیفەکەی خۆیدا دەرئەکەوێت تورام – ئیلی تەنها بازرگانێکی ئاسایی نەبوو بەڵکوو سەرپەرشتیاری بازرگانەکان بوو ئوگولا – دامگار (ugula dam- gar٣) بە پێی ئەم پۆستەی کە پێی درابوو بازرگانەکانی تر لە ژێر چاودێری تورام – ئیلی کاریان کردووە لەناو کۆمەڵەکەی خۆیاندا وە تورام – ئیلی بەرپرسی کاری ژمێریاری بازرگانەکان بووە، هەرچەندە ئەم بازرگانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاری تایبەتی بۆخۆی کردووە وە ئەم نازناوەی بە پێی مافێکی میراتگری بۆ مابوویەوە لە باوکییەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بازرگانەکانی ئەو سەردەمە لە ناویشیاندا تورام -ئیلی

پێویستیان بە ڕێگەپێدانی دەوڵەت هەبوو تاکوو مافی ئەوەیان هەبێ دەستیان بگاتە کاروباری ژمێریاری دامەزراوە گشتییەکانی دەوڵەت(Garfinkle,٢٠٠٢, p.٣٠).

چالاکییە بازرگانییەکانی توورام – ئیلی ١٨ساڵیی خایاندووە هەروەك لە دەقەکانی ناو ئەرشیفەکەی ئاماژەی پێکراوە کە ئەم ماوەیەش لە ساڵیی ٤ حوکمڕانی پادشا ئامار- سین بۆ ساڵیی ٣ حوکمڕانی پادشا ئەبی – سین گرتووەتەوە، چالاکییەکانی توورام_ ئیلی لە ڕووی جوگرافیەوە لە ناوچەرگەی دەوڵەتی سێیەمی ئوور بوو کە ئەویش بریتی بووە لە وەرگرتن و گواستنەوەی کاڵاکان لە نێوان شارەکانی ئوور Ur و وەرکا Uruk و ئیساگدانا Esagdana لە نزیك نیپور Nippur(Garfinkle, ٢٠١٢, P.٧٧) . ئەرشیفی توورام_ ئیلی بە یەکێك لە ئەرشیفە گرنگەکان دائەنرێت لە ڕووی شوێنەواریەوە، هەرچەندە شوێنی دۆزینەوەی ئەرشیفەکە بە تەواوی نازانرێت بەڵام ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە دەقەکان لە ناوچەیەکەوە سەرچاوەیان گرتووە کە کاریگەری شارستانیەتی ئەکەدییەکان تێیدا زاڵ بوو(Garfinkle, ٢٠٠٠, p. ١١٩) ، توێژەران تێڕوانینی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە ناوچەی جوگرافیی دۆزینەوەی ئەرشیفەکەی توورام- ئیلی، هەندێك پێیان وایە لە باکووری تەل ئەل ویلایە(تل الولایة)(١٩) یاخود ئیری – ساگریگ(٢٠) دۆزرابێتەوە وە هەندێکی تریان ئەڵێن لەخودی تەل ئەل ویلایە خۆی دۆزراونەتەوە بەڵام ناتوانرێت هیچ کام لەمانە پشتڕاست بکرێنەوە تا زانیاری ورد و نوێ لەم بارەیەوە نەکەوێتە بەردەست (Taher ,٢٠١٠, p٢٥; Mayr ,٢٠٠٢, p.٥٠)، ئەوەی کە نیمچە دڵنیایەکی لەسەرە بنەچەی ڕەسەنی دەقەکانە کە وا پێئەچێت لە ناوچەی ئیری – ساگریك (iri – sagrig) هوە هاتبن هەروەك ستیڤن گارفینکل ئاماژەی پێکردووە(Garfinkle,, ٢٠١٢, P.٧٧). هۆکاری ئەم دڵنیا نەبوونە دەربارەی شوێنی دۆزینەوەی ئەرشیفەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەستکەوتنی ئەرشیفەکە لە ڕێگای کنە و پشکنینی زانستییەوە نەبوو بەڵکوو بەشێوەیەکی تەواو نهێنی دەرهێنراون و دواتر فرۆشراون(Mayr, ٢٠٠٢ ,p.٥٠). ئەرشیفەکەی توورام – ئیلی لەلایەن کۆمەڵێك لە توێژەرانەوە خوێندنەوە و شیکردنەوەی بۆکراوە و بڵاوکراونەتەوە لە چەند ساڵێکی جیاواز دا لە پێشەوەی هەموویانەوە مارك ڤان دی میروپ (٤٠) دەق(Mieroop,١٩٨٦, pp.١-٨٠)، وە ستیڤن ج. گارفینکل (٧٥) دەق لە چەند ساڵێکی جیاوازدا بڵاوی کردووەتەوە(Garfinkle, ٢٠٠٠, pp.١١٩-١٧١; Garfinkle, ٢٠٠٢,pp. ٢٩-٤٨, ; Garfinkle, ٢٠١٢, pp.٧٧-١٠٨)، جاسم عبدالامیر جاسم الجنابي ( ٢٩) دەق لە مۆزەخانەی عێراقیی وەرگیراوە(الجنابي، ٢٠١٤، ص٦-١٦٢)، وە سروود موحەمەد تاڵب ( ٢) دەق لە مۆزەخانەی سلێمانی وەرگیراوە(Taher, ٢٠١٠, pp.٢٥-٢٧) ، کۆی سەرجەم ئەو دەقانەی ئەگەڕێنەوە بۆ ئەرشیفەکەی توورام – ئیلی کە تاکوو ئێستا خوێندنەوە و شیکردنەوەیان بۆکراوە و بڵاوکراوەتەوە ئەگاتە (١٤٦) دەق بەڵام ناتوانیین ئەم ژمارەیە بە کۆتا داتا دابنێین و بڵێیین ئەرشیفەکەی لە ١٤٦ دەق پێك دێت چوونکە ئەگەری هەیە لە داهاتوودا دەقی زیاتر بدۆزرێتەوە کە سەر بە ئەرشیفی ئەم بازرگانە بن. لە لایەکی ترەوە چەند دەقێکی تر لەم ساڵانەی کۆتاییدا خوێندنەوە و شیکردنەویان بۆکراوە و بە بەشێك لە ئەرشیفەکەی توورام – ئیلی داندراوە بە بێ ئەوەی ناوی توورام – ئیلی تێیدا هاتبێت بەڵام پشتی بەستووە بە ناوی کەسایەتی و ناوی مانگەکان کە پێشتر لە ئەرشیفی توورام -ئیلی دا دەست نیشان کراون(Notizia,٢٠٢١, pp.١٩٠) ). لە ئەنجامی خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقەکانی ئەرشیفی توورام – ئیلی دەرکەوتووە ئەم بازرگانە سێ جۆر بەرپرسیارێتی هەبوو، سەرپەرشتیار

و چاودێری کاروباری ژمێریاری بازرگانەکان بوو بە شێوەیەکی راستەوخۆ، وە نوێنەری بازرگانەکان بوو لە رایی کردنی کار و بارە پیشەییەکان ، وە بەشداری ئەکرد لە کۆکردنەوەی باجی کشتوکاڵی لە بری کارگێڕی ناوەندیی دەوڵەتی سێیەمی ئوور، وە چالاکییە ئابوورییەکانی تورام-ئیلی گەیشتبووە سەرجەم ناوچەکانی باشووری وڵاتی دوو رووبار و لەگەڵ دامەزراوە بازرگانییە جیاوازەکاندا کاری ئەکرد (Garfinkle, ٢٠١٢, ١٠٧-١٠٨.pp). ئەو بابەتانەی کەلە ئەرشیفەکەیدا تۆمار کراون چەند جۆرێکن کە بەشی هەرە زۆری دەقەکان بریتیین لە پسولەکانی وەرگرتن کە بابەتی جیاواز لەخۆ ئەگرێت وەکوو پسولەکانی وەرگرتنی کاڵا جیاواز و سادەکان هەروەها رێکەوتن نامەی قەرز و دانەوەی قەرزە شایستەکان و داواکاریەکانی کڕین، کە لە زۆربەی دەقەکاندا تورام – ئیلی کەسی پێدەری (المصدر) پسولەکەیە بەڵام لە چەند حاڵەتێکدا وەکو کەسی وەرگر ( المستلم) ناوی هاتووە(Garfinkle, ٢٠٠٢, ٣٠.p ).

گرنگیی ئەرشیفەکەی تورام – ئیلی لە چەند خاڵێکدایە کە لە دەقە ئابوورییەکانی پێشووتر لە هەمان سەردەمیی ئووری سێیەم دا نەبینراوە ئەوانیش بریتین لە :

ئەرشیفەکە بەرچاو روونیەکمان پێئەدات سەبارەت بە چۆنیەتی رێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری بازرگانیی بازرگانە سەربەخۆکان ئەوانەی بەشێك نەبوون لە دامەزراوە حکومییەکان و کاریان بۆ خۆیان ئەکرد .(نا-دامەزراوەییەکان)

سەرجەم دەقەکانی ناو ئەرشیفەکە تایبەت بوون بە کار و چالاکییەکانی خۆی کە زۆربەی کات هەمان چالاکیی چەند جارێك دووبارە بووەتەوە و تۆمارکراوە کە ئەمەش لە دەقە ئابوورییەکانی پێشتردا نەبینراوە کە ئەگەڕێنەوە بۆ هەمان سەردەم.

پلە و پۆستی تورام – ئیلی لەناو کۆمەڵێك لە هاوپیشەکانی دا تێڕوانینێکی قوڵمان پێ ئەبەخشێت سەبارەت بە سیستمی کاروباری ژمێریاریی هاوسەنگ لەو سەردەمەدا .

ئەرشیفەکە ئەوەمان بۆ دەرئەخات کەوا بازرگانەکان تا رادەیەکی باش سەربەخۆبوون بەڵام پەیوەندیەکی توندوتۆڵیان هەبوو لەگەڵ کارگێڕی ناوەندیی دەوڵەت چوونکە دەوڵەت پشتی بەستبوو بە کار و چالاکییەکانیی ئەم بازرگانانە کە بە تەواوکەری دامەزراوە ئابوورییە ناوخۆییەکانی دەوڵەت دائەنران .

ئەرشیفەکە کۆمەڵە چالاکییەك ئەخاتە روو کە بازرگانەکانی سەردەمیی سێیەمی ئوور پێوەی خەریك بوون لەوانەش مامەڵەکانی کڕین و گواستنەوەی کاڵا جیاوازەکان وهەندێك جار وەکوو قەرزدەر و هەندێك جاریش وەکو قەرزدار دەرکەوتووە (Garfinkle, ٢٠٠٢ , ٣٠-٣١.pp)

جێگای سەرنجە لە ئەرشیفەکەی تورام – ئیلی دا ناوی ژمارەیەکی زۆر لەو بازرگانانە دەرکەوتووە کە کاریان لەگەڵدا ئەکرد یان لەناو دەقەکان ئاماژەی پێدراوە یاخود لە چاپی مۆرەکانی سەر دەقەکان، هۆکارەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو پۆستە سەرەکیەی لەناو بازرگانەکاندا هەیبوو پێویست بوو بەردەوام لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵیان و ئاگاداری گشتووردەکاریەکانی پیشەکەی بێت، لە لایەکی ترەوە پەیوەندیەکی توندوتۆڵی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی هەبوو وەکو نوێنەر و بریکاری حکومەت کاری ئەکرد و خاوەن دامەزراوەیەکی گەورەی بازرگانیی بوو، ئەمەش وایکرد لەناو بازرگانەکاندا ئاستێکی باڵای هەبێت و دەسەڵاتی هەبێت بەسەریاندا Garfinkle , ٢٠٠٢, ٣١.pp) )

یەکێك لەو بابەتانەی لە ئەرشیفەکەی تورام -ئیلی دا دەرئەکەوێت (خێزانە بازرگانەکان) و (رێکخراوە پیشەییەکان) ن، خێزانە بازرگانەکان لە نێوان خۆیاندا پەیوەست بوون بە رێکخستنێکی پتەو و توندوتۆڵ بە تایبەتییش ئەو خێزانە بازرگانانەی کە بە فەرمی لە لایەن دەسەڵاتەوە دانیان پێدانرابوو شێوازی کارکردنیان دابەش کرابوو بە پێی ئاستی لێهاتوویییان، وە لە کارکردندا وەکو هاوبەش بوون هەر ئەوان بوون کە دەستیان گرتبوو بەسەر پیشەکەدا و لەناو هەمان خێزاندا لە باوانەوە بۆ کوڕەکان دەمایەوە هەندێك جار چەند کوڕێك لە هەمان نەوەدا و لە یەك کاتدا پیشەو نازناوی باوکیان بۆ مابوویەوە(الجنابي، ٢٠١٤، ص. ١١٩) ، لە لایەکی ترەوە وا دەرئەکەوێت پەیوەندیەك لە نێوان خێزانە بازرگانەکان و رێکخراوە پیشەییەکاندا هەبووبێت هەرچەندە بە شێوەیەکی راستەوخۆ باس لەو پەیوەندیە نەکراوە لە دەقەکانی تورام – ئیلی دا بەڵام هەندێك ئاماژە لە دەقەکاندا هەن کەوا خێزانە بازرگانەکان و رێکخراوە پیشەییەکان پەیوەست بوون بەیەکتر وە لەژێر چاودێری تورام – ئیلی دا بازرگانەکان کۆمەڵەیەکی بازرگانیی خێزانیان پێك هێنابوو کە زۆربەی کات برا و کوڕی بازرگانەکان وەکوو یارمەتیدەرێك لە مامەڵە و کارەکانیدا دەرئەکەون(Garfinkle, ٢٠١٢,p.١٠٠.) ، هەروەها ئەو بازرگانانەی کە سەر بە یەك کۆمەڵەی بازرگانیی بوون مافی ئەوەیان هەبوو لە بری یەکتری کارەکان راپەڕێنن وجێ بە جێی بکەن، کە لە زۆربەی مامەڵەکاندا وەکو هاوبەشی کار دەرئەکەوتن و بە شێوەیەکی زۆر ورد لە نێوان خۆیاندا کارەکانیان رێکخستبوو(Garfinkle, ٢٠٠٢, ٣٢.p).

یەکێکی تر لەو بابەتانەی لە ئەرشیفی تورام- ئیلی دا جێگای سەرنجە چاپی مۆرەکانی سەر دەقەکانن هەروەك لە لایەن رۆدۆڵف مایر توێژینەوەی بۆکراوە دەئەکەوێت کەوا بەشی هەرە زۆری روونووسەکان مۆرکراون یاخود لەناو بەرگێکی قورییندان(٢١) و بەرگەکە مۆرکراوە، جۆری قورەکەی سورنەکراوە، ژمارەیەکی کەمی ئەو روونووسانە مۆرنەکراون و لەناو بەرگدا هەڵنەگیراون، بە شێوەیەکی گشتیی نەقشی مۆرەکان هاوشێوەن کە تییدا ناوی بنەماڵەی خاوەن مۆرەکە و نازناوەکەی لەخۆئەگرێت لەگەڵ نووسینی دەستەواژەی دامگار dam-gar٣ لە پێش یان لە دوای ناوی باوکی خاوەن مۆرەکە بەهۆکاری ئەوەی سەرجەم ئەوانەی لە دەقەکاندا ناویان هاتووە بازرگان بوون هەربۆیە ئاماژە کردن بە دەستەواژەی دامگار لەگەڵ ناوی باوکی خاوەن مۆر مانای ئەوە ئەگەیەنێت لە بنەماڵەیەکی بازرگانەوە هاتووە و لە باوکیەوە نازناوەکەی وەرگرتووە ( Mayr, ٢٠٠٢, pp. ٥٠-٥٢).

رۆژمێری ئەرشیفی تورام – ئیلی: یەکێکی تری بابەتەکانی ئەم ئەرشیفە بریتیە لەو رۆژمێرەی لە دەقەکاندا کاری پێکراوە، هەروەك لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ناوی مانگەکانەوە توێژەران بۆیان دەرکەوتووە لە ئەرشیفەکەی تورام – ئیلی دا زیاتر لە رۆ ژمێرێك کاری پێکراوە هەروەك بۆیان دەرکەوت ناوی هەندێك لەو مانگانەی کە لەناو ئەو ئەرشیفەدا هاتووە جیاوازە لە ناوی ئەو مانگانەی کەلە رۆژمێری دەقە ئابوورییەکانی  تردا بەدی ئەکرێت کە لە هەمان سەردەم و هەمان ناوچەی ئەرشیفەکەی تورام – ئیلی دابوون بگرە ناوی هەندێك مانگ تییدا بەکارهاتووە کە پێشتر لە رۆژمێری ئەو ناوچانەدا بوونی نەبووە و تەواو تازەن، جێگای سەرنجە بەکارهێنانی زیاتر لە یەك رۆژمێر لە یەك ئەرشیفدا کارێکی سەرسوڕماناویە بۆ توێژەران وە تا رادەیەك نەگونجاوە لە رووی کارگێڕیەوە، هەربۆیە

توێژەران هەوڵیانداوە لێکدانەوە بۆ ئەم بابەتە بکەن تا بگەنە دەرئەنجامێکی رازیکەر ئایا بۆچی زیاتر لە رۆژ مێرێکی بەکارهێناوە و ژمارەیەکی زۆر لە ناوی مانگەکان لە ئەرشیفەکەدا بەدی ئەکرێت؟ یەکێك لەو گریمانانەی بۆ ئەم بابەتە کراوە ئەڵێت وا پێئەچێت ئەو نووسەرەی (dub- sar)کە کاری تۆمارکردنی دەقەکانی بۆ تورام – ئیلی کردووە لەسەر بنەمای جیاوازی رەچەڵەك و بنەڕەتی کرێارەکان کەلە شار و ناوچەی جیاوازەوە هاتبوون ناوی ئەو مانگانەی بەکارهێناوە کەلە رۆژژمێری ئەو ناوچانەدا کاری پێئەکرا کە کرێارەکانی لێوە هاتبوو یاخود بە پێی رۆژمێری ئەو شارەی کە گرێبەستەکەی تێدا تۆمارکراوەWidell, ۲۰۰۳, ۲.PP)).

لە گریمانەیەکی تردا بۆچوونی توێژەر ماگنوس ویدڵ (Magnus Widell) ئەوەیە بەکارهێنانی زیاتر لە رۆژمێرێك لە ئەرشیفی تورام – ئیلی دا ئەگەرێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکاری و رێکخستنەوانەی بۆ رۆژمێرەکان کراوە لە سەردەمیی بنەماڵەی سێیەمی ئوور دا بە هۆکاری نادیار، وە لەبەر ئەوەی ماوەی کارکردنی ئەم بازرگانە ۱۸ساڵیی خایاندووە کە لەم ماوەیەشدا ۳ پادشای جیاواز فەرمانڕەواییان کردووە و گۆڕانکاری زۆر لە رووی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە بەسەر ئەو ناوچانەدا هاتووە کە فەرمانڕەواییان ئەکرد بە تایبەتیش لە دوای کزبوونی دەسەڵاتی بنەماڵەی سێیەمی ئوور لە سەردەمیی پادشا ئەبی – سین، ئەمە پێئەچێت یەکێك بێت لەو هۆکارانەی کە تێیدا دەستکاری ناوی مانگی رۆ ژمێرەکان کرابێت و رەنگدانەوەی هۆزە ئامورییەکان هەبووبێت لەسەر دانانی ناوی مانگی نوێ کە پێشتر لە رۆژژمێری سۆمەریی دا بوونی نەبووە، هەروەك ناوی مانگی تامخیرو (tamḫiru) کەلە یەکێك لە دەقەکانی تورام – ئیلی دا ئاماژەی پێکراوە ( Widell, ۲۰۰۳, ٥.p). بە پێی شیکردنەوەکانی ڤان دی میروپ بۆ ئەو ٤۰ دەقەی کە کردوویەتی لە ئەرشیفەکەی تورام – ئیلی دا ناوی ۱۳ مانگی دەست نیشان کردووە (Mieroop, ۱۹۸٦, p. ۳.)، وە لێکۆڵینەوەکەی ستیڤن گارفینکڵ کە لیکۆڵینەوەیەکی نوێترە و وردترە بۆ ئەرشیفی تورام -ئیلی، دوو مانگی تری دەست نیشان کرد کەلە لیستی مانگەکانی ڤان دی میروپ نەبوو بەم پێیەش بە پێی لێکدانەوەکەی گارفینکڵ لیستەکە لە ۱٥ مانگ پێك دێت، بەڵام لە نوێترین لیکۆڵینەوەدا کە ماگنوس ویدڵ لەسەر هەمان بابەت کردوویەتی دووبارە لیستی ناوی مانگەکانی دارێژرایەوەو ناوی ۱۲ مانگی دەست نیشان کرد لە ئەرشیفی تورام – ئیلی دا Widell, ۲۰۰۳, ۳-٦.pp) ) .

ناوەرۆکی دەقەکان: ناوەرۆکی دەقەکانی ئەرشیفەکەی تورام – ئیلی چەند بابەتێك لە خۆ ئەگرێت کە بەشی هەرە زۆری دەقەکان بریتیین لە پسولەکانی وەرگرتن ( وصولات استلام) بە تایبەتیش پسولە سادەکان ئەوانەی کەمتریین زانیاریان تێدا تۆمارکراوە کەبە کۆنترین دەقە تۆمارکراوەکانی ئەرشیفی تورام – ئیلی دائەنرێت، کە تێیدا چالاکییە رۆژانەکانی وەرگرتنی کەل و پەلە جیاوازەکان تۆمارکراوە، لەوانەش پسولەی وەرگرتنی کانزا بە نرخەکانی وەکوو زێڕ و زیو بە برێکی زۆر کە کەسانی وەرگر لەم جۆرە پسولانەدا یان بەرپرسەکانن یانیش بازرگانەکانن، هەروەها پسولەکانی وەرگرتنی کاڵای هەمەجۆر و هەمە چەشن وەکوو ( پێستەی مانگا، سندوقی گەورەی مس، سیر و پیاز و بەزالیا و نۆك و گەچ و بەردی هاڕین و ئارد و جۆ و تەختە و مەڕوماڵات و زۆر بابەتی تر) ئەمەش دووبارە ئاماژەیەکە بۆ رۆڵە گرنگ و سەرەکیەکەی تورام – ئیلی لەناو کۆمەڵەی بازرگانەکان و کۆمەڵگاکەی خۆیدا کە وەکوو ئەڵقەیەکی پەیوەندی کاری

ئەکرد لە نێوان دامەزراوە گەورەکان و بازرگانەکانی تردا (Garfinkle, ٢٠١٢, pp.٩٠-٩١) جێگای سەرنجە بە شێوەیەیکی گشتیی تورام – ئیلی کەسی پێدەری پسولەکانە تەنها لە چەند حاڵەتێکی کەمدا نەبێت کەسی وەرگری پسولەکەیە) Garfinkle, ٢٠٠٢, p.٣). لە ناوەڕۆکی دەقی پسولەکانەوە دەرئەکەوێت تورام – ئیلی پەیوەندیەکی بەهێزی هەبووە هەم لەگەڵ کۆشك و هەم لەگەڵ بازرگانە هاوپیشەکانی دا جگە لەوەی بازنەیەکی فراوانی کارکردنی هەبوو لەگەڵ ناوچە جیاوازەکانی دەوڵەتی سێیەمی ئوور لەوانەش شارەکانی ئوور و وەرکا و پوزرش – داگان، هەر لە رێی ئەم پسولانەوە ئەوەمان بۆ روون ئەبێتەوە بازرگانەکان بە چ شێوازێك کارەکانیان رێکدەخست لە نێوان خۆیاندا و کارئاسانیان ئەکرد بۆ نوێنەرەکانیان لە مامەڵەکانی ئاڵوگۆڕ و کۆکردنەوەی باج لە جیاتی دەسەڵاتدارەکانی دەوڵەتی سێیەمی ئوور (الجنابي، ٢٠١٤ ص. ١٢٠). هەروەها لەم پسولانەدا یەکێکی تر لە چالاکییە گرنگەکانی تورام – ئیلی مان بۆ دەرئەکەوێت ئەویش بەشداری کردنیەتی لە کۆکردنەوەی باجی کشتوکاڵی کە لێرەدا تەنها کاری لەگەڵ هەژماری دامەزراوەیی پەرستگاکان نەکردووە بەڵکو بەشداربووە لە بەڕێوەبردنی گەورەتریین هەژماری دەوڵەت و حکوومەت (Garfinkle, ٢٠١٢, p.١٠٦)

یەکێکی تر لەو بابەتانەی لە ئەرشیفەکەدا هەیە بابەتی قەرز پێدانە لەسەر شێوەی قەرزی بەبێ قازانج و قەرزی باو و قەرزی هەژماری هاوتابوون، کە نزیکەی ١٥٪ ئەرشیفەکە پێکدێت لە دۆکیومێنتی قەرزپێدان، هەرچەندە لەو سەردەمەدا رۆڵی سەرەکی بازرگانەکان بریتی بووە لە مامەڵەکانی کڕین و فرۆشتنی کاڵاکان لە بری بەڵێندەرەکانیان بەڵام لەپاڵ ئەم کارەشدا لەو سەرمایە تایبەتەی کە خۆیان بەدەستیان هێنابوو زییو یان جۆیان بە قەرز ئەدا بەوانەی کە پێویستیانە و ئەمەش بوو بە سەرچاوەیەکی تری هێنانی داهات بۆیان و قازانجی زۆریان لەم قەرزانەوە بەدەست ئەهێنا بە شێوەیەك کە هۆکاری سەرەکی کۆکردنەوەی سەروەت و سامانەکەیان لە قەرزپێدانەوە بووGarfinkle, ٢٠١٢,p. ٨٢) ). بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە بابەتی فرۆشتن لە دەقەکاندا تۆمار نەکراوە ئەمەش تا رادەیەك نەگونجاوە لەگەڵ ئاستی گەورە بازرگانێکی وەکو تورام – ئیلی کە هیچ مامەڵەیەکی فرۆشتن لە ئەرشیفەکەیدا نەبێت ئەمەش دوو لێکدانەوەی بۆکراوە : ١. ئەو ئەرشیفەی بە دەستمان گەیشتووە تایبەتە بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەو بازرگانانەی لە ژێر سەرپەرشتیاری تورام – ئیلی کاریان کردووە ٢. تەنها بەشێکی کەمی ئەرشیفەکەیمان بە دەست گەیشتووەو ئەگەری هەیە بەشی تری لێبدۆزرێتەوە لە داهاتوودا( Garfinkle, ٢٠١٢, pp.٨١-٨٧).

بە گشتیی ئەرشیفەکەی تورام – ئیلی بەرچاوروونیەکی تەواومان پێ ئەدات دەربارەی کار و چالاکییەکانی بازرگانە پیشەنگەکانی سەردەمی سێیەمی ئوور ، هەروەها بەشداری کردنی ئەم بازرگانە لە رێکخستن و گواستنەوەی کاڵا و کەرستە جۆراوجۆرەکان، وە هەندێك کات قەرزدەر بوو هەندێك کاتی تریش قەرزداربوو (Garfinkle, ٢٠٠٢, p.٣٠).

ئەرشیفی بازرگان سی- ئا-ئا ( Si . A-a )

هەروەك لە چەند دەقێکی ئەرشیفەکەیدا دەرئەکەوێت سی- ئا- ئا کوڕی کەسایەتییەکە بەناوی ئیلوم- بانی ilum – bani (Steinkeller, ١٩٨٩, p.٣٠٧)، وە خاوەنی چوار برا بووە بە ناوی ( گاریلی Garili ، ئامور-

ئیلام Amur-ilam، ناخاروم Naḫarum، ئابایا Abaya) ، هەروەها ناوی سێ لە برازاکانی لە دەقەکاندا ئاماژەیان پێکراوە ( ئاگوئا Agu'a ، ئاگو Agu ، شیرازو Šerazu)، وە خاوەنی سێ کوڕ بووە بە ناوەکانی (ئاخو- وەقار Aḫu- waqar ، پوزورشونی Puzuršuni ، نور-ئیلی Nur-ili )، جگە لە دوو ناوی تر کە کوڕی یەکێك لە برازاکانیەتی وەکوو گەواهیدەر لە دەقەکاندا ئاماژەیان پێکراوە ئەوانیش( ئادالال Adalal و زالوم Zalum کە کوڕی ئاگوا ) بوون (Garfinkle, ٢٠٠٣, pp. ١٦٥-١٦٦.).

سەبارەت بە ناوی سی. ئا- ئا و چۆنیەتی خوێندنەوەی لە دەقە مێخییەکاندا تا ئێستا یەکلایی نەکراوەتەوە و توێژەران خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ کردووە، کۆنترینیان لە لایەن لیۆ ئۆپینهایم A. Leo Oppenheim ناوی si.A-um بە شێوەی watrumumوەتروم/ وەترا watrum/ watra خوێندوەتەوە لە کاتی شیکردنەوەی یەکێك لە دەقەکانی ئەم بازرگانەدا (Oppenheim, ١٩٤٨, p.٢٠٨) ، هەروەها شتاینکیلەر نووسیویەتی « دڵنیا نین لە خوێندنەوەی ناوی si.A-a لەوانەیە i'a'aš یان watra بێت» (Steinkeller, ١٩٨٩, p. ٣٠٩.)، وە گارفینکڵ پێشنیازی ئەوە ئەکات کە ناوی si.A-a و si.A-um دوو خوێندنەوەی جیاوازن بۆ هەمان ناو، وە پێی وایە ئەمە ناوە راستەکەبێت و لە توێژینەوەکەیدا بۆ ئەرشیفی ئەم بازرگانە بە شێوەی سی- ئا- ئا si.A-a خوێندنەوەی بۆ کردووە (Garfinkle , ٢٠١٢, p.١٥٥) .

نازناوی سەرەکی سی – ئا- ئا لە رووی پیشەییەوە بریتی بوو لە لێپرسراوی شوانەکان ( na- gada Steinkeller,١٩٨٩, p.٣٠٧) )

سنووری کارکردنی لە ناوچەکانی باکووری دەوڵەتی سێیەمی ئوور دا بوو لە شارۆچکەیەکی بچووك یاخود نشینگەیەکی لادێیی ناسراو بە ماشکان- پوشا(=Steinkeller ) (maš-gán-bu-saki maškn-puša, ٢٠٠٢, p.١١٨) ، هەرچەندە چەند دەقێکی کەمی ئەرشیفەکەی بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەستن بەو نازناوەی کە هەیبوو بەڵام وا دەرئەکەوێت هیچ کات لە چالاکییە رۆژانەکانی پیشەی شوانکاریدا بەشداری نەبووە بەڵکوو سەرچاوەی سەرەکی سەروەت و سامانەکەی لە پێدانی قەرزەوە بەدەست هێناوە ئەمەش رەنگدانەوەی تەواوی لەسەر دەقەکانی هەبووە هەربۆیە ٦٨٪ ئەو دەقانەی لە ئەرشیفەکەیدا تا ئێستا خوێندنەوەی بۆکراوە گرێبەستی قەرزن (Steinkeller, ١٩٨٩, p.٣٠٧.; Garfinkle, ٢٠٠٤, p.٢٤)، وە پۆستی لێپرسراوی شوانەکان کە هەیبوو لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە وەکو پاداشتێك وەریگرتبوو، سی – ئا- ئا لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و سەرکەوتوو بوو، کە چالاکانە بەیەکەوە کاریان ئەکرد بۆ فراوانتر کردنی سەرچاوەکانی داهاتەکەیان وە خۆی و خێزانەکەی لەناو کۆمەڵگادا پێگەیەکی دیار و بەرچاویان هەبووە لە رایی کردنی پیشەی لێپرسراوی شوانەکان کە جگە لە خۆی دوو لە براکانیشی بەناوی گاریلی و ئابایا بە هەمان شێوەی سی- ئا- ئا نازناوی نا-گادا لێپرسراوی شوانەکان یان هەبووە (Garfinkle, ٢٠٠٤, p.٢٤.; Garfinkle,,٢٠١٢,p.٣٦-٣٧) وە لە ئەرشیفەکەیدا دەرکەوتووە ئەو سامانەی کە بە دەستی هێنابوو لە ئەنجامی چالاکییە بازرگانییە جیاوازەکانەوە وەبەرهێنانی پێ ئەکرد لە کڕین و فرۆشتنی کۆیلە و زەویی و زار و ئاژەڵ دا وە لە هەوڵی ئەوەدا بوو دەست بگرێت بەسەر زۆرترین پارچە زەویی کشتوکاڵی، زۆربەی جار ئەم چالاکییە جیاوازانەی سی- ئا – ئا بە هاوبەشیی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی خۆیدا جێ بە جێ ئەکرا (Garfinkle, ٢٠٠٠,p. ٤٦.)، لە یەکێك لە دەقەکانی ئەرشیفەکەیدا سی- ئا – ئا

وەکوو گەورە و سەرداری بنەماڵەکەی دەرئەکەوێت و لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا چالاکانە کاریان ئەکرد بۆ زیادکردنی داهاتەکەیان لە ڕێگای دەست گرتنیان بەسەر هۆکارە جیاوازەکانی بەرهەمهێنان تا رادەیەك دەستیان بە ئابووریی کشتوکاڵیش گەیشتبوو، هەموو ئەمانەش بە هۆی ئەو داهاتە زۆرەوە بوو کە لە ئەنجامی پێدانی قەزرەوە بەدەستیان هێنا بوو، هەرچەندە خێزانەکەی دەستیان گرتبوو بەسەر پیشەیەکی ناوخۆیی (لۆکاڵی) گرنگ کە شوانکارەیی ( بەخێوکردنی مەڕومالات) بوو بەلام رۆڵی سی - ئا- ئا وەکوو قەرزپێدەر کاریگەری هەبوو لەسەر بەهێزکردنی پێگەکەی لە کۆمەڵگادا، هەرچەندە خۆی و بنەماڵەکەی هیچ پەیوەندیەکی بەرچاویان لەگەڵ دامەزراوە حکومیەکاندا نەبوو بەلام لە لیستی قەرزدارەکانیدا ژمارەیەك بەرپرس و کەسایەتیە دیارەکانی کەرتی سەربازی و دامەزراوە حکوومیەکان بوونیان هەبوو(Garfinkle, ٢٠٠٠,p. ٤٦).

ماوەی کارکردنی ئەم بازرگانە نزیکەی ٢٩ ساڵیی خایاندووە ئەم ماوەیەش کەوتووەتە ناوەڕاستی سەدەی ٢١ پ.ز ، وە لەم ماوەیەدا ٤ پادشا فەرمانڕەوایی دەوڵەتی سێیەمی ئووریان کردووە، وە بەشی هەرە زۆری دەقەکانی ئەگەڕێنەوە بۆ نیوەی دووەمی ئەو سەردەمە بە تایبەتتر سەردەمیی حووکمڕانی پادشا شو-سین و پادشا ئەبی- سین ، هەروەك دەرکەوتووە یەکەم دەقی تۆمارکراوی ئەرشیفەکەی بەرواری ساڵیی ٤٠ پادشا شولگی لەسەرە وە کۆتا دەقی تۆمارکراوی ئەرشیفەکەی بەرواری ساڵی ٢ فەرمانڕەوایی پادشا ئەبی- سین ی لەسەرە (Garfinkle, ٢٠٠٠,p. ٤٦.)

ئەرشیفی سی - ئا- ئا بە گەورەترین ئەرشیف دائەنرێت )لە دوای ئەرشیفی تورام - ئیلی( تا ئێستا دۆزرابێتەوە کە تایبەت بێت بە کار و چالاکییەکانی یەکێك لە پیشەنگەکانی کار لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز، تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە دەقەکانی ئەرشیفەکەی خوێندنەوە و شیکردنەوەی بۆکراوە و گرنگییەکی زۆری پێدراوە لە لایەن توێژەرەرانەوە، وە بە یەکێك لە ئەرشیفە دەگمەنەکانی سەردەمیی خۆی دائەنرێت کە لە ناوچەیەکی بچووکی ناوخۆیی سەری هەڵداوە ( Steinkeller, ١٩٨٩, p.٣٠٥) ، ٧٧ دەقی ئەرشیفەکەی لە لایەن ستیفن ج. گارفینکل هوە خوێندنەوە و شیکردنەوەی بۆکراوە لە ساڵیی ٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە، هەروەها ٣ دەقی لە لایەن توێژەرێکی ترەوە بەناوی پالمیرۆ نۆتیزیا Palmiro Notizia لە ساڵیی ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە (Garfinkle, ٢٠١٢,p.٣٦; Notizia,pp.١٨١-١٩٧.)

شوێنی جوگرافی دۆزینەوەی ئەرشیفی سی - ئا - ئا بە هەمان شێوەی ئەرشیفی تورام - ئیلی نەزانراوە و دیار نییە چوونکە ئەرشیفەکە بە شێوەیەکی نایاسایی لە شوێنی بنەڕەتی خۆی دەرهێنراوە و لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کەل و پەلی شوێنەوارییەوە دەستکاری ئەرشیفەکە کراوە و بەش بەش کراوە بەسەر چەند کۆمەڵەیەکدا پێش ئەوەی بگاتە بەردەستی توێژەران، هەربۆیە ئەم بابەتە بووە جێگای مشتومڕی بەشێك لە توێژەران و هەندێك گریمانەیان خستەڕوو لەم بارەوە ، یەکێك لەو گریمانانە پشتی بەستووە بە رەچەڵەکی سی - ئا - ئا هەروەك دەڵێن یەکێك بووە لە دانیشتوانی باکووری وڵاتی بابل بە تایبەتتر لە (شاری ئاخا A.Ḫa کە دراوسێی شاری ئوورروم)(٢٢)هـ بەم پێیەش بنەڕەتی ئەرشیفەکە ئەگەڕێنەوە بۆ باکووری وڵاتی بابل و شاری ئوورروم، لەگەڵ ئەوەشدا چالاکییەکانی ئەم بازرگانە تەنها لەو ناوچانەدا چڕ نەبووەتەوە بەڵکوو گەیشتووەتە دەرەوەی سنووری ئوورروم و بە شێوەیەکی بەردەوام مامەڵەو

پەیوەنـدی بازرگانیـی هەبـووە لەگـەڵ کارگێـڕی ناوەندیـی دەوڵەتـی سـێیەمی ئـوور بـە تایبەتیـی لەگـەڵ سـێکتەری سـەربازی (Garfinkle, ٢٠٠٣, ١٦٣.p) ، یەکێکـی تـر لـە گریمانـەکان لەسـەر بنەمـای نـاوە کەسـیەکان و نـاوی مانگـەکان و زمانیـی تۆمارکردنـی ژمارەیـەك لـە دەقـەکان بنیاتـنراوە هـەروەك ئەڵێـت: زۆرینـەی نـاوە کەسیەکان نـاوی ئەکەدییـن وە نـاوی مانگـەکان بەهەمـان شـێوە نـاوی مانگیـی ئەکەدییـن وە نزیکـەی ٩ دەق لـە ئەرشـیفەکە بـە زمانیـی ئەکەدیـی نووسراوەتـەوە هەمـوو ئەمانـە توێژەرانـی گەیانـدە ئـەو بیرکردنـەوەی کـەوا پێئەچێـت ئەرشـیفەکە لـە ناوچەیەکـەوە هاتبێـت کـە زۆربـەی دانیشـتوانەکەی بـە زمانیـی ئەکەدیـی قسـەیان کردبێـت، وە گونجاوتریـن ناوچـەش (ئیـری – سـاگریگ )ە بـە تایبەتـی لـە دوای بەراووردکردنـی نـاوی مانگەکانـی ئەرشـیفی تـورام – ئیلـی لەگـەڵ ئەرشـیفی سـی – ئـا- ئـا کەزۆربەیـان هەمـان نـاون و، توێـژەران بنەڕەتـی ئەرشـیفی تـورام – ئیلـی یـان گەڕانـدەوە بـۆ (تـل الولايـة )ئیـری – سـاگریگ ( Frayne, ١٩٩٧, ٧٥.P.) هەرچەنـدە هەمـوو ئـەم بیروڕایانـە تـا ئێسـتا بـە تـەواوی پشتڕاسـت نەکراونەتـەوە بـە بەڵگـەی بەهێـزی شـوێنەوارییی بەڵکـوو تەنهـا گریمانەیـە.

ناوەڕۆکـی ئەرشـیفەکە: هـەروەك گارفینـكڵ باسـی کـردووە ناوەڕۆکـی ئەرشـیفەکەی سـی – ئـا- ئـا سێ بابـەت لەخـۆ ئەگرێـت ئەوانیـش: دۆکیومێنتـی قـەرز و مامەڵـەی فرۆشـتن و پسـوولەکانن، کـە ئەمـەش نموونەیەکـە لـە ئەرشـیفی پێشـەنگەکانی کار لـە کۆتاییەکانـی هـەزارەی سـێیەمی پ.ز، بـەڵام زۆرتریـن ڕێـژەی دەقەکانـی ئەرشـیفەکە بـەر گرێبەسـتی قەرزپێـدان ئەکەوێـت چوونکـە ٥٢ دەق لـە کـۆی ٧٧ دەقـی ئەرشـیفەکەی سـی- ئـا- ئـا پێکئەهێنـن، ئـەم قەرزپێدانـەش لـە بـواری قـەرزی زیـو و جـۆ و لۆکـە و مەڕومـاڵات بـووە، هەندێکیـان لەسـەر شـێوەی قـەرزی بەبێ قازانـج وە هەندێکـی تریـان قـەرزی بـە سـوو بووە(قـەرز لـە بەرامبـەر قازانـج) (Garfinkle, ٢٠١٢, ٤١.p-٤٢)

هەربۆیـە چالاکیـی سـەرەکی ئـەم بازرگانـە قەرزپێـدان بـوو وە ئەمـەش بـووە هـۆکاری کۆکردنـەوەی داهاتێکـی زۆر بـۆی وە بەکارهێنانـی داهاتـە زۆرەکـەی لـە بـواری وەبەرهێنـان لـە چەنـد سـەرچاوەیەکی جیـاوازی ئابوورییـیGarfinkle, ٢٠٠٣, ١٦٨.p))، ئەمـەش لـەو دەقانـەی بـاس لـە مامەڵەکانـی فرۆشـتن ئەکـەن دەرئەکەوێـت ئـەو سـامانە زۆرەی لـە ئەنجامـی قەرزدانـەوە بـە دەسـتی ئەهێنـا لـە کڕینـی مـاڵ و موڵکـی جیـاوازدا وەبەرهێنانـی پێئەکـرد، وە لـە دەقەکانـەوە دەرئەکەوێـت هەندێـك کات قـەرزی بـە براکانـی خۆیـداوە و لـە هەندێکیانـدا هاوبەشـی بنەماڵەکـەی بـووە، ئەمـەش بۆمـان دەرئەخـات هەرچەنـدە ئـەم بنەماڵانـە لەناوخۆیانـدا پەیوەندیەکـی ئابووریـی توندوتۆڵیـان لەگـەڵ یەکـدا هەبـوو بـەڵام کاری تایبەتیشـیان بۆخۆیـان ئەکـرد.(Garfinkle, ٢٠١٢, ٤٢.p).

لـە لایەکـی تـرەوە ئـەو دەقانـەی کـە پسـوولەکانی گەیانـدن پێـك ئەهێنـن ئەیسـەلمێنن ئـەم بازرگانـە لـە زۆر بـواری جیـاوازدا کاری کـردووە بـەڵام لـە هەمـوو پسولەکاندا سـی – ئـا- ئـا دابەشـکەر و پێدەری کاڵاکـە بـوو وە لـە هییـچ دەقێکـدا وەرگـری کاڵاکان نەبـووە، وە لـە پسـوولەکاندا سێ لایەنـی چالاکیـی ئابووریـی ئـەم بازرگانـە دەرئەکەوێـت: هەندێکیـان پەیوەسـتن بـە ڕۆڵـی سـی – ئـا- ئـا کـە لێپـرسراوی شـوانەکان بـوو، وە هەندێکیـان شـێوازی کارکردنـی لەگـەڵ براکانـی لەچوارچێـوەی خێزانەکەیـدا دەرئەخـات وە هەندێکـی تریشـیان چالاکییـە ئابوورییـە فراوانەکانـی سـی – ئـا – ئـا پیشـان ئـەدەات لەگـەڵ هاوبەشـە ئابوورییەکانـی تـری (Garfinkle,

٢٠١٢, p.٦٦) .

هەروەها دەقەکانی مامەڵەی فرۆشتن رادەی دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانی خێزانەکەی سی – ئا -ئا ئەخاتەڕوو وە یەکەمیین و کۆنترین دەقی ئەرشیفەکەی کە تۆمارکراوە مامەڵەیەکی فرۆشتنە کە لە نێوان سی – ئا-ئا و هاوبەشەکەیەتی کە براکەی بووبە ناوی گاریلی Garili ، وە دەقەکان چەند بابەتێك لەخۆ ئەگرن لەوانەش داواکاری بۆ کڕینی کۆیلە لە رەگەزی نێر و رەگەزی مێ وە کڕینی پارچە زەوییەکی نەچێندراو وە داواکردنی گوێدرێژێك بۆ مەبەستی زەویی کێڵان، یەکێك لەو زانیاریانەی لەم دەقانەوە دەست کەوتن کەمی دەستی کرێکاری کشتوکاڵییە لەو سەردەمەدا وە بەتایبەتی لەو ناوچەیەی کەوا سی -ئا- ئا کاری تێدائەکرد بە تایبەتیش کرێکاری رەگەزی مێ کە خواستی زیاتری لەسەربووە وا پێئەچێت داواکاری بۆ کرێکاری کشتوکاڵیی بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بوویێت لەو سەردمەدا (Garfinkle, ٢٠١٢, pp. ٦٧-٦٨) ، وە هەمیشە پێویست بوو پسوولەکانی فرۆشتن مۆربکرێن بە مۆری کەسی گەواهیدەر و ناوی گەواهیدەری لەسەر بێت ، کە پێویست بوو هەردوولا هەم کڕیار و هەم فرۆشیار گەواهیدەریان هەبێت، هەربۆیە لیستی ناوی گەواهیدەرەکان لە دۆکیومێنتەکانی فرۆشتنی ئەرشیفی سی – ئا- ئا زۆرن وە دابەش ئەبن بەسەر دوو کۆمەڵە دا کۆمەڵەیەکیان ئەندامانی خێزانەکەی خۆی بوون لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی تر کە بەردەوام ناویان دووبارە بووەتەوە لە کارەکانی سی – ئا- ئا دا، وەکۆمەڵەی دووەمیان ئەو کەسانە بوون تەنها لەو مامەڵەیەدا(لەیەك مامەڵەدا) ئاماژە بەناویان کراوە لە ئەرشیفەکەیداGarfinkle, ٢٠٠٠, pp.١٠٣-١٠٤)) . جگە لەم بابەتانە هەندێك دەقی تر لە ئەرشیفەکەدا باس لە بابەتی تر ئەکەن بۆ نموونە کارکردنی سی – ئا- ئا لە بواری کۆگاکردنی دانەوێڵە هەروەك دەرئەکەوێت رێژەیەکی زۆر لە دانەوێڵەی جۆ دابەش ئەکات بەسەر تاك فرۆشەکان( ئەوانەی بە تاك کەل و پەل ئەفرۆشن بە خەڵك) کە پێشتر لای خۆی بەکۆگای کردبوو ئەمەش ئاماژەیەکەیە بۆ توانا و دەسترۆیشتوویی ئەم بازرگانە لە رووی ئابوورییەوە (Garfinkle, ٢٠٠٠, pp.١٠٤ -١٠٥).

## ئەرشیفی بازرگان ئیصیدوم Eidum :

ناوی ئیصیدوم EṢidum لە دەقەکاندا چەند خوێندنەوەیەکی جیاوازی بۆ کراوە و پێشتر لە لایەن دکتۆر فاروق ئەل ڕاوی(فاروق الراوي) بە ئیزیتوم e-zi-tum خوێندراوەتەوە، وە دواتر لەو دەقانەی کە لە هەردوو ماڵپەری CDLI و BDTVS بڵاوکرانەوە بە شێوەی ئیدوم e-i-dum خوێندرایەوە، دواتر لەدوای شیکردنەوەیەکی وردتر بۆ رەگی ئەم ناوە و بەراووردکردنی لەگەڵ رەگی فرمانی ئەکەدیی eṢedir کە بە مانای ( دوورینەوە - حصد) دێت دەرکەوت کەوا راسترین خوێندنەوە بۆ ناوی ئەم کەسایەتیە بریتیە لە ئیصیدم Ṣi-dum-E (٢٣) ، ئەمەش دەریئەخات ناوەکەی لە بنەڕەتدا ناوێکی ئەکەدییە (Kamil, ٢٠١٥,pp.٧٩-٨٠). ئیصیدوم نازناوی (دام – گار dam-gar٣ بازرگان)ی هەبووە کە لە چەند دەقێکی ئەرشیفەکەیدا ئاماژەی پێدراوە بەڵام لە دوای شیکردنەوە و لێکدانەوەی ناوەڕۆکی دەقەکانی ئەرشیفەکەی وا دەرئەکەوێت ئەم بازرگانە زیاتر لەوەی خەریکی پیشەی بازرگانیی بوویێت وەکو خاوەن کارێك رۆڵی بینیوە لە بواری قەرزپێدان کە قەرزی بچووك بوون لە زیو و جۆ وە هەندێك جاریش لە کڕین و فرۆشتنی کاڵا و کەرستەی جۆراوجۆر کاری

کـردووە هەربۆیـە چالاکییـە ئابوورییەکانـی بـە گشـتیی بـۆ مەبەسـتی خۆدەوڵەمەندکـردن و کۆکردنـەوەی سـامان بـووە زیاتـر لـەوەی خەریکـی بازرگانییەکـی راستەقینە بێـت (Kamil, ٢٠١٨, ٢٠٩.P) .

مـاوەی کارکردنـی نزیکـەی ٣٣ سـاڵیی خایانـدووە بەپێـی ئـەو بـەروار و سـاڵانەی کەلـە دەقەکانـی ئەرشـیفەکەیدا تۆمارکـراون کۆنتریـن دەق بـەرواری سـاڵیی ٣٧ پادشـا شـولگی لەسـەرە وە نوێتریـن دەق لـە ئەرشـیفەکە بـەرواری سـاڵیی ٣ پادشـا ئەبی-سـین ی لەسـەرە ئەمـەش ماوەیەکـی دوورودرێـژە و ئەکەوێتـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـی ٤ پادشـای دەوڵەتـی سـێیەمی ئـوور ئەوانیـش پادشـا (شـولگی و ئامارسـین و شـو سـین و ئەبـی سـین) ( Kamil, ٢٠١٥, pp.٢٥-٢٦) .

ئەرشـیفی ئیصیـدوم: ئەرشـیفی ئیصیـدوم یەکێکـە لـە ئەرشـیفە تایبەتـەکان( کەسـیەکان) ی کۆتاییەکانـی هـەزارەی سـێیەمی پ.ز بـە هەمـان شـێوەی ئەرشـیفەکانی تـورام – ئیلـی و سـی – ئـا- ئـا کـە هاوسـەردەمن و خاڵـی هاوبەشـی نێـوان هەرسێ ئەرشـیفەکە ئەوەیـە کـە بـاس لـە کاروچالاکـی تاکەکەسـی بازرگانێـك ئەکـەن کـەوا پێشـەنگی کار بـوون لـە سـەردەمیی خۆیانـدا و لەنـاو هاوپیشـەکانی خۆیانـدا وە ئـەو ئەرشـیفەی لـەدوای خۆیـان بەجێیـان هێشـتووە بووەتـە نموونەیـەك بـۆ پیشـاندانی چۆنیەتـی کارکردنـی خـاوەن کارە سـەربەخۆکان لـەو سـەردەمەدا، ئەرشـیفەکە پێـك هاتـووە لـە ١٠٠ دەقـی مێخـی بڵاونەکـراوە کـە بـە زمانیـی سـۆمەریی تۆمارکـراوە لەگـەڵ هەبوونـی چەنـد دەسـتەواژەیەکی ئەکەدیـی تێیانـدا، کـە سـەرجەم دەقـەکان لـە مۆزەخانـەی سـلێمانی لـە کوردسـتان پارێـزراوون، نزیکـەی ٨٣ دەقیـان لـە سـاڵیی ٢٠١٥ لەلایـەن دکتـۆر ئـاری خلیـل کامـلAri Kh. Kamil لـە تێـزی دکتۆرایەکـدا خوێندنـەوە و شـیکردنەوەیان بۆکـراوە و بـڵاو کراوەتـەوە دواتـر لـە سـاڵیی ٢٠١٨ ژمارەیەکـی تـری دەقەکانـی ئەرشـیفەکە هـەر لەلایـەن دکتـۆری ناوبـراو خوێندنـەوە و شـیکردنەوەیان بۆکـرا و لـە توێژینەوەیەکـدا بڵاوکرانـەوە ئەمـەش ئەبێتـە تاکـە سـەرچاوە کـە بـاس لـە کار و چالاکییەکانـی ئـەم بازرگانـە بکـەن وە لـە پێشـتردا هیـچ توێژەرێـك کاری لەسـەر ئـەم ئەرشـیفە نەکـردووە ( Kamil, ٢٠١٥, PP.١٧-١٨; Kamil, ٢٠١٨, pp.٢٠٨).

شـوێنی دۆزینـەوەی ئەرشـیفەکە: یەکێـك لـەو بابەتەنـای کـە بـە نەزانـراوی ماوەتـەوە تاکـوو ئێسـتا شـوێنی دۆزینـەوەی ئەرشـیفەکەیە چوونکـە ئـەم ئەرشـیفە لـە رێـگای کاری هەڵکۆڵینـی نازانسـتییەوە دەرهێـنراوە و چەنـد جارێـك کڕیـن و فرۆشـتنی پێوەکـراوە لـە بـازاڕی رەش دا لـە لایـەن چەنـد کەسـێکی نادیـارەوە تاکـوو لـە کۆتاییـدا لەلایـەن مۆزەخانـەی سـلێمانییەوە لـە سـاڵیی ٢٠١٠ بـە چەنـد جارێـك وە لـە چەنـد کەسـێکی جیـاواز سـەرجەم دەقـەکان کڕاونەتـەوە و رێکخـراون و هەرلەوێـدا پارێـزراون، بـەڵام واپێئەچێـت لـە بەشـی باکـووری شانشـینی سـێیەمی ئـوورەوە هاتـبن بـە تایبـەت لـە ناوچـەی (ئیـری – سـاگریگ و ئـەداب)، ئەگەرهاتـوو لـە رێـگای هەڵکۆڵینـی زانسـتییەوە دۆزرابوونایەتـەوە گومانـی تێدانەبـوو لەنـاو خانـووە تایبەتـەکان دەرئەهێـنران (Kamil ,٢٠١٥, p.٢٢ -٢٨).

ناوەڕۆکـی ئەرشـیفەکە: هـەروەك لەسـەرەوە ئامـاژەی پێـدرا ئەرشـیفێکی تایبەتـە بـاس لـە کار و چالاکییـە ئابوورییەکانـی بازرگانێـك ئـەکات لـە مـاوەی کارکردنیـدا لـە چەنـد بوارێکـی جیـاوازدا رۆڵـی بینیـوە هەربۆیـە ناوەڕۆکـی دەقەکانـی ئەرشـیفەکە جۆراوجـۆرن، بەشـی هـەرە زۆریـان بریتیـن لـە گرێبەسـتی قەرزپێـدان کەلـە لایـەن ئیصیدومـەوە دراوە بەچەنـد کەسـێکی جیـاواز، هەروەهـا پسـوولەکانی وەرگرتـن( وصـولات اسـتلام)

کە تێیدا وەرگرتن و پێدانی کۆمەڵێك کاڵای جیاواز دەگرێتەوە هەندێکیان بە نەخت وە هەندێکیان بە قەرز دراون بە کەسەکە، جگە لە هەندێك دەقی تر کە بەڵگەنامەی کڕاوەکان( المشتريات) و گرتنەئەستۆ و دانپێدانانی قەرز و لیستی ناوەکان و نامەکان لەخۆ ئەگرن (Kamil, ٢٠١٥,p.٢٨.). ئەتوانرێت بەم شێوەیە پۆلین بکرێن:

٧٩ دەقیان بریتین لە گرێبەستی قەرزپێدان لە لایەن ئیصیدومەوە دراوە.

١٢ دەقیان پسولەی کاڵا کڕاوەکانە لە لایەن ئیصیدومەوە کڕاوە وە چەند کاڵایەکی جیاوازن وەکو کۆیلە و زەویی و زار و مەڕومالات.

٢ دەقیان لیستی ناوە کەسییەکانن.

١ دەق بریتیە لە دانپێدانانی قەرز.

١ دەق تایبەتە بە بەڕێوەبردنی زەویی و زاری کشتوکاڵیی.

١ دەق بریتیە لە نامە ( Kamil, ٢٠١٨, p.٢٠٨)

جێگای سەرنجە ٢٦ دەقی ئەرشیفەکە تاکو ئێستا لەناو بەرگە قورینەکانیاندا پێچراونەتەوە و ماونەتەوە کە مۆرکراون، هەروەها ٨١ دەق لەکۆی ١٠٠ دەق مۆرکراون بەڵام چاپی مۆرەکان بە گشتیی نادیارن و روون نین (Kamil, ٢٠١٨, p.٢٠٨).

لە ناوەڕۆکی دەقەکانەوە قۆناغەکانی کارکردنی ئەم بازرگانە دەرئەکەوێت کە لە سەرەتاوە بەکاری بچووك و سەرمایەیەکی کەم دەستی پێکردووە و ئەو کارانەی کە بەڕێوەی ئەبرد کاری زۆر گەورە نەبوون وە بە قەرزی بچووك دەستی پێکردوە کە زۆربەی کات بە شێوەی قەرزی بەبێ قازانج و بۆ ماوەیەکی کورت بوو، دواتر کارەکانی گەشەی سەندووە و گەورەبوو وە لە رێگای قەرزپێدانەوە ساماناکەی زۆرتر بوو تا وای لێهات بە بڕێکی زۆر قەرزی داوە و وەکو بانکەوانێك رۆڵی بینیوە کە ئەم چالاکییەش پێشتر لە ئەرشیفی بازرگانەکانی هاوسەردەمیی خۆیدا دەرنەکەوتووە (Kamil, ٢٠١٨, p٢١٠). بابەتی قەرز پێدان زۆرترین دەقی ئەرشیفەکەی لێپێکدێت، ئیصیدوم لە بواری قەرزی زیو و جۆ کاری ئەکرد ئەو دوو کەرستەیە لە باوترین کاڵاکان بوون لەو سەردەمەدا کە بە قەرز وەرئەگیران، جگە لەوەش لە مامەڵەکاندا لە بری دراو بۆ دانی نرخ و بەهای کەرستە بە قەرز وەرگیراوەکان بەکار هاتووە، جگە لە مانەش هەندێك کەرستەی تر وەکو خشت و ئارد و مس و مەڕومالات بە قەرز دراون لە لایەن ئیصیدومەوە بۆ کەسانی تر(Kamil, ٢٠١٥, p.٨٩).وە ئەو قەرزانەی لە گرێبەستەکاندا هاتووە لە جۆری قەرزی بە قازانج (سوو) تەنها لە چەند دەقێکدا دەرکەوتووە کەبە زمانیی سۆمەرییی پێی ئەووترێت ماشتوکو màš tuku، هەروەها هەبوونی دەستەواژەی šè-ur٥ یان ra-ur٥ بە زمانیی ئەکەدیی ḫubullum))، ئاماژەیە بۆ ئەوەی دەقەکە بابەتی قەزرپێدانە لە جۆری قەرزی بە قازانج ( Forde, ١٩٦٣, p.٤١)، جگە لەوە لە دەقەکانی تردا تەنها لە رێگای ناوی گەواهیدەرەکانەوە و بەرواری دانەوەی قەرزەکەوە ئەتوانرێت دەست نیشان بکرێت کە بابەتی دەقەکە قەرزپێدانە (Kamil, ٢٠١٥ , p.٩٢)، سەبارەت بە رێژەی قازانج لە قەرز وەرگتنەکە زیاتر لە نیوەی دەقەکانی ئەرشیفەکە رێژەکەی دیاری نەکردووە پێئەچێت لەبەر ئەوە بێت بەپێی رێژەی ستانداردی ئەو سەردەمە بووبێت کە٢٠٪ بۆ زیو وە ٣٣,٣٪ بۆ جۆ بوو بە پێی ئەو سیستەمەی کە لە

سەردەمیی ئووری سێیەم دا پەیڕەو دەکرا (Forde, ١٩٦٣, ٣٨.p)، هەروەها جۆری دووەمی قەرزپێدان بریتی بووە لە قەرزی بە بێ قازانج کە ژمارەیان زۆرترە لەو دەقانەی لە جۆری قەرزی بە قازانج بوون، جگە لە بابەتی قەرز پسولەکانی کڕین یان داواکاری کڕین ( المشتريات) لە ئەرشیفەکەدا هەیە بەڵام ژمارەیان زۆر کەمترە بەراوورد بە بابەتی قەرزپێدان، وە جۆری کاڵا کراوەکان بریتی بووە لە( کۆیلە و زەویی و مانگا و گای کێوی و گا)، سەرەڕای ئەو بابەتانە چەند دەقێکی تر هەن بابەتی جیاوازیان لەسەر تۆمار کراوە وەکو دان پێدانانی قەرز( اقرارات القرض) وە گرتنە ئەستۆ ( دەست نیشان کردنی خاوەندارێتی) و لیستی ناوەکان و نامەKamil, ٢٠١٥, pp.٢٨-٢٩)).

کار و چالاکییە ئابوورییەکانی ئەم بازرگانە جگە لە کەرتی تایبەت هەندێك جار بۆ بەرژەوەندی کەرتی گشتیی ( دامەزراوەیی) بووە لەسەر ئاستی ناوخۆییدا هەروەك ژمارەیەکی زۆر لە ناوی سەرباز و بەرپرسە حکوومیەکان لە دەقەکانیدا تۆمارکراون بە تایبەتیش لە ماوەی فەرمانڕەوایی پادشا شو- سین کە بەشی هەرەزۆری دەقەکانی لەو سەردەمەدا تۆمارکراون کە ئەو سەردەمەش لە رووی سیاسییەوە تاڕادەیەك شێواو و شپرزە بوو، ئەمەش ئەبێتە جێگای پرسیار ئایا هەبوونی ئەم ژمارە زۆرە لە کەسانی بەرپرس و سەربازی حکوومی هیچ پەیوەندییەکیان هەبووە لەگەڵ کار و چالاکییە بازرگانییەکانی ئیصیدوم، یان رۆڵی ئەم بازرگانە هیچ کاریگەریەکی هەبووە لەسەرئەو ئاستەنگانەی کە رووبەڕووی دەسەڵات بویەوە بۆ پارێزگاری لێکردنی دەوڵەتەکەی؟ ( Kamil, ٢٠١٥, ٨٨.p)

سەبارەت بە ناوی مانگەکان و ئەو رۆژمێرەی بەکارهاتووە لە تۆمارکردنی بەرواری گرێبەست و رێکەوتننامەکان و پسولەکانی ئەرشیفی ئیصیدوم تاڕادەیەك نزیکە لە ناوی مانگەکانی رۆژمێری هەردوو ئەرشیفەکەی تورام – ئیلی و سی – ئا- ئا وە ناوی هەندێك لە مانگەکان هەمان ناون، وە دوو جۆر سیستمی بەکارهێناوە، یەکیان تایبەت بووە بە شاری ئاداب و ئەوەی تریان تایبەت بووە بە دەوڵەتی سێیەمی ئوور بە پێی ئەو رۆژمێرەی کە ریچ Reich رێکی خستووە، ژمارەی مانگەکانی ئەرشیفی ئیصیدوم بریتییە لە ١٢ مانگ کە یەك ساڵیی تەواو پێك ئەهێنێت، لە سەرەتادا وادەرئەکەوێت تەنها رۆژمێری تایبەت بە ناوچەکەی خۆی بەکارهێنابێت کە بە پێی رای توێژەران شاری (ئاداب) شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەم بازرگانە بووە، چونکە ناوی مانگەکان زۆربەیان ئەو مانگانەن کە لە رۆژمێری ئەو شارەدا هەبوو، بەڵام لەدوای زیاتر ورد بوونەوە لە ناوی مانگەکان تێبینی ئەوەکرا ئەم بازرگانە لە سەرەتادا ئەو رۆژمێرەی بەکارئەهێنا کە لە شارەکەی خۆیدا پەیڕەو ئەکرا بەڵام دوای ئەوەی کار و چالاکییەکانیی فراوان بوو وە گەیشتە دەرەوەی سنووری ناوچەکەی خۆی، ئەو رۆژمێرەی بەکارئەهێنا کە تایبەت بوو بەو شارەی گرێبەستەکە یان مامەڵەکەی تێدا جێ بەجێ کرابوو(Kamil, ٢٠١٨, pp.٢٠٩-٢١٠).

سەبارەت بە چاپی مۆرەکان بەشی هەرە زۆری دەقەکان مۆر کراون بەڵام لە هیچ دەقێکدا مۆری کەسیی یان تایبەتیی ئیصیدومی لەسەر چاپ نەکراوە، ئەمەش لەبەر ئەوە نیە کە ئەم بازرگانە مۆری کەسی نەبووبێت بەڵکوو وا پێئەچێت ئەو گرێبەستانەی کە مۆری تایبەتی خۆی پێوە بووە لە ئەرشیفەکەیدا هەڵی نەگرتبێت ( Kamil, ٢٠١٨, ٨١.p).

ئەنجام:

دەرکەوتنی بازرگانیی ناوخۆیی ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە بەردینەکان بە تایبەتییش لە سەردەمی بەردینی نوێ کە بەشێوەیەکی سادە دەستی پێکردووە کە بنەماکەی ئاڵوگۆڕی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان و کاڵا و کەرستە پێویستەکانی کشتوکاڵی بوو لە نێوان تاکەکەکانی هەمان گوند و هەمان ناوچە دواتر وردە وردە گەشەی سەند تا گەیشتە سەردەمە مێژوویی‌یەکان بە تایبەتییش لە سەردەمی سێیەمی ئوور دا زیاتر گەشەی سەند و فراوانتر بوو .

بازرگان لە بنەڕەتدا پیشەیەکی سۆمەرییە و لە سەردەمیی سۆمەریی کۆندا لە روونووسە مێخییەکاندا بە دەستەواژەی دامگار ئاماژەی پێدراوە دواتر ئەم وشەیە چووەتە ناو زمانیی ئەکەدیی و بە دەستەواژەی تامکاروم ئاماژەیان بە بازرگانەکان ئەدا.

لە سەردەمیی سۆمەریی کۆندا پیشەی سەرەکی بازرگان بریتی بوو لە کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕی کاڵاکان و وەکو بازرگانێکی گەڕۆك دەرکەوتووە لە روونووسەکانی ئەو سەردەمە بەڵام لە سەردەمی سێەمی ئوور دا بازرگان چەند کارێکی جیاوازی ئەکرد جگە لە کڕین و فرۆشتن لەوانەش بریکاری دەوڵەت بوو وە نوێنەری حکومەت بوو لە مامەڵە بازرگانییەکاندا هەروەها فەرمانبەری کۆشك بوو لە کەرتی بازرگانیی کاریکردووە لە هەمووی گرنگتر وەکو قەرزدەر دەرکەوتووە لە روونووسە مێخییەکاندا لە بواری قەرزی زیو و جۆ کاری ئەکرد.

پیشەی بازرگان تەنها پەیوەست نەبوو بە پیاوان بەڵکوو ئافرەتانیش وەکوو بازرگان دەرکەوتوون لە بواری کڕین و فرۆشتنی زەویی و زار و کۆیلە و مەڕوماڵات و قەرز وەرگرتن و قەرزپێدان کاریان کردووە بە تایبەتیش لە ئەرشیفەکانی گەرشانە و ئیری ساگریگ چەندین روونووسی مێخی دەرکەوتن کە باس لە رۆڵ و پێگەی ئافرەتان ئەکات لە ئابووریی سەردەمیی سێیەمی ئوور.

مێژووی سەرهەڵدانی ئەرشیف بۆ یەکەمجار ئەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی دوو رووبار بە تایبەت لە سەردەمیی سێیەمی ئوور وە لە وێوە گوازراوەتەوە بۆ شارستانیەتەکانی تری جیهان.

ئەرشیفە مێخییەکان بە یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکان دائەنرێت بۆ لێکۆڵینەوە و دەست کەوتنی زانیاری دەربارەی ئابووریی وڵاتی سۆمەر لە سەردەمیی سێیەمی ئوور چونکە لە ٪۹۰ ئەو روونووسە مێخیانەی تاکو ئێستا دۆزراونەتەوە بەر کەرتی ئابووریی ئەکەوێت.

دوو جۆری سەرەکی ئەرشیفە مێخییەکان هەن ئەوانیش ئەرشیفە فەرمیەکان و ئەرشیفە تایبەتەکانن، کە پشکی سەرەکی روونووسە مێخییە ئابوورییەکان بەر ئەرشیفە فەرمیەکان ئەکەوێت کە باس لە کارگێڕی ئابووریی دەوڵەت ئەکات بەڵام بەم دواییانە چەند ئەرشیفێکی تر دەرکەوتن کە لە لایەن توێژەرانەوە ناونرا ئەرشیفە تایبەتەکان چوونکە باس لە کار و چالاکیی بازرگانە سەربەخۆکان ئەکات ئەوانەی بۆ هەژماری تاکەکەسی خۆیان کاریان ئەکرد.

لە رێگای ئەرشیفە تایبەتەکانەوە ناوی چەند بازرگانێکی تایبەتیی سەردەمیی سێیەمی ئوور کەوتە بەردەست کە وەکوو پێشەنگی کاری بازرگانیی ناوخۆیی بوونە و لە ناو هاوپیشەکانی خۆیاندا رۆڵی سەرپەرشتیار و چاودێریان ئەگێڕا.

بازرگانە تایبەتەکان هەرچەندە سەربەخۆیانە کاریان ئەکرد بەڵام پەیوەندیەکی توند و تۆڵیان لەگەڵ

دەسـەڵاتی ناوەندیـی دەوڵەتـی سـێیەمی ئـوور دا هەبـووە.

سـەرچاوەی سـەرەکی داهـات و کۆکردنـەوەی ئـەو بازرگانـە تایبەتانـە لـە رێـگای قەرزپێدانـەوە بـووە جگـە لـە کڕیـن و فرۆشـتنی کۆیلـە و زەویـی و زار و مەڕومـاڵات.

پەراوێزەکان:

. بـاو: dBa_baخواوەنـد بابـا یاخـود خواوەنـد بـاو ba_u یەکێکـە لـە خواوەنـدە دیارەکانـی شـاری لەگـەش کچـی خواوەنـدی ئـان و ژنـی خواوەنـد ننگرسـۆ بـوو زۆربـەی کات وەکـوو خواوەنـدە دایـك دەرکەوتـووە وە هەندێـك جاریـش وەکـوو خواوەنـدی شـیفا دەرکەوتـووە، هەرچەنـدە خواوەنـدی شـاری لەگـەش بـوو بـەڵام ناوبانگـی سـنوورەکانی شـاری لەگەشـی تێپەڕانـد بـە تایبەتـی لـە سـەردەمی بابلیـی کۆنـدا پێگەیەکـی تایبـەت و دیـاری هەبـووە و گرنگییـان پێـداوە،(د.أدزارد و اخـرون، قامـوس الالهـة و الاسـاطير، ترجمـة: محمـد وحيـد خياطـة، بيروت، ٢٠٠٠، ص١٠٨)

٢. شروپـاك: نـاوە نوێکـەی تـەل فـارە ( تـل فـارة) یـە دەکەوێتـە دووری ٦٤ کـم لـە باشـووری رۆژهەڵاتـی شـاری دیوانیـە لـە باشـووری عێـراق، بـە نیشـتیمانی پاڵەوانی چیرۆکـی تۆفانـی بابلیـی ( اوتـو- نبشـتم) بەناوبانگـە وە ئـەم شـارە یەکێـك بـووە لـە ناوەنـدە گرنگـەکان لـە سـەردەمی بەرەبەیانـی بنەماڵەکانـی سۆمەریی (٢٩٠٠-٢٣٥٠ پ.ز) ، (طـه باقـر، مقدمـة، ج١، ط١، بغـداد، ٢٠٠٩، ص ٢٦٩-٢٧٠).

٣. لوگالانـدا و ئینیمکینا(ئووروکاجینـا )دوو فەرمانـڕەوای سـەردەمی بەرەبەیانـی بنەماڵە سـۆمەریەکان بوون لە شـاری لەگـەش، لوگالانـدا فەرمانـڕەوای پێشـووتری لەگـەش بـوو بـۆ ماوەیەکـی کـورت لـە سـەر کورسـی دەسـەڵات بـوو بـە هـەر هۆکارێـك بێـت ئووروکاجینا بـووە جێگـرەوەی و هاتـە سـەر کورسـی دەسـەڵات، ئووروکاجینا لـە مێـژوودا بـە چاکسـازییە کارگێڕیەکانـی نـاسراوە بـۆ نەهێشـتنی گەندەڵـی و زوڵـم و زۆر و چەسـپاندنی دادپـەروەری لـە کۆمەڵـگادا بـۆ زانیـاری زیاتـر ئەڕوانرێتـە: Piotr Steinkeller, Urukagina,s rise to power, The IOS Annual, Vol. ٢٣, Leiden, Boston, ٢٠٢٣, pp.٣-٣٦.

٤. شـاری نیپـور: ناوچەیەکـی شـوێنەواری فراوانـە ئەکەوێتـە دووری ٧٣کـم لـە باشـووری رۆژهەڵاتـی بابـل وە نزیـك شـارۆچکەی عفـك لـە باشـووری عێـراق، ئـەم شـارە لـە سـەردەمە کۆنەکانـدا پێگەیەکـی ئایینـی پیـرۆزی هەبـوو وە شـوێنی پەرسـتنی گـەورە خواوەنـدی سـۆمەریەکان ( ئینلیـل) و خێزانەکـەی خواوەنـد ( نینلیـل) بـوو لـە سـەردەمی سـەرهەڵدانی بنەماڵـە سـۆمەرییەکان(٢٩٠٠-٢٣٥٠ پ.ز)دا بـۆ زانیـاری زیاتـر ئەڕوانرێتـە: (طـه باقـر، مقدمـة، ج١، ص٢٧٠-٢٧١).

٥. شـاری ئـوور: ئەکەوێتـە دووری ٣٦٥کـم لـە باشـووری رۆژهەڵاتـی شـاری بەغـداد وە نزیکـەی ١٧ کـم لـە باشـووری رۆژئـاوای شـاری ناصريـە دوورە ئـەم شـارە لـە رووی شـوێنەوارییەوە چەنـد سـەردەمێکی بـە خۆیـەوە دیـوە کـە گرینگترینیـان سـەردەمیی بنەماڵـەی سێەمی ئـوور بـوو کـە بـە سـەردەمێکی زێڕیـن دائەنرێـت لـە مێـژووی ئـەم شـارەدا و چەندیـن پاشـماوەی گرنگیـی شـوێنەوارییی تێـدا دۆزراوەتـەوە گرینگترینیـان تـاوەری پلـەدار (زەقـورە) بەناوبانگەکـەی ئـوور بـوو کـە لـە سـەردەمیی پادشـا ئوور-نەمـۆ بنیـات نـرا و لـە سـەردەمیی پادشـا شـولگی

کوڕیدا تەواو کرا، بۆ زانیاری زیاتر ئەڕوانرێتە: شاه محمد الصيواني، أوربين الماضي و الحاضر، بغداد، ١٩٧٦ ، ص ١٢-١٩.؛ شيماء وليد عبدالرحمن و امين عبدالنافع امين، « مدينة أور في ضوء التنقيبات الاثرية» ، مجلة الملوية، مج. ٧، ع. ١٩، ٢٠٢٠، ص ١٠٨).

٦ . سەردەمی بەردینی نوێ بە یەکێك لە گرنگتریین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دائەنرێت کە بەشێك لە توێژەران بە سەردەمی شۆڕشی کشتوکاڵیی ناویان بردووە لەوانەش (کوردن تشایلد) چونکە دۆزینەوەی کشتوکاڵ رۆڵی هەبوو لە دانانی بەردی یەکەمی بناغەی بە شارستانی بوون و پێشکەوتن و بنیات نانی کۆمەڵگایەکی سەردەمیانە(حسين يوسف حازم النجم، «مفهوم الثورة الزراعية عند باحثي عصور ماقبل التاريخ- نظرية كوردن تشايلد نموذجا دراسة تاريخية»، مجلة الملوية للدراسات الاثارية و التاريخية، مج٨،ع. ٢٠٢١،٢٣، ص ١٦٨).

٧. ئوم ئەل دەباغیە(أم الدباغية): گردێکی شوێنەوارییە ئەکەوێتە بانی جزیرە بە دووری ٢٦ کم لە رۆژئاوای شاری حەزەر(حضر لە ئەنجامی کاری هەڵکۆڵینی شوێنەوارییەوە پاشماوەی گوندێکی کشتوکاڵی تێدادەرکەوت کە پشتیان بەستبوو بە چاندنی دانەوێڵە و بەخێوکردنی مەڕومالات هەورەوەها دەرکەوتنی بینای شێوە بازنەیی و هێلکەیی کە بۆمەبەستی کۆگاکردن بەکاریان ئەهێنا سەرەڕای دۆزینەوەی پاشماوەی گڵێنەیی کە هاوشێوەی گڵینەی سەردەمی حەسونە و مەتارەیە(تقي الدباغ،حضارة العراق،ج١،بغداد،١٩٨٥،ص١٢٩).

٨. تەل ئەل سوان (تل الصوان): ئەم گردە ئەکەوێتە کەناری رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە بە دووری ١٠کم لە باشووری مەلویەی سامەرا لەئەنجامی کاری هەڵکۆڵینی شوێنەواری کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواریی عێراقیی لە ساڵیی ١٩٦٢ بەڕێوەچوو نشینگەیەکی سەردەمەکانی پێش مێژووی تێدا دەرکەوت کە مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی شەشەمی پ.ز، گرنگتریین شوێنەوارە دۆزراوەکانی صوان بریتیین لە قاپ و قاچاخی دروستکراو لە بەردی مەڕمەڕی سپی بەچەندیین شێوەی جیاواز لەگەڵ بوکەڵەی بەردینی لەسەر شێوەی ئافرەت کە هەندێك لەتوێژەران ناوی ئەبەن بە خواوەندی دایك(فرج بصمةجي،كنوز المتحف العراقي، بغداد، ١٩٧٢، ص١٦-١٧)

٩. حەلەف: گردێکی شوێنەوارییە ئەکەوێتە ناوچەیەك لەسەر سنووری نێوان سوریا-تورکیا لە رۆژئاوای شاری رأس العين نزیك رووباری خابوور، لە کۆندا ناسرابوو بە گوزانا وە بۆ یەکەم جار لەساڵیی ١٩١١ز لە لایەن ماکس فون اوبنهایم هەڵکۆڵینی شوێنەواری تێداکرا وە لە ئەنجامدا دوو سەردەمی جیاوازی شوێنەواریی تێدا دەست نیشانکرا کە سەردەمی بەردینی برۆنزی (٦٠٠٠-٥٠٠٠پ.ز) وە سەردەمی باڵادەستی ئارامیەکان (٢٠٠٠-١٠٠٠پ.ز)،بۆ زانیاری زیاتر ئەڕوانرێتە (نادية خوليديس و لوتس مارتين، تل حلف و المنقب الاثري فون اوبنهايم،ترجمة:فاروق اسماعيل،دمشق،ط١، ٢٠٠٦، ص١٢-١٣).

١٠ . سامەڕا: ناوچەیەکی شوێنەوارییە ئەکەوێتە سەر رووباری دیجلە بە دووری ١٢٠کم لە باکووری شاری بەغداد، لە ئەنجامی کاری هەڵکۆڵینی شوێنەوارییەوە لە ژێر پاشماوەکانی سەردەمیی عەباسی جۆرە گڵینەیەك دەرکەوت کە تایبەت بوو بەم ناوچەیە هەربۆیە ناونرا گڵێنەی سامەڕا، سەردەمەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ٥٠٠٠ پ.ز.( بصمةجي، المصدر السابق، ص١٧).

١١. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بەردی ئۆبسیدی و چۆنیەتی گەیشتنی بەم ناوچانە ئەڕوانرێتە ئەم توێژینەوەیە(دیکسون جي – کان و رین کولن، «الحجارة الاوبسيدية و اصول التجارة»، ت/ رضا جواد الهاشمي، سومر،ع.٢٨، ج١و ٢، ١٩٧٢،بغداد، ص ٢٥٣-٢٦١)

١٢. . چەرمۆ: یەکێك لە گوندە کشتوکاڵیەکانی سەردەمی بەردینی نوێیە لە باکووری کوردستان ئەکەوێتە رۆژهەڵاتی چەمچەماڵ بە دووری ١١کم وە دووری ٣٥کم لە رۆژهەڵاتی کەرکووك، لە لایەن شوێنەوارناس (بریدوود) هەڵکۆڵینی شوێنەواریی تێداکرا لە ساڵیی ١٩٤٨ – ١٩٥٥ز، لە ئەنجامدا ١٦ چیینی شوێنەواری تێدا دەست نیشانکرا سەرجەمیان ئەگەڕێنەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ (باقر، مقدمة، ج١، ص١٩٣)، لە ساڵانی رابردوودا چەرمۆ بە کۆنترین گوندی کشتوکاڵی هەژمار ئەکرا بەڵام لە دوای دەرکەوتنی کاری هەڵکۆڵینی شوێنەوارییی نوێتر و بڵاوبوونەوەی توێژینەوە نوێکان دەرکەوت گوندی بێستانسوور کۆنترە لە چەرمۆ بۆ زانیاری وردتر لەسەر ئەم بابەتە ئەڕوانرێتە: (هاوار نجم الدين هواس، العصر الحجري الحديث المبكر في اواسط زاغروس دراسة اثرية مقارنة لمواقع بيستان سور و شمشارة و جاني و شيخ اي اباد في ضوء التنقيبات الحديثة، رسالة ماجستير غير منشورة، القاهرة، ٢٠١٥).

١٣. حسونە: گردێکی شوێنەوارییە ئەکەوێتە باشووری شاری موصل لە رۆژئاوای رووباری دیجلە بە دووری ٣٥کم لە ساڵیی ١٩٤٢ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواریی عێراقییەوە دۆزرایەوە و لە ساڵیی ١٩٤٣-١٩٤٤ ز کاری هەڵکۆڵینی شوێنەواریی تێدا ئەنجامدرا بە سەرپەرشتی شوێنەوارنای سیتون لوید و چەندین چیینی شوێنەواریی تێدا دەست نیشانکرا کە مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمیی بەردینی نوێ، بۆ زانیاری زیاتر ئەڕوانرێتە: ( فؤاد سفر، «حفريات تل حسونة»، سومر،مج ٢، ج٢، ١٩٤٥، ص.ص ٣٥-٤٠).

١٤. پوزرش – داگان : ناوە نوێیەکەی دریهم گردێکی شوێنەوارییە لە باشووری وڵاتی دوو رووبار بە دووری چەند کیلۆمەترێك لە نیپور، پوزرش داگان بنکەیەکی بەخێوکردن و دووبارە دابەش کردنەوەی مەڕوماڵات بووە لە سەردەمیی بنەماڵەی سێیەمی ئوور دا کە لە لایەن پادشا شولگی بنیات نراوە بۆ زانیاری زیاتر ئەڕوانرێتە: Marcel Sigrist, Drehem, CDL press, Bethesda, Maryland, ١٩٩٢, XII pp.+ ٤٣١.; Christina Tsouparopoulou, A reconstruction of the Puzriš- Dagan central livestock agency, CDLI, ٢٠١٣ ,٢, PP.١-١٥.

١٥. لەگەش: شارێکی سۆمەریی گرنگە هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵە سۆمەرییەکانەوە دەرکەوتووە ناوە نوێیەکەی تلول ئەل هیبە(تلول الهبة) یە ئەکەوێتە ناوچەیەکی شوێنەواریی فراوان لە نێوان هەردوو رووباری دیجلە و فورات بە دووری ١٦کم لە باکووری رۆژهەڵاتی شارۆچکەی ئەل شەترە ( الشطرة)، شاری لەگەش یەکێك بوو لەو سێ شارەی کە لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی لەگەشی یەکەم و دووەم دا بوو، وە گودیا یەکێك لە بەناوبانگترین فەرمانڕەواکانی ئەم شارەبوو.(فوزي رشيد، الشرائع العراقية القديمة، بغداد، ١٩٧٣، ص١٥٦؛ طه باقر، مقدمة، ج١، ص٢٧١).

١٦. سیپار(تل ابو الحبة) : شارێکی شوێنەواریی گرنگە ئەکەوێتە شارۆچکەی ئەل یوسفیە(اليوسفية) لە باشووری رۆژئاوای بەغداد بە دووری ٤٥کم وە باشووری رۆژئاوای تەل ئەل دیر (تل الدير ) بە دووری ٥کم، ئەم شارە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کاری هەڵکۆڵینی شوێنەواریی تێدا ئەنجامدرا بەچەند وەرزێك

کۆنترینیان لە ساڵی ١٨٨٣ ز دەستی پێ کرد و نوێترینیان لە ساڵی ٢٠٠٢ ز بوو، لە ڕێگای دەقێکی مێخی بە زمانیی سۆمەریی تۆمارکرابوو لە شاری دلبات دۆزرایەوە توانرا شوێنی جوگرافی ئەم شارە دەست نیشان بکرێت هەروەك ئاماژەی بەوە کردووە کە شارەکە ئەکەوێتە نێوان دوو کەناڵی ئاوی بە ناوی تاپیشتوم و سیپیرتوم، جگە لەوەش لە لایەن گەریدە و جوگرافیی ناس و مێژوو نووسەکانەوە جێگای گرنگیی پێدان بووە و لە نووسینەکانیاندا باسیان لێوەکردووە، لە دەقە مێخییەکاندا کە لەم شارە دۆزراوەتەوە بە چەند شێوەیەك ناوی شارەکە تۆمارکراوە لەوانەش zimbirki بە مانای مس هاتووە، وە لە زمانیی ئەکەدییدا بە شێوەی sippar نووسراوە بەهەمان شێوە مانای مس ئەگەیەنێت بۆ درێژەی ئەم بابەتە ئەڕوانرێتە: ( باسمة جليل عبد و اخرون، «مدينة سبار»، حوليات اداب عين الشمس، مج٥٠، ع. يناير-مارس، ٢٠٢٢، ص.ص. ١٨٠-١٩١)

١٧. ئۆما : ناوە نوێیەکەی (چۆخە) شارێکی سۆمەریی کۆنە و یەکێکە لە ناوچە شوێنەوارییە گەورە و فراوانەکان کە نزیکەی ٣٦٥ کم لە باشووری بەغداد دوورە وە ٥٠ کم لە باکووری رۆژئاوای شاری گرسۆ( تەللو) دوورە، لە سەرچاوە مێخییەکاندا بە زۆر شێوە ناوی هاتووە لەوانە Uh٢ ki giš. هەروەها بە شێوەی giš.kušuki ، ئەم شارە یەکێك بوو لە دەوڵەتۆکە شارە سۆمەرییەکان کە لە هەزارەی سێیەم دا بنیات نرابوو، بۆ زانیاری زیاتر ئەڕوانرێتە: ( اباذر راهي سعدون الزيدي، «اورليسي حاكم مدينة اوما»، سومر، مج.٦٣، ٢٠١٧، ص١٧٣-١٧٤).

١٨ . تەل ئەل ویلایە(تل الولاية): گردێکی شوێنەواریی گرنگە ئەکەوێتە دووری ٣٥کم لە باشووری شارۆچکەی ئەل حوسەینییە( الحسينية ) وە دووری ٢٠کم لە باشووری رۆژهەڵاتی کوت، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٨ لە لایەن دەستەی شوێنەواریی عێراقییەوە کاری هەڵکۆڵینی تێدا کرا و چەند سەردەمێکی شوێنەواریی تێدا دەست نیشان کراوە بۆ زانیاری زیاتر ئەڕوانرێتە: Abather Rahi Saadoon, “New Cuneiform Textsfrom Tell Al- Wilaya (ancient Kesh Kept In The Iraqi Museum)”, Sumer, Vol ٥٩, ٢٠١٤, pp.٤٢ -٦١.

١٩. Irisagrig ki ئیریساگریگ ( الشراكي) شارێکی سۆمەریی گرنگە مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز وە بە تایبەت لە سەردەمیی بنەماڵەی ئووری سێیەم دا پێگەیەکی گرنگیی هەبووە، ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئەرشیفی شوێنەواریی تێدا دۆزراوەتەوە کە بەشی هەرە زۆریان پەیوەستن بە لایەنی کارگێڕی ئابووریی و ئەرشیفی بازرگانەکانی ئەو سەردەمەن، تا ئێستا شوێنی جوگرافیەکەی بەتەواوی دەست نیشان نەکراوە و توێژەرانی شوێنەوارناسی لێکدانەوەی جیاوازیان هەیە لەم بارەویەوە ، لە نوێترین گریمانەکاندا ناوچەی تەل ئەل ولایە بە شوێنی جوگرافیی ئیریساگریگ ئەخەملێندرێت ئەویش بە پشت بەستن بە رۆژمێری ئەرشیفەکانی ئیریساگریگ کە هاوشێوەی ئەو رۆژمێرانەیە پێشتر لە تەل ئەل ولایە دۆزراونەتەوە بۆ زانیاری زیاتر ئەڕوانرێتە: هێمن نووری فتاح، هەڵبژاردەیەك بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی بنەماڵەی سێیەمی ئوور لە مۆزەخانەی سلێمانی، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٨٧-ل٨٩).

٢٠. بەرگی قورینن: بریتییە لە توێژاڵێکی تەنکی قوریینن کە چواردەوری روونووسە قورینەکانی پێداپۆشراوە

و لەسەر شێوەی بەرگێکدا روونووسەکەی تێدا هەڵگیراوە بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی رووونووسەکە لە شێواندن و لەناوچوون یان دەستکاری کردن بپارێزێت، ئەم بەرگە قورییانە کورتەیەك لە ناوەڕۆکی رووونووسەکەی لەسەر دەنووسرا و مۆرئەکرا، بۆ زانیاری زیاتر ئەڕوانرێتە: John H. Taylor, tablets as artefacts, scribes as artisans, chapter ١, in: Oxford online Handbook of cuneiform Culture, ٢٠١٢, pp.٤-٣١.

٢١ . شاری ئوورروم : شارێکی سۆمەریی کۆنە لە دەقەکانی سروودی ئایینی پەرستگا سۆمەرییەکان لە سەردەمیی سێیەمی ئوور بەشێوەی ÚRXÚ.KI ئەنووسرا وەبە ئوورروم KI.urum٢ ئەخوێندرێتەوە، هەڵکەوتەی جوگرافیی ئوورروم ئەکەوێتە خاڵی بەیەك گەیشتنی هەردوو کەناڵی ئاوی زوبوم Zubi و ئیرنینا Irninaوە ئەم خاڵە جوگرافییەش وا پێئەچێت بکەوێتە نێوان هەردوو شاری کوثا Kutha و سیپار sippar ، شاری ئاخا A.Ḫa : دوو شاری جیاواز هەبوون لە سەردەمیی سێیەمی ئوور دا کە ناویان ئاخا بوو، یەکەمیان ئەو شارە بوو کە خواوەندی سەرەکی ئینانا بوو وە ئەکەوێتە نزیك ئوورروم توێژەران وا دائەنێن کە ئەم شارە لەیەکچووی شاری لاگابا Lagaba)ی بابلیی کۆن بێت، دووەمیان واپێئەچێت بەسترابێتەوە بە یەکێك لە ناوچەکانی بابلیی بەناوی کومارو/ ا Kumaru/i یان توبا Tuba، بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم دوو شارە ئەڕوانرێتە: Piotr Steinkeller,” On the Reading and Location of the Toponyms ÚR×Ú.KI and A.ḪA.KI” , JCS, ١٩٨٠, Vol. ٣٢, No. ١, pp. ٢٣-٣٣.

٢٢. نزیکەی ١٠ دەقی تر هەن کە ناوی کەسایەتییەکیان تێدا تۆمارکراوە بەناوی ئیصیدوم، وە ئەگەڕێنەوە بۆ سەردەمیی سێیەمی ئوور بەڵام هیچ پەیوەندیان بەو (ئیصیدم) هوە نییە کە ئەرشیفەکەی لەلایەن (دکتۆر ئاری خ. کامل) هوە توێژینەوەی لەسەرکراوە، جگە لە ٢ دەقی تر نەبێت کە لە شاری ئاداب دۆزرانەوە و کە نزیکەی ٤٠ ساڵ پێش ئێستا بلاوکراونەتەوە بە دڵنیاییەوە سەر بە ئەرشیفی ئیصیدومە هەروەها ٢ دەقی تر کە ئاماژە بە ناوی ئیصیدوم ئەکەن لەلایەن( د. نوالة المتولي) لە تێزی دکتۆرایەکی بڵاونەکراوەدا ئاماژەیان پێدراوە کە هیچ پەیوەندیان بە ئەرشیفی ئیصیدومەوە نیە( Kamil,٢٠١٥,p.١٨).

لیستی سەرچاوەکان:

## سەرچاوە کوردیەکان:


هەژار، (١٣٦٩)، هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی – فارسی، چاپی ١، تەهران.

فتاح، هێمن نووری (٢٠٢٢)، هەڵبژاردەیەك بەڵگەنامەی بلاونەکراوەی بنەماڵەی سێیەمی ئوور لە مۆزەخانەی سلێمانیی، نامەی ماستەری بلاونەکراوە، سلێمانی.

سەرچاوە عەرەبیەکان:

اسماعيل، خالد سالم ، (١٩٩٠)نصوص مسمارية غير منشورة من العصر البابلي القديم منطقة ديالى – تلول الخطاب، بغداد.

الالوسي ، سالم عبود و محمد محجوب مالك،(١٠٧٩) الارشيف تاريخه اصنافه ادارته، ط١، بغداد.

اوسي ،(٢٠١٨) اسماعيل شيخي شيخي ، «التجارة بين دول الشرق القديم خلال العصور البرونزية»، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية و الانسانية/ جامعة بابل، عدد٣٨، ، ص٤٠٠-٤٢٣.

باقر، طه و اخرون، (١٩٨٧)تاريخ العراق القديم، ج٢، بغداد.

باقر، طه،(٢٠٠٩) مقدمة، ج١، ط١، بغداد.

بصمةجي، فرج (١٩٧٢)كنوز المتحف العراقي، بغداد.

الجبوري ، علي ياسين ،(٢٠١٦) قاموس اللغة السومرية – الاكدية – العربية ، ط١، أبوظبي.

الجبوري،( ٢٠٠٩)، علي ياسين، قاموس اللغة الاكدية – العربية، أبوظبي.

الجنابي، جاسم عبدالامير جاسم ، (٢٠١٤)نصوص مسمارية غير منشورة من أرشيف التاجر تورام- ايلي (٢٠٤٦-٢٠٠٤ ق.م)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد.

حمادي ، صباح جاسم ، (٢٠١٦)»التجارة في بلاد الرافدين السمات العامة«، مجلة دراسات في التاريخ و الاثار، جامعة بغداد،عدد ٥٤، ص١٨٥-٢٠٩.

خوليديس ، نادية و لوتس مارتين،(٢٠٠٦) تل حلف و المنقب الاثري فون اوبنهايم، ترجمة:فاروق اسماعيل، ط١، دمشق.

د.أدزارد و اخرون،(٢٠٠٠) قاموس الالهة و الاساطير، ترجمة: محمد وحيد خياطة، بيروت.

الدباغ ، تقي،(١٩٨٥) حضارة العراق،ج١،بغداد.

ديكسون، جي. كان و رين كولن ،(١٩٧٢) «الحجارة الاوبسيدية و اصول التجارة»، ترجمة رضا الهاشمي، مجلة سومر، عدد٢٨، ج١ و ٢، ص ٢٥٣-٢٦١.

رشيد، فوزي(١٩٧٣) الشرائع العراقية القديمة، بغداد.

الزيدي، اباذر راهي سعدون ،(٢٠٢٢) «ارشيف المدينة السومرية أريساكريك( الشراكي) دراسة في ضوء النصوص المسمارية»، مجلة ايسن، العدد ٣،ص٩٣-١٠٨.

الزيدي، اباذر راهي سعدون (٢٠١٧)»اورليسي حاكم مدينة اوما«، سومر، مج.٦٣، ص١٧٣-١٧٤.

الزيدي، اباذر راهي سعدون،(٢٠١٣) «لمحة في التنظيمات الاقتصادية لدولة اور الثالثة في ضوء النصوص المسمارية»، مجلة الباحث، عدد٩، ص٢٤٩-٢٧٤.

ساكز، هاري ، (١٩٧٩)عظمة بابل، ترجمة عامر سليمان، موصل.

السعداوي، عزيز سلمان مطشر ،(٢٠١٣) الاقتصاد السومري دراسة تاريخية، اطروحة دكتورا غيرمنشورة، جامعة واسط.

سفر، فؤاد (١٩٤٥)»حفريات تل حسونة«، سومر،مج ٢، ج٢، ص ٣٥-٤٠).

سليمان ، عامر ، (١٩٩١)موسوعة موصل الحضارية، مجلد١، ، ط١، الموصل.

سليمان، عامر ،(١٩٩٣) العراق في التاريخ موجز التاريخ الحضاري، ج٢، بغداد.

سليمان، عامر ،(١٩٩٣) العراق في التاريخ موجز التاريخ الحضاري، ج٢، بغداد.

سليمان، عامر ،(٢٠٠٠) الكتابة المسمارية، موصل.

السيد، محمد ابراهيم، (١٩٨٧) مقدمة في تاريخ الارشيف و وحداته، القاهرة.

الصالحي ، صلاح رشيد ،(٢٠١١) «مدن محور الفرات»، مجلة جامعة الانبار للعلوم الانسانية ، عدد خاص بندوة تراث و تاريخ الانبار، ص ١٤-٤٥.

الصيواني، شاه محمد، الصيواني، ( ١٩٧٦ ) أور بين الماضي و الحاضر، بغداد.

عبد، باسمة جليل و اخرون، (٢٠٢٢)»مدينة سبار«، حوليات اداب عين الشمس، مج٥٠، ع. يناير-مارس، ص١٨٠-١٩١.

عبدالرحمن ، شيماء وليد و امين عبدالنافع امين،(٢٠٢٠)» مدينة اور في ضوء التنقيبات الاثرية«، مجلة الملوية، مجلد٧،عدد١٩،ص١٠٥-١٢١.

عبدالواحد، حسين حيدر ،(٢٠١٩) «تنظيم المعاملات التجارية ابان العصر البابلي القديم في ضوء قانون حمورابي»، مجلة الملوية ،مجلد ٦، عدد١٧، ، الموصل، ص١١٧-١٣٤.

عبيدة ، بن طبولة و شطيبي امال، (٢٠١٦) تطور الاقتصاد في العالم القديم (بلادالرافدين،مصر القديمة،بلاد اليونان)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة ٨ ماي ١٩٤٥، قالمة .

المتولي، نوالة احمد محمود ،(٢٠٠٧) مدخل في دراسة الحياة الاقتصادية لدولة اور الثالثة في ضوء الوثائق المسمارية المنشورة و غير المنشورة، ط١، بغداد .

معضد ، علي هاشم،(٢٠١٩) «دور الوكالات و الشركات التجارية في اقتصاد العراق القديم»، دراسة في ضوء النصوص المسمارية، مجلة كلية التربية الاساسية ، مجلد٢٥، عدد١٠٤، ص ٨٩٤ - ٩١٠.

موسى، رويدا فيصل ،(٢٠١٧) «اقتصاد سومرفي قانون الملك اورنمو دراسة تاريخية»، حوليات كلية الاداب جامعة عين شمس، مجلد٤٥، ص٢٨-٤٧.

النجم ، حسين يوسف حازم ، (٢٠٠٦)»اقتصاد القرى الزراعية خلال العصرين الحجريين الحديث و المعدني في العراق«، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة الموصل.

النجم، حسين يوسف حازم،(٢٠٢١)» مفهوم الثورة الزراعية عند باحثي عصور ماقبل التاريخ- نظرية كوردن تشايلد نموذجا دراسة تاريخية«، مجلة الملوية للدراسات الاثارية و التاريخية، مجلد٨،عدد ٢٣، ص ١٦٧-١٨٢.

الهاشمي، رضا جواد، (١٩٨٥)التجارة، حضارة العراق، ج٢، بغداد.

هواس، هاوار نجم الدين(٢٠١٥) العصر الحجري الحديث المبكر في اواسط زاغروس دراسة اثرية مقارنة لمواقع بيستان سور و شمشارة و جاني و شيخ اي اباد في ضوء التنقيبات الحديثة، رسالة ماجستير غير منشورة، القاهرة.

سەرچاوە بیانیەکان:

An Introduction to the Foreign Trade of Mesopotamia In the Light" ,(٢٠١٧),.Al-Mutawalli, Nawala A ,١٢٠ .of Cuneiform Documentation of the Third and Second Millennium BC", Al-Adab Journal – No .١٠٤-٩١.pp

New Cuneiform Textsfrom Tell Al- Wilaya (ancient Kesh Kept In" (٢٠١٤),Saadoon , Abather Rahi .٦١ -٤٢.pp ,٥٩.The Iraqi Museum)", Sumer, Vol

Yad Dictionary English . Arabic. Kurdish, translated to Kurdish (٢٠٠٣),EL- Ezabi, Hornby, Paranwell .by :Pirshing H.Amin Ahmad, Third edition, Sulaymania

Private Enterprisein Babyloniaat the End of the Third Millennium (٢٠٠٠),.Garfinkle, Steven J .BC,Colummia

Entrepreneurs and Enterprise in Early Mesopotamia,Bethesda, (٢٠١٢) ,.Garfinkle, Steven j
.٢٢ .Maryland,CDL,Vol
Shepherds, Merchants, and Credit : Some Observations on lending ” (٢٠٠٤),.Garfinkle, Steven j
.٣٠-١ .pp ,٢٠٠٤ ,I ,٤٧ .Practices in Ur III Mesopotamia.” JESHO, Vol
Turam – ili and the community of Merchants in the Ur III Period”, JCS ”(٢٠٠٢) ,.Garfinkle, Steven j
.٤٨-٢٩ .pp ,٥٤ .,Vol
٢١st Century (BC) Entrepreneur.”, SI.A-a and His Family : the Archive of a” (٢٠٠٣),.Garfinkle, Steven j
.١٩٨-١٦١ .pp ,no٢ ,٩٣ .ZA, vol

ancient archives and concepts of record keeping”: An Introduction, in Ancient” (٢٠٠٣),Brosius, Maria
.١.published, p ١ ,archives and archival traditions, Oxford

/Epsd: Pennsylvania Sumerian Dictionary, http://psd.museum.upenn.edu
Aspects of Sumerian civilization in the Third Dynasty of Ur” :VII. The dam-qar” (١٩٣٨), .Fish, T
.٢٢ ,(trader?) in ancienMesopotamia, Bulletin of the John Rylands Library
The Sumerian DAM- KÀR-E-NE of the Third UR Dynasty, unpublished (١٩٦٤),Forde, Nels Walter
.Doctor of Philosophy Thesis, University of Minnesota
.Elementary Sumerian Glossary, Guerneville, California (٢٠١٦),.Foxvog,D
.٢.NO ,١٩٩٧ on the home of the Si A a Archive”, NABU ” (١٩٩٧),Frayne, Douglas

Trade in Mesopotamia from the Erly Dynastic Period to the (٢٠١٤),Hay, Francis Anthony Mirko
Early Achaemenid Period with emphasis on the finance of such trade, Master thesis,Uneversity of
.South Africa
Family Archives in Mesopotamia during the Old Babylonian Period”, in:” (٢٠١٣),Jacquet, Antoine
Michele Faraguna (edited by), Archives and archival documents in ancient societies: Legal documents
Trieste, EUT Edizioni Università di ,٢٠١١ October ١ - September ٣٠ in ancient societies IV, Trieste
.٨٥-٦٣ .Trieste, pp
L’Archive D’E□IDUM , UN ENTREPRENEUR DU TEMPS DES ROIS DUR (XXI S. (٢٠١٥),Kamil
.AV. J.-C.), Thèse pour le Doctorat d’ histoire, Paris
une nouvelle archive prive´e d’un marchand de l’e´poque d’UrIII” , CRRAI ” (٢٠١٨),Kamil, M.Ari
.٢٠٩.Paris, P ,٤٠ OBO SA ,٦١
Women economic activities at home and outside home during the Ur III (٢٠١٣),Lafont, Bertrand
.period,USA
.The Old Babylonyan Merchant His Business And His Social Position,Lieden(١٩٥٠),Leemans.W.F

.٥٤.The seals of Turam-ili Archive", JCS,Vol" (٢٠٠٢),.Mayr, Rudolf H

Histroy of Near Eastern Debt?." In : Debt and Economic Renewal in" (٢٠٠٢),Mieroop, Marc van de .the Ancient Near East

.published, London ١ ,cuneiform texts and the writing of history (١٩٩٩),Mieroop, Marc Van De

.٨٠-١.PP ,١ .No ,٣٨.Turam- ili An Ur III Merchant", JCS,Vol" (١٩٨٦),Mieroop,MarcVanDe

Archives and Bookkeeping in Southern Mesopotamia during the Ur III" (٢٠١٦ ),Molina, Manuel ٢.openEdition Journals,p, ,٨ period", comptabilites

Hans, "UR- DUMUZIDA and UR- DUN", Trade and Finance in Ancient (١٩٩٩),Neuminn .٥٣ -٤٣.Mesopotamia, Leiden, pp

Money-Lendersand Merchants from Central Babylonia:Un published Ur III (٢٠٢١),Notizia, Palmiro Documents in the Yale Babylonia Collection,Ancient Near Easern Studiesin Honor of Francesco .Zaphon ,١٩ Pomponi,dubsar

catalogue of the cuneiform tablets of the Wilberforce Eames Babylonian (١٩٤٨),Oppenheim, A.Leo Collection in the New York public library, tablets of the time of the Third Daynasty of Ur, American .New Heven ,٣٢.Oriental Series, Vol

A Tale of Two Cities, New Ur III Archives and Thier Implication for Early" (٢٠١٠),.Owen, David I Old Babylonian History and Culture", dans Vielfat und Normierung/Diversity and Standardization, Perspektiven altorientalischer Kultturgeschichte, Edité, par Eva C. Cancik-Kirschbaum, JŌrg W. .١٠٨ – ١٠٦.Klinger et Gerfrid G. W. MŪller, pp

.Archives in the ancient World, Chicago (٢٠٠٣),Posner, Ernst

.published, London ١,Daily life in ancient Mesopotamia (١٩٩٨),Rhea, Karen and Nemet Nejat

٤٣١ +pp. XII ,١٩٩٢ ,Drehem" , CDL press, Bethesda, Maryland" (١٩٩٢),Sigrist, Marcel

Money-Lending Peactices in Ue III Babylonia": The Issue of Economic " (٢٠٠٢),.Steinkeller, P Motivation, In : Debt and Economic Renewal in the Ancient Near East, eds. M. Hudson and M. Van .١٣٧-١٠٩.Bethesda : CDL Press), pp) ٣ de Mieroop, ISCANEE

Sale Documents of the Ur III Period". Freiburger Altorientalische Studien- " (١٩٨٩) .Steinkeller, P .Stuttgart : Franz Steiner Verlag .١٧ Band

On the Reading and Location of the Toponyms ÚR×Ú.KI and A.□A.KI" , " (١٩٨٠),.Steinkeller, P .٣٣-٢٣ .pp ,١ .No ,٣٢ .JCS, Vol

The Administrative and Economic Organization of the Ur III State" : The core" (١٩٩١),.Steinkeller, P and the Periphery." In MCG. Gibso and R. D. Biggs eds., The Organization of Power: Aspects of Chicago : The Oriental Institute of,٤٦ Bureaucracy in the Ancient Near East.Second Edition., SAOC .٣٣-١٥ .pp,١٩٩١,the University of Chicago

,٢٠٢٣ ,Leiden, Boston ,٢٣ .Urukagina,s rise to power, The IOS Annual, Vol (٢٠٢٣),.Steinkeller, P

.٣٦-٣.pp
from the history of state system in Mesopotamia- the Kingdom of the Third (٢٠٠٩),Stepien Mark
.Dynasty of Ur, Akme
Texts Relating to the archive of Turam- ili in Sulaimaniah" (٢٠١٠), Taher, Sarood T. Mohammed
.٢٧-٢٥.pp ,٦٢ .Museum", JCS, Vol
Les activités économiques des femmes en Mésopotamie au IIIe (٢٠١٧)Taher, Sarood Talib Mohammed
.Panthéon- Sorbonne -١ millénair avant notre ère, Thèse pour le Doctorat d'histoire, Université Paris
Cuneiform Archives". An Introduction in Cuneiform Archives and " (١٩٨٣),.Veenhof, KLAAS R
.٣٦-١.pp ,١٩٨٣ july ٨-٤ ,Leiden ,٣٠ ,Libraries, Edited by Veenhof, Klass, R. , RIA
Bulletin d'archéologie)An Ur III Business document from Kharayeb", BAAL٤ " (٢٠٠٠),Volk, Konrad
.١٧٩.p ,٢٠٠٠ ,(et d'architecture libanaises
political economy in Early Mesopotamian States", Annual Review of " (١٩٩٥),Yoffe, Norman
.٣١١-٢٨١.pp ,٢٤.Anthropology, Vol
in: Oxford online Handbook ,١ tablets as artefacts, scribes as artisans", chapter"(٢٠١٢),.Taylor, John H
.٣١-٤.of cuneiform Culture, pp
.(T, Chicago (CAD ,١٨.The ssyrian Dictionary of Chicago, Vol (٢٠٠٦) ,Biggs, Robert D., and others

ملخص :

ازدهـرت في بـلاد سـومر خـلال حكـم سـلالة اور الثالثـة (٢١١٢-٢٠٠٤ ق.م) التنظيـمات الاقتصاديـة و التـي تعـد مـن الجوانـب المهمـة لهـذه الفـترة بدلالـة وجـود الالاف مـن الوثائـق الكتابيـة التـي سـجلت كافـة مناحـي الحيـاة اليوميـة، حيـث اولـت ملـوك و حـكام السـلالة الاهتـمام المتزايـد بالاعـمال التجاريـة عـلى نوعيهـا التجـارة الداخليـة منهـا و الخارجيـة، و مـن احـدى مميـزات سـلالة اور الثالثـة ظهـور تجـار مسـتقلين عملـوا لانفسـهم و كانـوا يحملـون لقـب التاجـر و كانـت مهنتهـم وراثيـة يتوارثنهـا مـن ابائهـم. تتظمـن هـذا البحـث دراسـة للانظمـة التجاريـة لثـلاث مـن ابـرز التجـار في ذلـك الوقـت، و قـد تركـوا لنـا معاملاتهـم اليوميـة و التـي اصبحـت عـلى شـكل ارشـيفات توثـق جميـع معاملاتهـم التجاريـة، و تعتمـد هـذه الدراسـة عـلى النصـوص المسـمارية المنشـورة و التـي تمـت دراسـتها و تحليلهـا مـن قبـل العديـد مـن الباحثـين المختصـين في مجـال الدراسـات المسـمارية.

الكلمات المفتاحية: التاجر، التجارة، الارشيف، القرض، النصوص المسمارية

Abstract

The Sumer was politically known in the late third millennium BC during the Third Dynasty of Ur BC), considered one of the most prominent ruling dynasties of Sumerian civilization ٢٠٠٤-٢١١٣) the family paid great attention to business and constantly they worked to further expand businesses of both types (foreign and domestic). Another major feature of the economy of this period was the emergence of independent entrepreneurs who worked for themselves and had the title of merchants they had inherited from their parents and they left behind archival records and documents that have

become available to researchers. This study describes the business activities of three of the most prominent merchants of the time, who were the leaders of the group they recorded their business activities in their own cuneiform archives, the basis of the study according to the archives that have been read and analyzed by several researchers in the field of ancient languages in the past few years, there is no doubt that the cuneiform records of that time are considered the best source for understanding and expertise being in different areas of civilization, especially the economic aspects of the texts that so far, they have been found to be related to the economy ٪٩٠ of the country because .in general and trade in particular

.Key words: merchant, trade, archive, loan, tablet